# هەڵەبجە دوایین کارەساتی ژینۆساید نەبوو

ئەمڕۆش کە کاتژمێر ١١ دەچینە سەر شەقامەکان و ماوەی پێنج خولەك بۆ شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە رادەوەستین، هاوکات لەگەڵ دانەواندنی سەری رێزو نوازش بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، کارەساتی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی و بەکۆیلەکردن و فرۆشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی وەك ژینۆسایدی کەرامەتی نەتەوەییمان برووسکە ئاسا ناخی هەر یەکەمان دەهەژێنێت، ئەمڕۆ کە لەبەردەم رۆحی بێگەردی شەهیدانی هەڵەبجە رادەوەستین، تارمایی ئەو تاوانبارانەمان لەبەرچاوە کە هەڵەبجەیان بە چەکی کیمیایی بۆمبا بارانکرد و لەنێو ئەو تارماییەدا هەمان سیمای ئەو داعشانەی ئێستا دەبینینەوە کە جارێکی دیکە لە هەڵەبجە خراپتریان بەسەر بەشێکی دیکەی نەتەوەکەمان هێنا، بەعسیەکانی دوێنی و داعشەکانی ئەمڕۆ کە هەردووکیان ئاڵای (اللە اکبر ولا الە الا اللە محمد رسول اللە)یان بەرز کردۆتەوە، هەردوولایان بەیەك ئامانج ئایەتی (ئەنفال)مان بەسەردا جێبەجێ دەکەن و سەرو ماڵ و ژن و کچ و کەرامەتمان وەك دەسکەوتی شەڕ بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن، ئەوکات لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەعسیەکان لەژێر ئاڵای (اللە اکبر) پێیان وتین، ئەوەی چەك لە دژمان هەڵدەگرێت و ئەوەی شان بەشانی ئێمە چەك هەڵدەگرێت و دژی نەتەوەکەی خۆی دەجەنگێت، لای ئێمە هەموویان وەك یەکن و ئەوەی بەزمانی کوردی قسەبکات شایستەی ئەوەیە بەگازی خەردەل و سارین بخنکێنرێن، ئەمجارەش بەعسیەکانی دوێنی و داعشەکانی ئەمڕۆ پێیان وتین ئەوەی بەزمانی کوردی قسە بکات، موسڵمانی شیعە بێت یان سوننە، ئێزیدی بێت یان کاکەیی یان شەبەك، هەموویان کوردن و هەموویان بۆ ئێمە وەك غەیرەدین سەیر دەکرێن و سورەتی (ئەنفال)یان بەسەردا جێبەجێ دەبێت و دەبێت هەموویان وەك کاڵاو دەسکەوتی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

لەماوەی ٢٧ساڵی دوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان هەریەکە لەلای خۆیەوەو بەپێی قەوارەی خۆی هەوڵیداوە، پشت و پەنای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی هەڵەبجە پەیدابکرێت، هەوڵدراوە هەڵەبجە وەك کارەساتی ژینۆسایدی ئەرمەنەکان و کارەساتی هێرۆشیما و ناکازاکی و مەرزەبۆتۆ، ببێتە سیمبولێك بۆ ژینۆسایدی نەتەوەیەك و جارێکی دیکە جیهان رێگە نەدات کارەساتی لەو شێوەیە رووبداتەوە، ئەمە لەو روانگەیەوە بووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا هێزە کە بتوانێت رێگر بێت لە دووبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید دژ بە نەتەوەکەمان، ئەمە تا ئابی ٢٠١٤ قەناعەتی هەموولایەك بووە، بەڵام دەرکەوت تەنیا رێگەیەك کە بتوانێت رێگە لە ژینۆسایدی نەتەوەیەك بگرێت یەکریزی و یەکگرتوویی نەتەوەیە نەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە لە کاتێکدا ئەو هەوڵانەی هەر لایەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

**کارەسـاتی هەڵەبجە نەبووە هۆکاری ئەوەی ئەو پرسیارە لەناخی هەموو تاکێکی ئەم کوردسـتانە بوروژێنێت و لە خۆمان بپرسین، ئایا ئێمە لەچاوی دوژمنەکانماندا کێین؟ بۆ هێندە رقیان لێمانە؟ ئایا کە پلان بۆ(ئەنفال) کردنمان دادەرێژن، بیر لەوە دەکەنەوە ئەمە زەردە یان سـوورە یان سـەوز و مۆر و شـین و رەش و سـپی، یان هەموومان بەیەک رەنگ سـەیر دەکەن و هەموو هەوڵیان بۆ سڕینەوەی ئەو رەنگەیە کە ناسنامەی کوردبوون و کوردستانی بوونی ئێمە وێنا دەکات.**

بۆ ناسـاندنی کارەسـاتی هەڵەبجە داویەتی جێگەی بایەخ و شـانازییە بۆ نەتەوەکەمان، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی هەڵوەستەیە ئەوەیە ئەم هەوڵە دەرەکیانە هێندەی بۆ خۆ رەپێشکردنی حزبایەتی بوون، هێندە وەك خەمێکی نەتەوەیی لە سـەر ئاستی سیاسـەتی ناوخۆی حزبە سیاسیەکانی کوردستان رەنگدانەوەی نەبووەو هەوڵنەدراوە لە سـتراتیژیەتی کوردبوون و کوردستانیبوونی هەموو حزبە سیاسـیەکاندا هەڵەبجە بە ژینۆساید بناسێنرێت و ببێتە هێڵێکی سوور و سەقفێکی نیشتمانی بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی سیاسەتی حزبایەتی نەك هەر لە کوردستانی باشوور بەڵکو لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا.

کارەساتی هەڵەبجە نەبووە هۆکاری ئەوەی ئەو پرسیارە لەناخی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە بوروژێنێت و لە خۆمان بپرسین، ئایا ئێمە لەچاوی دوژمنەکانماندا کێین؟ بۆ هێندە رقیان لێمانە؟ ئایا کە پلان بۆ (ئەنفال) کردنمان دادەرێژن، بیر لەوە دەکەنەوە ئەمە زەردە یان سـوورە یان سەوز و مۆر و شین و رەش و سپی، یان هەموومان بەیەك رەنگ سـەیر دەکەن و هەموو هەوڵیان بۆ سـڕینەوەی ئەو رەنگەیە کە ناسـنامەی کوردبوون و کوردسـتانی بوونـی ئێمە وێنا دەکات. ئایا لەچاوی دوژمنەکانماندا کە بە ئاڵای رەشـی (الله اکبـر ولا اله الا الله محمد رسـول الله) دێنە سەرمان دەپرسن تۆ چ ئاینێکت هەیە دەپرسـن تۆ لایەنگری کام حزبیت، بەڵام لەبەرامبەردا کاتێك لەبەرامبەر شەهیدانی هەڵەبجە رادەوەستین، ئایا خۆمـان ئەوەمان لەبیر دەچێتەوە سـەر بەکام رەنگین؟ یان دەمانەوێت بێ ویژدانانە کفنی شەهیدانی هەڵەبجە بکەینە ئەو رەنگەی کە ئێمە خواستمانە.

ئەمسـاڵ، یادکردنـەوەی سـاڵوەگەڕی کیمیابارانی هەڵەبجە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی کاتێك یادی ئەو شـەهیدانەو شـەهیدانی ئەنفال و تێکڕای شـەهیدانی کوردسـتان دەکەینەوە، تارماییەکی رەشی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید و هەتکردنی کەرامەتی کچان و ژنانـی کوردی ئێزیدی بەسەرسـەرمانەوەیە و لەناو ئازار و ژانی شەهیدانی بەشێکی دیکەی نەتەوەکەمان یـادی کیمیابارانکردنـی هەڵەبجە دەکەینـەوە، بۆیە گرنگە لەم یادە گرنگە لە خۆمان بپرسـین ئێمە کێین و چی هەموومان پێکـەوە کۆدەکاتەوە؟ چۆن دەتوانین هەموومـان پێکەوە رێگە نەدەیـن دوای کۆمەڵکوژی و ژینۆسـایدی ئێزیدییەکان جارێکی دیکە هەڵەبجە و شنگال دووبارە ببنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ویژدانی هەموو کوردێك و کوردسـتانیەکدا بوونی هەیەو تەنها رێگە بۆ رێگرتن لـە دووبارە نەبوونەوەی کۆمەڵکوژی و ژینۆسـاید، کۆبوونەوەی هەموو کوردسـتانییەکە لە ژێر ئاڵای کوردسـتان، با لە ژێر ئەم ئاڵایەو لە سـەر ئاستی ناوخۆی کوردستان رەنگاو رەنگ و جیاواز بین، بەڵام با هەڵەبجە و شـنگال فێرمان بکەن، لەژێر ئاڵای کوردستاندا هەموومان بەیەك چاو سەیری دوژمنەکانمان بکەین و بەیەك ئیرادە بە گژیاندا بچینەوە.



له دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا

**کینس پۆڵاک**
گەورە تۆژەری ئامۆژگای برۆکینگز و تایبەتمەند لەسەر کاروباری سیاسی و سەربازیی عێراق:

# مسعود بارزانی گرنگترین کەسایەتییە لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک پاریس وایە بۆ فەڕەنسا

پرۆفیسۆر کینس پۆڵاک پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کارویاری سیاسی و سەربازیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش پسپۆرە لەسەر عێراق و ئێران و سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو ، پۆڵاک هەتا ساڵی ٢٠١٢ سەرۆکی سەنتەری سابان بووە بۆ دیراسەتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز ، هەروەها لەماوەی ساڵانی ١٩٨٨ – ١٩٩٥ شرۆڤەوانی سیاسەتی سەربازیی عێراق و ئێران بووە لە ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا، لە ساڵانی ١٩٩٥ –١٩٩٦ بەڕێوەبەری ستافی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا بووە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمریکا ، پرۆفیسۆر پۆڵاک ئێستا گەورە تۆژەری سەربازی و سیاسییە لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز، لەمیانی سەردانی هەفتەی ڕابردووی بۆ کوردستان، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** عێراق به بارودۆخێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت و ڕواڵەتەکانی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرەی لەدەست داوە، هۆکارەکانی ئەوەی عێراقیان گەیاندە ئەم ڕۆژە چی بوون؟**

- پرسیارێکی گەورە و ئاڵۆزە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەکانی ئەمریکا کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەو وڵاتەمان داگیر کرد و دەسەڵاتی سەددام حوسێنمان ڕووخاند، کە بە دڵنیاییەوە ئەمە نیعمەتێکی گەورە بوو بۆ سەرجەم عێراقییەکان، هەروەها بۆ مرۆڤایەتیش، بەڵام هیچ شتێکمان بنیاد نەنا و بۆشاییەکی ئەمنیمان خوڵقاند، دواتر بۆمان دەرکەوت لەو بۆشاییە ئەمنییەدا شیعە و سوننە ترسێکی گەورە و بێزرانێکی قووڵیان لە بەرامبەر یەکدا بۆ دروست بوو، کە دواتر شەڕیان لە دژی یەکتر بەرپاکرد. ئەو بارودۆخە هەموو ئەو گرژییانەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ئەو بۆشاییە بوو کە دروست بوو. بە دڵنیاییەوە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا هێزەکانی بۆ عێراق زیاد کرد و بۆشاییە ئەمنییەکەی پڕکردەوە و سوپای جێگیرکرد و خەڵکەکەی پاراست و توانی شیعە و سوننە پێکەوە کۆبکاتەوە.

*** بەڵام دواتر ئەمریکا ئیدارەیەکی خراپی بارودۆخەکەی کرد؟**

-دەقا و دەق وایە بە دڵنیاییەوە لە ساڵی ٢٠١١دا جارێکی دیکە کشاینەوە و پێشوەختە پشتمان کردە عێراق پێش ئەوەی بتوانین متمانە لە نێوان عەرەبە سوننە و شیعەکان دروست بکەین.

***سەرەڕای ئەوەی ئێران ئەندامی ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییە نییە کە لە شەڕدایە دژی داعش، بەڵام بەشدارە لە شەڕەکە و شان بە شانی میلیشیا شیعەکان شەڕ دەکات، کاریگەریی خراپی ئێران لە عێراقدا چۆن لێکدەدەیتەوە و ئایا ئەمە نابێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆیی تایەفەگەری؟**

-ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە. سەرەتا با لەو بەشەوە دەست پێبکەم کە پەیوەستە بە ئێرانەوە. پێموایە یەکەم و دیارترین کێشە لە پەیوەندی بەو کاریگەرییە قووڵەی ئێران-بەم دواییە بەدەستی هێناوە- لە ناو عێراقدا، ئەوەیە کە زۆربەی عێراقییەکان خوازیاری ئەوە نین ئێران هێندە کاریگەر بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیە. خاڵی دووەم ئەوەیە ئێران دەیەوێت باڵادەست بێت بەسەر عێراقدا، کە مەرج نییە ئەو باڵادەستییەش لە بەرژەوەندی عێراقدا بێت، ئێران بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو کارە دەکات، ئەمەش هۆکارێکە کە زۆربەی عێراقییەکان نایانەوێت ئێران هێندە دەستڕۆیشتوو بێت بەسەر عێراقەوە. خاڵی سێیەم ئەوەیە- من کەسێکی ئەمریکیم- و ئەگەرچی وای نابینم کە ئێران سەرچاوەی هەموو کێشەکان بێت لە جیهاندا، بەڵام ئاشکرایە ئێران ناساز و ناتەبایە لەگەڵ ئەمریکا و بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەرهەڵستی هەوڵەکانی ئەمریکا دەکات بۆ لێکنزیکبوونەوە لە ئێران، هەروەها بە شێوەیەکی مەبەستدار هەوڵی زیانگەیاندنی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا -لە ناوچەکە و لە دەرەوەی ناوچەکەش- داوە. کەواتە کاتێك دەبینین ئێران -وەك وڵاتێك کە جارێ دوژمنایەتی خۆی داوە دژی ئەمریکا، هێندە کاریگەر و دەستڕۆیشتووە لە عێراقدا، ئەوا ئەمە مایەی نیگەرانییەکی زۆرە بۆ من وەك کەسێك کە بایەخ بە عێراق و بە ئەمریکا و پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق دەدەم.

*** پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە دەبێت، یان دەکرێت چی بکرێت لەم بارەیەوە؟**

- بەداخەوە، ئەوە پرسیارێکی زۆر قورسە، چونکە واقیعەکە ئەوەیە- جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ وەڵامی پێشووم- ئەمریکا بۆشاییەکی دروستکرد و ئێرانیش یەکێك بوو لەو هێزانەی هاتە نێو ئەو بۆشاییەوە، جارێکی دیکە ئێمە لە ساڵی ٢٠١١دا ئەو بۆشاییەمان دروستکرد و جارێکی دیکە ئێران هاتەوە نێو ئەو بۆشاییە. ئەوەی دەیبینم لە ساڵانی داهاتوودا ئەوەیە باشترین ڕێگە بۆ دوورخستنەوەی ئێران لە عێراق و بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا، ئەوەیە عێراقێکی بەهێز و کوردستانێکی بەهێز هەبێت و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان عەرەبە شیعە و سوننەکاندا دروست بێت، ئەگەر عێراق بەهێز و یەکگرتوو بێت، ئەوا دەتوانێت ئێران دووربخاتەوە. پێموایە باشترین نموونە لەم ڕووەوە ئەوە بوو کە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩دا ڕوویدا، کاتێك سەرۆك وەزیران مالیکی، بۆ ماوەیەکی کورت، وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینە دەرکەوت و بە ڕاستی بەرژەوەندی عێراقی خستە پێش بەرژەوەندیەکانی دیکەوە و دەستی دایەی پرۆسەی «صولە الفرسان» لە بەسرە و میلیشیا ئێرانییەکانی لە عەممارە و قورنە و شاری سەدر دەرپەڕاند، ئەمە بێئەندازە گرنگ بوو، ئەو ئەم کارەی کرد- ڕاستە ئەمریکییەکان هاوکارییەکی زۆریان کرد-، بەڵام ئەو کارەی بە پشتیوانی خەڵکی عێراق کرد، کاتێك بەتالیۆنە سوننەکانی سوپای عێراق بەرەو بەسرە بەڕێکەوتن، خەڵکی بەسرە پێشوازییان لێکردن بۆ

**لە کوردستان کاک مسعود بارزانی هەیە کە کەسایەتییەکی بێ ئەندازە گرنگە و دەتوانێت بڕیار بدات و حکومەت بخاتەگەڕ، ئەمە لە بەغدا نابینین لە دەرئەنجامیشدا بەغدا گرفتارە**

**ترسی من ئەوەیە سیناریۆ خراپەکە پتر ئەگەرێکی ڕاستەقینە بێت وەک لە سیناریۆ باشەکە، سیناریۆ خراپەکەش ئەوەیە هەردوو پێکهاتەکە دەست بدەنە کوشت و بڕی یەکتری و کوردیش پەلکێش بکەن بۆ ئەو-شەڕە-، ئەوە مایەی کارەسات دەبێت، کارەسات بۆ هەمو لایەک لە نێویاندا ئەمریکا**

**دۆستێکی زۆرم هەن- لە عێراقییەکان- کە پێیان خۆشە بڵێین ئێمە سووشیەن- نیوە شیعە و نیوە سوننە-، ئەوەم پێخۆش بوو، موەفەق ڕوبەیعی یەکەم کەس بوو ئەوەی بەکارهێنا**

هاوکاریکردنیان لە دوورخستنەوەی -دەستڕۆیشتوویی- ئێران. کەواتە کاتێك سیاسەت لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەتوانن باشتر مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکەن و دەتوانن کاریگەری ئێران سنووردار بکەن. لەبەر ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخێك کە عێراقییەکان و کورد هەست بە ئاسوودەیی بکەن و هەست بە بەهێزبوون و بە یەکێتی بکەن، ئەوان دەتوانن مامەڵە لەگەڵ —ئەو بارودۆخە بکەن-، من پێم خۆشە ئەمریکا ئەو ڕۆڵە ببینێت و لە بەهێزکردنی عێراق و کوردستاندا هاوکار بێت.

***کەواتە پێتوایە ئێران ڕۆڵێکی ناسەقامگیرکار دەبینێت و چارەسەرەکەش بنیادنانەوەی متمانەیە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا؟**

-ڕەنگە من نەڵێم ئێران ڕۆڵێکی ناسەقامگیرکار دەبینێت، بەڵکو ئێران هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراق دەدات لە بەرژەوەندی خۆی. ئەمە مشتومڕێکە ئیدارەی ئۆباماش دەیڵێتەوە-من بە ناوی ئیدارەی ئۆباماوە قسە ناکەم و بۆچوونی من جیاوازە لە بۆچوونی ئەوان-، بەڵام ئەم ئیدارەیە دەڵێت ئێران هاوکارە لە تێکشکاندنی داعش و داعش دووردەخاتەوە، ئەمە مایەی سەقامگیرییە. کاتێك لێی دەڕوانم، دەڵێم ئەمە لە ئاستێکدا مایەی سەقامیگرییە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە.

***مەبەستت ئەوەیە لە مەودای دووردا ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە ؟**

-دەقا و دەق، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی سوننە ترسیان لێ بنیشێت و عێراقیش دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانەوە و ئەمەش کارێکی باش نییە.

***سەرەڕای ئەوەی بۆ هەشت مانگە هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕێکی سەختدان لە دژی داعش و سەرکەوتنی گەورەشیان بەدەست هێناوە، بەڵام وەك پێویست پڕچەك نەکراون، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە و ڕاستەوخۆ چەك بە هێزەکانی پێشمەرگە بدات؟**

-بەڵێ، من خوازیارم ڕۆژئاوا هاوکاری زیاتری پێشمەرگە بکات، بەتایبەتی چەکی قورسی دژە تانکیان بۆ دەستەبەر بکەن، کە ئەمە وەك پێویست نەبووە و خوازیارم ئۆتۆمۆبێلی- سەربازی- زیاتر بدرێتە پێشمەرگە لە نێویاندا هامفی زرێپۆشکراو، پێموایە هاوکاریگەلێکی گەورە و جیاواز هەن کە دەکرێت و دەبێت بۆ پێشمەرگە دەستەبەر بکرێت، هەروەها دەبێت لە یادمان بێت، پێشمەرگە چەندین کاری بەرچاوی ئەنجامداوە و دەبێت خەڵکی ناوچەکە سوپاسگوزار بن لەبەرامبەر ئەو شەڕەی دژ بە داعش دەیکەن، هەروەها دەبێت باس لەوە بکەین کە سەرکەوتنەکانی سەرەتای داعش بۆ چەند کێشەیەك گەڕانەوە کە بواریان دا -داعش- پێشڕەوی بکات، کەواتە گرنگە هەرێمی کوردستان کاتێك بیر لە بەرەوپێشچوون دەکاتەوە، ئەوەی لەبەرچاو بێت کە پێویستی بە هەندێ چاکسازی نوێ هەیە، واتە سەرەڕای —ئەوەی پێشمەرگە- پێویستیان بە چەکە، بەڵام پێویستییەکی زۆریان بە مەشقپێکردن هەیە، پێویستە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو دۆخەی لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا هەیبوو. بەداخەوە چەندین مەسەلەی دیکەش هەبوون- هەرچەندە ئەمە قابیلی لێکتێگەیشتنە-، چونکە کوردە سەرقاڵی دروستکردنی وڵاتێکی نوێ بوون و لە زۆر ڕووەوە کاری زۆر بەرچاویان ئەنجام داوە لە پەیوەندی بە دروستکردنی وڵاتێکی نوێیەوە، بەڵام نابێت لایەنەکانی دیکەش فەرامۆش بکەین.

***خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی کورد شانازی بەوەوە دەکەن کە ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە تێکشکاوە، تا چەند لەگەڵ ئەمەدا هاوڕایت و ئایا هۆکارەکانی ئەوە چییە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سڵ دەکاتەوە لەوەی ڕاستەوخۆ چەك بداتە پێشمەرگە نەك لە ڕێی بەغدا و لە ڕێی حکومەتی مەرکەزییەوە؟**

- با بە جیا لە باس لە هەر یەکێکیان بکەم، چونکە چەند شتێکی زۆر گرنگتان باس کرد. یەکەمیان ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو ڕاست و دروستە، جارێکی دیکە پێشمەرگە سەلماندیەوە کە هێزێکی سەربازی زۆر گرنگ و بە توانان، لەلایەکی دیکەوە وەك ئەمریکییەك دەیڵێم کە نابێت ڕۆڵی ئەمریکا و هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە یاد بکەن کە ئەویش ڕۆڵی زۆر گرنگی بینی، واتە زۆرێك لە سەرکەوتنەکان بەهۆی بوێری و ئازایەتی پێشمەرگە لەسەر زەوی و توانا و کارامەیی هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە بەدەست هێنران. لەوەی دووەمیشیاندا هاوڕام، با بەم شێوە گوزارشتی لێبکەم، پاساوی ئەوەی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکارییەکی زیاتریان دەستەبەر نەکرد، دوو لایەن بوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە هاوکارییەکی دارایی زۆر و هاوکارییەکی زۆری چەك هەبوو کە دەبێت بەشی زۆری بدرێت بە بەغدا و ئەوەی دەشمێنێتەوە بدرێت بە کورد، پێموایە ئەوە هەڵەیە و ئەمە ساتەوەختێکی هەستیارە و داعش هەڕەشەیەکی

**هەمیشە باوەڕم وابووە کە بەڕاستی کوردستانێکی سەربەخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەکات**

**بەغدای ئێستا بەغدای نوری مالیکی نییە و دەیەوێت کاری ڕاست و دروست بکات، بەڵام ڕووبەڕووی دژواری بۆتەوە**

**مەسەلەی بڕینی مووچە کە بیرۆکەی مالیکی بوو مایەی کارەسات بوو، کاریگەری وێرانکاری لێکەوتەوە لەسەر خەڵکی کوردستان**

**کاتێک لە بەغدا بووم پرسیاری ئەوەم بۆ دروست بوو کە ئایا میلیشیا شیعەکان تەنها ناوچە شیعەنشینەکان و ناوچە تێکەڵەکان دەگرن و رادەوەستن و بەرەو ناوچە سوننەکان و ناوچە کوردییەکان ناچن، پێموایە ئۆپەراسیۆنەکەی تکریت زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بەرەو ئەو ناوچانە بچن کە زۆرینەیان سوننەنشینن**

**جارێکی دیکە پێشمەرگە سەلماندیەوە کە هێزێکی سەربازی زۆر گرنگ و بە توانان**

**زۆرێک لە سەرکەوتنەکان بەهۆی بوێری و ئازایەتی پێشمەرگە لەسەر زەوی و توانا و کارامەیی هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە بەدەست هێنران**

گەورەیە و لەم هەلومەرجانەشـــدا دەبێت چەکی زیاتر و پارەی زیاتر دەســـتەبەر بکرێت. پێویستە بەغدا ئەو چەکەی پـــێ بدرێت کە پێویســـتی پێیەتی و دەبێت کوردیش ئەو چەکەی پێ بدرێت کە پێویستی پێیەتی و نابێـــت لە یەکێکی بگرینـــەوە و بیدەین بەوی دیکە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئێمە نامانەوێت بەغدا نارەحەت بکەین-ئەگەر ئەمە قابیلی تێگەیشتنیش بێت- ئەوا هەڵەیە، پێویستە ئێمە بچینە بەغـــدا و بە بەغدا بڵێین کـــە ئێوە رێگەتان داوە کورد ســـوپای خۆی هەبێت کە پیشمەرگەیە و ئەمەش لە یاســـای عێراقیدا چەسپێندراوە و بەشێکە لە سیستمی حکومەتی عێراق و پێشمەرگەش پێویستی بە هاوکاری هەیە و دەبێت ئەو هاوکارییەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەســـتبەربکرێت، ئەگەر ئەم پرۆسەیە لە رێی بەغداوە ئەنجـــام بدرێت، ئـــەوا بەغدا رێگریمـــان لێدەکات لە گەیاندنی چەك و هاوکارییەکانی دیکە بە پێشمەرگە بۆ شەڕکردن لە دژی ئەم دوژمنە.

***لە ســـەردانەکەیدا بـــۆ پەیمانگـــەی برۆکینز، ئێوە وا باســـی (ســـەرۆك بارزانی)تان کرد کە وەك پاریس وایە بۆ فەڕەنســـا، ئێستا ئەو ١٠ مانگە لە بەرەکانی پێشەوەی شـــەڕی داعشە و ســـەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، ئایا هێشـــتا لەسەر ئەو باوەڕەیت کە بارزانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەڕەنسا؟**

-هێشـــتا باوەڕم وایە کاك مسعود کەسایەتی مەزن و جێی ئیعجابە «iconic figure» و کەسایەتییەکی بێ ئەندازە گرنگە هەم لەسەر ئاستی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی عێراق و هەم لەسەر ئاستی ناوچەکەش، هێشـــتا باوەڕم وایە بەدڵنیاییەوە ئەمـــە حاڵەتەکەیە. کوردستان رووبەڕووی چەند کێشەیەك بۆتەوە، پێموایە کاك مسعود هەڕەشە سەربازی و هەڕەشە ئەمنییەکەی کردە ئەولەویەت، کە باوەڕم وایە داعش هەڕەشـــەیەکی زۆر راســـتەقینەیە، من بە تەواوەتی لەوە تێدەگەم کە ئێستا گوڕ و تینی خۆی بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووە، من هیوادارم رەوشـــە ســـەربازییەکە بە چەشنێك هێور ببێتەوە کە کاك مســـعود بتوانێت بگەڕێتەوە و مامەڵە لەگەڵ کێشە ئابووری و سیاســـییەکانی کوردستاندا بکات، چونکـــە وەك دەزانن دابەزینـــی نرخی نەوت کاریگەری وێرانکاری هەبووە، کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر کێشەی زۆر دژوارن. لەبەر ئەوە کاتێك تەپ و تۆزی رەوشە سەربازییەکە دەنیشێتەوە، ئەوا پێموایە خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەوەن سەرۆکەکەیان گوڕ و تینی خۆی بۆ ئەو بوارانە تەرخان بکات.

***کەواتە ئێوە هاوڕان لەوەی هەولێکی مەزن دەدات و رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت؟**

-بە دڵنیاییەوە، پێم وایە کاك مســـعود ســـەرکردیەکی مەزنە، بەلای منەوە کارێکی باشـــە ئەگەر بەراوردی بەغدا بە هەولێر بکەیت، لە هەولێر کاك مسعود هەیە کە کەسایەتییەکی بێ ئەندازە گرنگە و دەتوانێت بڕیار بـــدات و حکومەت بخاتەگەڕ، ئەمە لە بەغدا نابینین لە دەرئەنجامیشدا بەغدا گرفتارە. عەبادی کەسێکی زۆر باشە و من مانگی رابردوو بۆ ماوەی دوو سەعات لەگەڵیدا بووم، پێی سەرسام بووم، ئەو کەسێکی باشە و ئەرکێکی زۆر سەختی لە پێشە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کاك مســـعودی نییە، پێموایە ئەوە جیاوازییەکی زۆر گەورەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا.

***لەم بارودۆخە سەختەی عێراقدا دەبینین کە کێشەی جددی هەیە لە نێوان بەغدا و هەولێر و ئەوە بۆ ماوەی ١٥ مانگە بەشـــە بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕدراوە، ئایا دەکرێت کوردستان لە شەڕدا بێت لە دژی داعش و لە هەمان کاتدا ســـزای ئابووری بەســـەردا بسەپێندرێت؟**

-مەسەلەی بڕینی مووچە کە بیرۆکەی مالیکی بوو مایەی کارەسات بوو، کاریگەری وێرانکاری لێکەوتەوە لەسەر خەڵکی کوردستان، بەڵام پێموا نییە لە قازانجی بەغـــداش بووبێـــت، پێموایە هەموو کـــەس درك بەوە دەکەن کە ئەمە هەڵەیە، ئەمە پرســـێکی لە رادەبەدەر ئاڵۆزە. پێموایە ئەو رێککەوتنەی گفتوگۆی لەســـەر کرا لەلایـــەن کاك نێچیرڤـــان و کاك قوبادەوە لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، رێککەوتنێکی باشـــە. ئێمە لە جیهانێکی بێ کـــەم و کوڕیدا ناژیـــن و باوەڕم وایە رێککەوتنێکی باشە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیهانەی تێیدا دەژین. هەســـتی من ئەوەیە کاتێك قسە لەگەڵ وەزارەتـــە جیـــاوازەکان دەکەم، ئەوەیە کە بە راســـتی هەردوولا هەوڵی زۆر سەخت دەدەن کە پابەندبوونەکانی خۆیـــان جێبەجێ بکەن، هـــەردوولا- رەنگـــە بەغدا بەتایبەتی- پەلەیان کـــرد لەوەی پەنجەی تۆمەت بۆ یەکتر درێژ بکەن- بەوەی لایەنەکەی دیکە نەیتوانیوە ئەرکی خـــۆی جێبەجێ بکات- و لـــەوەی نیازێکی خراپ بـــەدی بکەن لـــەوەی دەگوزەرێـــت. پێموایە کێشـــەکان لە پەیوەندی بە بەغدا و هەولێرەوە کێشەی بونیادین، کە پەیوەستن بە کێڵگەکان و بە رەوانەکردنی نـــەوت لەو کێڵگانـــەوە، بەغداش کێشـــەی دارایی و کێشەی بیرۆکراتی هەیە. ئەوەندەی من بزانم هەردوولا

دەیانەوێت ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکەن، لە دیدارەکەی سلێمانی د. ئاشتی هەورامی وتی ئێمە دەمانەوێت ئەم ڕێککەوتنە سەربگرێت و د. عادل عەبدولمەهدی وتی ئێمە دەمانەوێت ئەم ڕێککەوتنە سەربگرێت، هەروەها بەڕێز هوشیار زێباری وەزیری دارایی عێراق ڕایگەیاند هەردوولا دەیانەوێت ئەم ڕێککەوتنە سەربگرێت. بەڵام ئەمە سەختە بۆ هەردوولا، ئەویش بەهۆی نرخی نەتەوە و بەهۆی کێشەی بونیادییەوە، کە دووچاری دژواری دەبنەوە لەوەی پابەندبوونی خۆیان بە ڕێککەوتنەکەوە جێبەجێ بکەن. کە دەبێت هەردوولا ئارام بگرن و من دەزانم خەڵکی ئاسایی کوردستان زۆر پێویستیان بەوەیە مووچەکانیان پێبدرێت، بەڵام پێموا نییە وەڵامە ڕاستەکە ئەوە بێت تەنها ئۆباڵەکەی بخەینە ئەستۆی بەغدا، بەغدای ئێستا بەغدای نوری مالیکی نییە و دەیەوێت کاری ڕاست و دروست بکات، بەڵام ڕووبەڕووی دژواری بۆتەوە.

***کەواتە گەشبینیت؟**

-بە حەزەرەوە گەشبینم، من بۆ ماوەی ٢٧ بۆ ٢٨ ساڵ کارم لەسەر عێراق کردووە و هەمیشە هەوڵمداوە گەشبین بم، بەڵام فێربووم کە دەبێت زۆر بە حەزەر بم.

***باوەڕت وایە هەردوولا بیانەوێت و بتوانن ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە دەیانەوێت و هەروەها دەتوانن، بەڵام بە ئاسانی نا، ئەمە کارێکی ئاسان نابێت بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەن، هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەو خێراییە نەبوو کە بەغدا ویستی، لەبەر ئەوە بەغدا ڕاستەوخۆ ڕایگەیاند ئێوە پاشگەزبوونەتەوە لە ڕێککەوتنەکە و بەغداش بە قەیرانێکی دارایی قورسدا تێدەپەڕێت، بەو پێیە پارەکە بەو خێراییە نەگەیشت کە ڕاگەیەندرا، لەبەر ئەوە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ئێوە مووچە نادەن. کەواتە پێموایە ویستەکە لە هەردوولاوە هەیە، بەڵام کێشەکە لە توانادایە. پێموایە ئەگەر هەردوولا پانتاییەك بەوی دی بدەن، ئەوا دەگەنە ئەوەی دەیانەوێت. مەترسییە ڕاستەقینەکە ئەوەیە ڕەوشەکە بەرەو هەڵکشان بچێت و هەر لایەك ڕایبگەیەنێت کە لایەنەکەی دیکە پابەندبوونەکانی خۆیی جێبەجێ ناکات، ئیتر بۆچی ئێمە هەوڵ بدەین پابەندبوونەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، ئەمە ڕێککەوتنەکە لە ناو دەبات.

***واتە ئاماژە بە قسەکەی هوشیار زێباری دەدەیت کە لە دیدارەکەی سلێمانیدا وتی لە پێشبینییەکانیاندا هەردوولا هەڵەن ؟**

-بەڵێ من دەقاو دەق ئاماژە بەوە دەکەم.

***ئەمریکا دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت، ئەمەش تەنها بە جێبەجێکردنی دەستوور دەکرێت، ئەمریکا ئەگەرخەمی یەکێتی عێراقیەتی بۆچی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور فشار دروست ناکات؟**

-پێموایە ئەمە مایەی نائومێدی و تووڕەییە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی هەڵەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی هەمیشە باوەڕم وابووە کە بەڕاستی کوردستانێکی سەربەخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا دەکات، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە بەرهەڵستی ئەمریکا بۆ پرسە گەورەکە- سەربەخۆبوونی کوردستان- و پرسە بچووکترەکە مافی کوردستان لەو چوارچێوەیەی لە ئارادایە،-بەلای کەمەوە- سیاسەتێکی گرفتئامێز بووە، بەڵام من وەك ئەمریکییەك وەڵامت دەدەمەوە -ئەوەت بۆ دەگوزامەوە کە- هەستی ئیدارە یەك لە دوای یەکەکان چۆن بووە- هەرچەندە مەرج نییە من هاوڕابم لەگەڵیاندا-، بەڵام هەستیان کردووە کە سیاسەت لە ئاست عێراقدا پەیوەست بووە بە ڕێکخستنی ئەولەویاتەکانەوە، بە چەشنێك ئەگەر بتوانن کارێك بکەن بەغدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ناچار نین مامەڵە لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە بکەن لە نێویاندا کێشەکانی وەك ماددەی ١٤٠، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕایانگەیاندووە با مامەڵە لەگەڵ ماددەی ١٤٠ نەکەین، چونکە پشێوی لێدەکەوێتەوە و پێویستە کار لەسەر بەغدا بکەین، چونکە ئەگەر بەغدا لە ڕەوشێکی باشدا بوو، ئەوا دواتر دێینە سەر ماددەی ١٤٠، کە پێموایە ئەوە هەڵە بوو، بەڵام هەمیشە بیرکردنەوەیان وابووە. یەکێك لە ئیستیسناکان- کە پێموایە کارێکی خراپ بوو- ئەوەیە لە ساڵی ٢٠١٠ەوە تاوەکو ٢٠١٤ کاتێك ئەمریکا خۆی لە عێراق دوورخستنەوە، هیچ کارێکی نەکرد لە پەیوەندی بە سیاسەتی عێراقەوە، واتە کارێکمان ئەنجام نەدا لە پەیوەندی بە کێشەکانی بەغداوە یاخود ماددەی ١٤٠ەوە. هیوادارم ئەمریکا درك بەوە بکات  کە ئەوە هەڵە بوو و پتر بەشدار بێت بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوشەکە، ئێستا باڵیۆزێکمان هەیە لە بەغدا درك بەوە دەکات کە پێویستە ئەمریکا پتر بەشدار بێت. هیواداریشم  لە ساتەوەختێکدا درك بەوە بکەن کە ناکرێت ئەوەی لە بەغدا دەگوزەرێت لەسەر حیسابی پرسەکانی دیکە بێت، ئەوان بەشێکن لەو پێداویستییانەی کە وا دەکەن عێراق بەرەوپێش بچێت،

**کورد سەرقاڵی دروستکردنی وڵاتێکی نوێ بوون و لە زۆر ڕووەوە کاری زۆر بەرچاویان ئەنجام داوە لە پەیوەندی بە دروستکردنی وڵاتێکی نوێیەوە، بەڵام نابێت لایەنەکانی دیکەش فەرامۆش بکەین**

**گرنگە هەرێمی کوردستان کاتێک بیر لە بەرەوپێشچوون دەکاتەوە، ئەوەی لەبەرچاو بێت کە پێویستی بە هەندێ چاکسازی نوێ هەیە**

**خوازیارم ڕۆژئاوا هاوکاری زیاتری پێشمەرگە بکات، بەتایبەتی چەکی قورسی دژە تانکیان بۆ دەستەبەر بکەن**

واتە ناکرێت بڵێین با ئەم پرسە فەرامۆش بکەین و بایەخ بەو پرسە بدەین.

***واتە باوەڕت وایە هەڵەیەك لە ریزبەندیی ئەولەویەتانەکاندا هەیە و پێویستە تەرکیزی زیاتر لەسەر چیرۆکی سەرکەوتنی کوردستان بکرێتەوە؟**

-ئەوە بەشێکە لە مەسەلەکە، بەڵام من بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکەم، هەموو حکومەتێك دەیەوێت- هەروەها حکومەتی ئەمریکاش کە من بۆ ماوەی ١٢ ساڵ خزمەتم کردووە لەو حکومەتەدا- تەرکیز لەسەر کێشە بە پەلەکان و لەسەر مەودای کورت بکاتەوە، بەڵام زۆرجار ئەوەی لە مەودای کورتدا وەك شتێکی مانادار دەردەکەوێت، لە مەودای دووردا کارەساتی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی رەوشەکە خراپتر و دژوارتر بێت. خوێندنەوەی من بۆ مێژوو ئەوەیە کاتێك حکومەتەکان لە بارودۆخێکی سەختدا دەبن وەك ئەو رەوشەی کە حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستانی پێیدا تێدەپەڕێت، ئەوا باشترین کار ئەوەیە بڵێین ئێمە کار لەسەر مەودای کورت ناکەین و ئێمە چارەسەرێکی بە پەلە ئەنجام نادەین، بەڵکو کارە سەختەکە دەکەین و کار لەسەر مەودای دوور دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەوە گرنگە، بەڵام ئێمە هەرگیز ئامادە نەبووین ئەو کارە بکەین و هەرگیز ئامادە نەبووین ئەولەوییاتەکانمان بگۆڕین.

***واتە هاوڕایت لەگەڵ ئەو قسەیەی گاریس ستانفیلد کە لە سەر شاشەی CNN وتی ئەمریکا چارەسەرێکی کورت مەودای لە عێراقدا هێنایەئاراوە، بەڵام کێشەیەکی دوورمەودای دروست کرد؟**

-ئەوە وتەیەکی زۆر بەجێیە و گاریس دۆستێکی دێرینی منە و خۆشحاڵم بەوەی بڵێم ئەوە یەکێکە لە زۆرێك لەو وتە ورد و بەجێیانەی گاریس وتوونی.

***پێشبینییەکانت چین بۆ عێراقی دوای داعش، چونکە ئێستا دەبینین کە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هێرشێکی بەربڵاویان دەست پێکردووە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێردەسەڵاتی داعشدان و تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بوون؟ ئایا ئەگەری سەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکی لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لە ئارادایە؟ ئایا ئەگەری ئەوەش ناکرێت جارێکی دیکە شەڕێکی ناوخۆیی تایەفەگەری دروست بێت و ئەمجارە سەربکێشێت بۆ لێکترازانی عێراق؟**

-ئەمە یەکێکە لە نیگەرانییە گەورەکانی من. ئەوەی دەیبینم ئەوەیە پرۆسەی سەربازی زۆر لە پێشترە لە پرۆسە سیاسییەکە، دەقا و دەق ئەمە نیگەرانی منە، نیگەرانی من ئەوەیە حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی دیکە موسڵ رزگار بکەن- ئەگەر بتەوێت بەم شێوەیە باسی بکەیت-. بەڵام ئەگەر ئاشتەوایی سیاسی نەهێندرێتەدی ئەوا لە کۆتاییدا لەلایەن عەرەبە سوننەکانی عێراقەوە رەتدەکرێتەوە. ئەوەی جێی هەڵوێستە کردنە لای من ئەو راپۆرتانەیە کە باس لەوە دەکەن خەڵکی لە تکریت زۆر خۆشحاڵن کە رزگاریان بووە لە دەستی داعش، رەنگە بۆ ماوەیەك راست بێت، رەنگە بۆ چەند هەفتەیەك و رەنگە بۆ چەند مانگێك ئەمە درێژە بکێشێت، بەڵام دوای ئەو ماوەیە ئەگەر سوننەکان هەست نەکەن فۆرمێکی نوێی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا پیادە دەکرێت و ئەگەر هەست نەکەن بەشێکن لە سیستمی سیاسی و بە پێی قورسایی دانیشتووانەکەیان لە سوودە ئابووری و سیاسییەکان بەهرەمەند نابن، ئەگەر هەست نەکەن پارێزراون لەبەرامبەر حکومەتی زۆرینەی شیعە لە بەغدا ئەوا ناچار نین رووبەڕووی هەمان سەرکوتکاری ببنەوە کە لەسەردەمی مالیکیدا دووچاری بوونەوە. ئەگەر ئەوە روونەدات ئەوا سوننەکان هێزە شیعەکان رەتدەکەنەوە و لە دژیان شەڕ دەکەنەوە و یاخیبوونێکی نوێ دەست پێدەکاتەوە و سەرلەنوێ شەڕێکی ناوخۆیی سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام خراپتر دەبێت، چونکە شەڕە ناوخۆییەکە لە غیابی داعشدا دەبێت، واتە بەبێ بوونی دوژمنێکی هاوبەش، هەروەها لە غیابی ئەمریکاشدا دەبێت، واتە بەبێ ئەوەی ئەمریکا بوونی هەبێت و دەستێوەردان بکات و شەڕەکە هێور بکاتەوە و پێکەوە کۆیان بکاتەوە. ئێوە خاڵێکی زۆر گرنگتان ورووژاند کە پەیوەستە بە ئەگەری پەلکێشکردنی کوردستان بۆ نێو -ئەم شەڕە-، ئەوە نەك تەنها خۆشبەختی بووە، بەڵکو بەهرە و کارامەیی سەرکردەکانی کوردستان بووە- با ئەو شایەتییەیان بۆ بدەین-، سەرکردەکانی کوردستان زۆر ژیر بوون کە خۆیان لە ئاگری شەڕی ناوخۆیی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بەدوورگرت، بەڵام ئەمجارە میلیشیاکان هەن- من دڵنیا نیم لەوەی بتوانم ناویان بنێم حەشدی شەعبی، چونکە لایەنی وەك (عصائب اهل الحق و کتائب حزب الله، سرایا السلام) هەن کە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، کاتێك لە بەغدا بووم پرسیاری ئەوەم بۆ دروست بوو کە ئایا میلیشیا شیعەکان تەنها ناوچە شیعەنشینەکان و ناوچە تێکەڵەکان دەگرن و رادەوەستن و بەرەو ناوچە سوننەکان و ناوچە کوردییەکان ناچن، پێموایە ئۆپەراسیۆنەکەی تکریت زۆر گرنگە، لەبەر

**باشترین رێگە بۆ دوورخستنەوەی ئێران لە عێراق و بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا، ئەوەیە عێراقێکی بەهێز و کوردستانێکی بەهێز هەبێت و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان عەرەبە شیعە و سوننەکاندا دروست بێت**

**ئێران دەیەوێت باڵادەست بێت بەسەر عێراقدا، کە مەرج نییە ئەو باڵادەستییەش لە بەرژەوەندی عێراقدا بێت**




سەرۆك بارزانی لە ئامۆژگای برۆكینگز ٧ی كانوونی دووەمی ٢٠١٠

ئەوەی دەیانەوێت بەرەو ئەو ناوچانە بچن كە زۆرینەیان سوننەنشینن، ژمارەیەكی زۆری میلیشیا و سەربازەكان دەكوژرێن لە پێناوی گرتنەوەی تكریت كە سەرتاپا شارێكی سوننیە، هەروەها تەواو نارەحەت بووم بە لێدوانەكانی كەسێكی وەك (قەیس ئەلخەزعەلی و هادی ئەلعامری) دوای هێرشەكانی داعش بۆ سەر كەركووك كاتێك هاتن رایانگەیاند گرنگ نییە پێشمەرگە چی دەوێت، ئێمە لێرە دەمێنینەوە، ئەوەم بە ئاماژەیەكی زۆر مەترسیدار بینی، بەوەی رەنگە میلیشیا شیعەكان بیانەوێت كۆنترۆڵی سەرجەم عێراق بكەن، ئەگەر ئەوە رووبدات و ئەگەر شەرە ناوخۆییەكە بگۆرێت- چونكە ئێستا ئێمە لە شەری ناوخۆییداین لە عێراقدا-، ئەوا نیگەرانم شیعەكان كوردستانیش بۆ نێو ئەم شەرە پەلكێش بكەن.

***كەواتە لە عێراقی دوای داعش دەرفەتێك دەبینیت بۆ رووداني خراپترین و لە هەمان كاتدا باشترین سیناریۆ؟**

-بەڵێ، ئەمە رەوشی عێراقە، هێشتا زۆر شتی باش لە عێراقدا هەن، من لە ساڵی ٢٠١٠دا هۆشداریم دا لە مەترسی سەرهەڵدانەوەی شەرێكی ناوخۆیی نوێ لە عێراقدا، بەڵام چوار ساڵی خایاند، یاخود سێ ساڵ ئەگەر كۆتایی ساڵی **٢٠١٣** لەبەرچاو بگریت، هەرچۆنێك بێت چەند ساڵێكی خایاند بۆ ئەوەی ئەوە رووبدات، ئەمە ئەو راستییە دەردەخات كە لایەنی گرنگ هەن لە عێراقدا، بەتایبەتی خەڵكی عێراق كە دەیانەوێت شەری ناوخۆیی كۆتایی پێبێت، ئەوان شەكەت بوون و دەیانەوێت پێكەوە بژین. دۆستێكی زۆرم هەن- لە عێراقییەكان- كەپێیان خۆشە بڵێین ئێمە سووشین- نیوە شیعە و نیوە سوننە-، ئەوەم پێخۆش بوو، موەفەق روبەیعی یەكەم كەس بوو ئەوەی بەكارهێنا، پێموایە ئەوان ئەمەیان دەوێت و ئەمەش ئەگەری چارەسەرێكی زۆر باش لە عێراقدا دروست دەكات. ئەو پرسیارەی ئێوەش كردتان لەبارەی —خراپترین سیناریۆ- ئەوەیە ئەمە ئەگەرێكی زۆر راستەقینەیە و ترسی من ئەوەیە سیناریۆ خراپەكە پتر ئەگەرێكی راستەقینە بێت وەك لە سیناریۆ باشەكە، سیناریۆ خراپەكەش ئەوەیە هەردوو پێكهاتەكە دەست بدەنە كوشت و بری یەكتری و كوردیش پەلكێش بكەن بۆ ئەو-شەرە-، ئەوە مایەی كارەسات دەبێت، كارەسات بۆ هەمو لایەك لە نێویاندا ئەمریكا.





### ئەمریکا هەوڵدەدات لاشە مردووەکەی سایکس پیکۆ مۆمیا بکات

# کوردستان هێزێکی نوێ و ناسنامەی نەتەوەیەک لە سیستمی نێودەوڵەتیدا

«ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە بە مانشێتێکی گەورە پێناسەی دینامیکیەت و گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەوا جوانترین مانشێت بۆ پێناسەی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵوەشانەوەی سیستمە لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە، هەر لە باکووری ئەفریقیاوە بۆ دەوڵەتانی دەریای سپی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداو نەک تەنها سووریا و عێراق، لەمەش زیاتر هەندێک پێیانوایە هەڵوەشانەوەی تەواوی سیستمی نوێی جیهانییە و دروستبوونی ئاژاوەیەکی مەزهەبگەرایی و نەمانی نەریت و کەلتووری پێکەوەژیانە لەنێوان مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکاندا. سیستمی ئیقلیمی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە هەمانکاتدا پێشی دەوترێت (سایکس پیکۆ) ئەو سیستمەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسا و بەریتانیا وەک سیستم بەسەر ئەو ناوچەیەدا سەپێندرا، ئەم سیستمە لەگەڵ ئەوەی ماوەی ١٠٠ ساڵە سەپێندراوە، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە سیستمێکی خراپەو بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکیش بۆ ئەم سیستمە خراپە، ئێستا ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە هیچ کام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەوروپا ناتوانن سیستمێکی باشتر بۆ جێگرتنەوەی سایکس پیکۆ دابڕێژنەوە، لە هەمانکاتدا هێز و کاراکتەرە ئیقلیمییەکانیش نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی وەک ئەوەی لە ئەوروپا دوای کۆنگرەی ڤیێننا باسکرا، بتوانن سیستمە کۆنەکە دووبارە بگێڕنەوە جێگەی خۆی، بۆیە ئەو حکومەتانەی ئێستا لە ناوچەکەن نە دەتوانن سەقامگیری دابین بکەن، نە دەتوانن سیستم بپارێزن، نە دەشتوانن ئایندەیەک بۆ خەڵکی خۆیان دیاری بکەن لەم حاڵەتەشدا ئەوا کارێکی ئاساییە هێزێکی وەک داعش بە ئاڵایەکی رەش دەربکەوێت و لە رەقەوە ئیعلانی خەلافەتی ئیسلامی بکات و هەمان ئاڵا رەشەکەی دەوڵەتی عەباسی بەرز بکاتەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە گۆڕانکاری دروستکردووەو هەموو هێزە گەورەکانی وەک (ئەمریکا، ئەوروپا، روسیا ، چین)یش لە هەوڵی ئەوەدان ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە ئیحتیوا بکەن و رێگە نەدەن سیستمێکی نوێ لەدایک بێت، ئێستا سووریا و عێراق بوونەتە هەڕەشەی سەرەکی بۆ جیۆپۆلیتکی ناوچەکە، لە عێراق و سووریا هێزی ئیقلیمی دەرکەوتوون کە یەکێکیان بریتییە لە هەرێمی کوردستان کە وەک هێزێکی هەرێمی دەرکەوتووەو لەگەڵ ئەوەی سەروەریی دەوڵەتی نییە، بەڵام ئەم کیانە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت ببێتە ناسنامەی نەتەوەیەک لە سیستمی نێودەوڵەتیدا، بۆیە دەبێت رێزی لێبگیرێت و ئیعتیرافی پێبکرێت».



وۆڵکەر پیەرتس
سەرۆکی جێبەجێکار و بەڕێوەبەری ئامۆژگای زانستی سیاسەت (SWP) ئەڵمانی
ئامۆژگای وۆرد و ولسن کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤

## • چەمکی کۆنی دەوڵەتی هاوچەرخ بەرەو کۆتایی دەچێت

ئەوەی رۆژئاوا شانازی پێوە دەکات و دەیەوێت وەك مۆدێلێك هەموو جیهانی پێ رێکبخاتەوە، چەمکی دەوڵەت و بونیادنانی دەوڵەتە لەسەر شێوازی رۆژئاوا، کە خۆیان پێی دەڵێن دەوڵەتی هاوچەرخ، بەڵام ئێستا نەك هەر چەمکی دەوڵەتە هاوچەرخەکەی رۆژئاوا، بەڵکو ئەوەشی پێی دەگوترێت سیستمی نوێی جیهانی وەك دوو چەمکی (سیستمی کۆن و دەوڵەتی کۆن) پێناسە دەکرێن و جیهان سەرقاڵی ئەوەیە شۆڕشێکی نوێ بۆ پێناسەکردنەوەی سیستمی جیهانی و چەمکی دەوڵەت بەرپا بکات، ئەم شۆڕشە جیهانییەی کە ئێستا لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکرو توێژینەوە بە چڕی باسی لێوە دەکرێت، رۆژانی پێش شۆڕشی فەرەنسا بەرجەستە دەکاتەوە کە تیایدا بیروبۆچوونەکان بۆ شۆڕش و دەستپێکی قۆناخێکی نوێ لە سەر ئاستی فیکر هاتبووە ئاراوە، بەڵام لەسەر ئاستی کردەیی دان بەوەدا نەدەنرا کە ئەو شۆڕشە حەتمییە و پێویستە گۆڕانکاری بەسەر ئەو واقیعەدا بێت کە پێویستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەمەش وەك جۆن مایکل وایت سەرنووسەری گۆڤاری ئیکۆنیمیست و ئەدریان وڵدریج بەڕێوبەری نووسینی هەمان گۆڤار لە کتێبی (شۆڕشی چوارەم : کێبڕکێی جیهانی بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت) باسی دەکەن، نەك هەر دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی لە ئێستا وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ خواست و پێداویستی هاووڵاتیانی خۆیان پێ نییە، لە هەمانکاتدا دەوڵەتانی رۆژئاواش(ئەوروپا و ئەمریکاش) وەڵامی خواست و داواکاری هاووڵاتیانی خۆیان پێ نییە، ئەمەش پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دەوڵەتێك کە لەم دەوڵەتەی ئێستا نەچێت کە ئێستا لە رۆژئاوا بوونی هەیە. سەبارەت بەم لایەنە هەردوو رۆژنامەنووس و ئەکادیمی (ئەدریان وڵدریج و مایکل وایت) لە کتێبەکەیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەگەر لە ناونیشانی ئەم کتێبەوە پرسیار بکەین: (ئایا ململانێیەکی جیهانی بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت بوونی هەیە؟)، لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێن ئەوەی ئێستا لە رۆژئاوا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە هاووڵاتیان تووڕەن، بێئومێدن، بڕوایان بە گۆڕانکاری نەماوە، بۆیە ئەگەر تەسلیمی ئەم واقیعە بین و پێمانوابێت هیچ شتێك گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و دەوڵەت هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری مێژووی رۆژئاوا بکەین، ئەوا دەبینین هەموو کات ئەو شۆڕشانەی بەسەر شێوازی دەوڵەتدا هاتووە، هاوشانی گۆڕانکارییەکان بوون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا هەتا ئێستا، سێ جار شۆڕشی گەورە بۆ گۆڕینی دەوڵەت بەرپا بووە کە بریتین لە:

١- دەوڵەتی نەتەوەیی دوایی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی.

٢- دەوڵەتی لیبراڵی (میتۆکراتی)، دەوڵەتی سەروەریی یاساو کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاو.

٣- دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (Welfare State)، ئەمەش واتە دەوڵەتی وەبەرهێنان لە هاووڵاتیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە بێت. ئەم دەوڵەتە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دووچاری کێشە بووەو لەگەڵ پێشکەوتنە گەورەکانی شۆڕشی تەکنەلۆژیا خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت.

٤- دەوڵەتێك توانای ئەوەی هەبێت وەڵامدەرەوەی تەحەدییەکانی ئەم سەردەمە بێت(ئەم دەوڵەتە هێشتا لەدایك نەبووە).

## • گەڕان بەدوای مۆدێلێکی تازەی دەوڵەتدا

ساڵی ٢٠١٤ لە مێژووی سیاسەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان، بە ساڵی وەرچەرخان و نەتوانینی پێشبینی و پێشپێگرتنی هەموو ئەو رووداوو پێشهاتانە دادەنرێت کە روویانداوە و هەموو بیرمەندان و توێژەران و سیاسەت دروستکەران لەو بڕوایەدان، ئەو رووداوانەی ساڵی ٢٠١٤ بۆ ساڵی ٢٠١٥ درێژەی دەبێت و ساڵانی دوای ئەویش لەسەر بنەمای دەرهاویشتەو چۆنیەتی هەنگاوهەڵگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی جیهانی و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەت ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت. هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پێشبینیکردن بەوەی جارێکی دیکە وڵاتانی جیهان بە هاوشێوەی شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، دووبارە خۆی نوێ دەکاتەوەو سەرلەنوێ دامەزراوەکانی لیبراڵ دیموکراتی وەڵامی کێشەکانی سەردەم دەداتەوە، ئەمە پێشبینییەکە رەشبینییەك بەدوای خۆیدا دەهێنێت و پرسیارێك لەگەڵ خۆی دەورووژێنێت بەوەی ئەگەر ئەمجارە بارودۆخەکە بەو شێوەیەی لێهات سیستمی لیبراڵ دیموکراتی خۆی نەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، ئایا ئەلتەرناتیڤ لە بری سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ چی دەبێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە فرانسیس فۆکۆیاما راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە(کۆتایی مێژوو بەرەو ئایندەی مێژوو وەرچەرخاوە)، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر لە دوای رووخانی دیواری بەرلین، جاری کۆتاییهاتنی

**ئەو مودێلی دەوڵەتەی هەتا ئێستا نەخشە کۆنەکەی سایکس پیکۆی پێ پارێزراوە، ئێستا بۆتە بەشێك لە رابردوو کە چیدیکە کاری پێناکرێت و بەردەوامبوون لەسەری کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**سووربوون لەسەر مانەوەی سایکس پیکۆ واتە کۆتایی هاتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستبوونی شەڕێکی مەزهەبی و خوێناوی کە لەوانەیە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی ئەوروپا لەچاویدا ئاشتی بووبێت**

**بۆ ئەوەی کوردستان خاوەنی سوپایەکی سەربەخۆی پێشمەرگە نەبێت، ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت، پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگری عێراق و دەبێت لە رێگەی عێراقەوە چەکی پێبدرێت**

میژووی یۆتۆبیای کۆمونیستی درابێت و هەموو جیهان سیستمی لیبرِاڵ دیموکراتی وەك مۆدێلێك بۆ حوكمرِانی هەڵبژاردبێت، ئەوا دوای تەنگژە ئابورییەکەی ساڵی ٢٠٠٨ کە هەموو ئەوروپای گرتەوە، لیبرِاڵ دیموکراتی لەسەر ئاستی ئابوری دووچاری ئیفلیجبوون هات، لە ساڵی ٢٠١٤ش، دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە سووریا و عێراق راگەیەندرا، هەروەها رووسیا کریمای لکاند بەخۆیەوەو لەلایەکی دیکەشەوە چین زیاتر بەرەو دەوڵەتێکی ئەسۆتیریانیزم هەنگاوی هەڵگرت، ئەمە مانای ئەوەیە سیستمی لیبرِاڵ دیموکراتی لەسەر ئاستی سیاسی دووچار گۆرِانکاری گەورەی جیۆپۆلیتکی بووەوەو ناتوانێت لەسەر ئاستی چارەسەر کردنی کێشە سیاسییەکان رۆڵی خۆی بگێرِێت، لەمەش زیاتر شێوازی جۆراوجۆری وەرچەرخانی سیاسی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە جیاوازەکان بوونی هەیە، وەك (کارل مارکس)یش ئاماژەی پێکردووە(وەرچەرخانی هەمەجۆر لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، رێکخستنی جیاوازی سیستمی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت)، ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین، چۆن هەوڵی جددی هەیە بۆ بونیادی سیستمی سیاسیی سەرکەوتوو و دامەزراوەی کارا، بە هەمان شێوەش فاکتەری جۆراوجۆریش هەن بۆ پووکانەوەی سیستمە سیاسییەکان، لە ناویاندا سیستمی سیاسی لیبرِاڵ دیموکراتیش، بۆیە لە سەر ئاستی رۆژئاوا و سەبارەت بە رووبەرِووبوونەوەی ئەم قەیرانەی ئێستا رووبەرِووی چەمکی دەوڵەتی لیبرِاڵ دیموکراتی بۆتەوە، ئەو پرسیارانە هاتوونە ئاراوەوە بەوەی (ئایا دیموکراتی کۆتایی هات؟ ئایا ئەلتەرناتیڤ بۆ دیموکراتی چییە؟ ئایا لە ئێستای جیهاندا چەند مۆدیلی دەوڵەت لە دروستبووندایەو کام مۆدێل جێگەی لیبرِاڵ دیموکراتی دەگرێتەوە؟)

بیرمەندان و تۆیژەران ئەو شێوە تازانەی دەوڵەت کە ئێستا لە قۆناخی دروستبووندان، بەمجۆرە پۆلێنیان کردووە:

١. لەسەر ئاستی جیهان دەوڵەتی لیبرِاڵ دیموکراتی مۆدێلی رۆژئاوایی کە ئێستا لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ کێشە ناوخۆی و جیهانییەکان پێ نییە.

٢. لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بێجگە لە دەرکەوتنی خەلافەتەکەی داعش کە وەك دەوڵەت دانی پێدانانرێت، نموونەی حوكمرِانیی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی هەیە، وەك کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها حوكمرِانی لەسەر بنەمای ئیسلامی لە سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی ئەمیر و پادشاکان.

٣. هەرێمی کوردستان وەك ناسنامەی نەتەوەیەك لەناو سیستمی نێودەوڵەتی ئێستای جیهاندایە، بەڵام دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نییە.

٤. مۆدێلی دەوڵەتی رووسیا، کە وەرچەرخاوە بۆ دەوڵەتێکی پۆپۆلیستی ئەسۆتاریانیزم، دەیەوێت لەسەر حیسابی رازیکردنی ناوخۆ، هەرِەشە بێت لەسەر دەرودراوسێکانی و ئاسایشی جیهان.

٥. مۆدێلی دەوڵەتی چینی، کە دەوڵەتێکی بەهێزە بەبێ بوونی سەروەری یاسا.

هەریەکێك لەم شێوازانەی دەوڵەت بێجگە لەو شێوازەی کە لە هەرێمی کوردستان دەرکەوتووەو هەتا ئێستا جیهان وەك مۆدێلێکی دەوڵەت نەیناساندووەو دانی پێدا نەناوە، ئەوانی دیکە هەر یەکەیان کێشە و ئاریشەی خۆیان هەیە، هەر بۆ نموونە: جیهان ناتوانێت لاسایی شێوازێکی فاشیلی دەوڵەت بکاتەوە کە ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوونی هەیە، هەروەها ناتوانێت لاسایی دەوڵەتی رووسیا بکاتەوە کە ئاراستەی ئەم دەوڵەتە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت لەسەر بنەمای ئابووریی نەوت شێوازێکی پۆپۆلیستی و ئەسۆتاریانیزم پیادە بکات و لەسەر ئاستی ناوخۆ پەرەپێدان پەك بخات و لەسەر ئاستی دەرەوە هەرِەشە بێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان و دراوسێکانی، دەمێنێتەوە مۆدێلی دەوڵەتی چین، ئەم شێوازی دەوڵەتە کە کۆنترین شێوازی دەوڵەتە لە جیهاندا دەتوانێت دەرگای خۆی بە رووی کرانەوەی ئابووری و ئابووریی بازارِ بکاتەوە، بەڵام هەرگیز ئامادە نییە شێوازی بیرۆکراسیەتی دەوڵەت بگۆرِێت بۆ شێوازی دیموکراتی و لیبرِاڵی، سەبارەت بەم لایەنە هەردوو رۆژنامەنووس و تۆیژەر جۆن مایکل وایت و ئەدریان وۆلدریج لە کتێبی (شۆرِشی چوارەم) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە چینییەکان کە دەچنە ئەمریکا زۆر بە خۆشحاڵییەوە سەردانی وۆڵ ستریت دەکەن بۆ ئەوەی فێر بن چۆن سەرمایەداری و وەبەرهێنان بکەن، بەڵام قەت سەردانی واشنتۆن دی سی ناکەن، بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە شێوازی دەوڵەتەکەی خۆیان بگۆرِن.

لایەنێکی دیکەی مۆدێلی دەوڵەتی چینی، بوونی حزبی کۆمۆنیستییە کە کۆمەڵگەی دووچاری جۆرێك چەقبەستن لەبەرەوپێشەوە چوون کردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پێشکەوتنە خێراکانی کۆریای باشوورو تایوان و سەنگافورا و ژاپۆن، بگەرِێتەوە بۆ ئایینی هیندی و چینی، کە بنەماکەی دەگەرِێتەوە بۆ سەر ئایینی کۆنفۆشیوسی و بەپێی پرەنسیپی ئەخلاقی ئەم ئایینە پێویستە دەستەبژێری حوکمرِان جۆرێك لە پابەندبوونیان بە یاساو دادپەروەری هەبێت، ئەوا حزبی کۆمونیستی

■

هەتا ئێستاش لە وتووێژ و لێدوانە سیاسییەکانی سیاسەتمەدارانی ناوچەکە و جیهانیش، قسە و لێدوانی سەرەکی ئەوەیە نابێت کوردستان هەنگاو بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵبگرێت

■

گوشارەکان لەسەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و شەخسی بەرِێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، پرِۆژەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دوابخرێت و کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە

■

جیهان ناتوانێت لاسایی شێوازیکی فاشیلی دەوڵەت بکاتەوە کە ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوونی هەیە، هەروەها ناتوانێت لاسایی دەوڵەتی رووسیا بکاتەوە کە ئاراستەی ئەم دەوڵەتە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت لەسەر بنەمای ئابووریی نەوت شێوازێکی پۆپۆلیستی و ئەسۆتاریانیزم پیادەبکات

چینی لەبەر ئەوەی خۆی بە هەڵگری ئایدیۆلۆژیەتی (مارکسیست – لینیست)ی دەزانێت، ناتوانێت پێناسەی ئەم بنەما ئەخلاقییەی کۆنفۆشیوسی لە حوکمڕانی بکات، بۆیە چین نقوومی گەندەڵی بووە و بۆیشی چارەسەر ناکرێت، بۆیە ئەم مۆدێلە هەتا ئەگەر لەگەڵ سەرکەوتنەکانی سەنگافورا و تایوان و کۆریای باشووریش سەیر بکرێت، هەست دەکرێت ناتواندرێت ببێتە ئەو مۆدیلەی کە جیهان لاسایی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کەلتووری کۆنفۆشیوسی تەنها لە رۆژهەڵاتی ئاسیا بوونی هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە دووبارە گەڕانەوەیە بۆ سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی... پرسیار ئەوەیە ئایا وەك سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئیکۆنومیست لە کتێبی (شۆڕشی چوارەم بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت) جەختی لەسەر دەکەنەوە، دەتواندرێت دووبارە دەوڵەتێکی دیکە بونیاد بنرێتەوە؟ یان ئەو بێ ئومێدییەی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، هەر بەردەوام دەبێت؟

## ● ئایندەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

کوفی ئەنان ئەمینداری گشتی پێشتری نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەکاری عەرەبی بۆ کێشەی سووریا، لە ٩ی شوباتی رابردوو لە کۆنفراسی پەنجاویەکەمینی میونیخ بۆ ئاسایش، وتارەکەی بە گوتەیەکی گرامشی کۆتایی پێهێنا و گوتی: (سیستەمە کۆنەکە مردووەو تازەکەش هێشتا لەدایك نەبووە)، ئەم وتەیەی گرامشی لەگەڵ ئەوەی چەندین کەسی دیکەش بۆ پێناسەی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاریان هێناوە، بەڵام بەکارهێنانەکەی کوفی ئەنان لەوانی دیکە جیاوازە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە:

١. کوفی ئەنان لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٦ بۆ دوو خولی لەسەریەك ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، ئەم ماوەیە هەستیارترین ماوە بووە لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە لە ساڵی ١٩٨٩.

٢. کوفی ئەنان لە ساڵی ٢٠١٢ەوە وەك نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا دەستنیشانکرا، دیارە لە ماوەی ٢٠١٢ – ٢٠١٤ ، ئەو زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری وەرچەرخانەکانی ناو سووریا بووە، بەوەی نەك هەر جیهان نەیتوانی کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵکو رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام راگەیاند. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە لە سیستەمە کۆنەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەك هەر تەنها کاراکتەری ئیقلیمی ئەوتۆ بوونی نییە کە سیستەمە بگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش (ئەمریکا و ئەورووپا و چین و رووسیا ) نەیانتوانیوە لەسەر شێوازێکی تازە رێك بکەون، بۆیە هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان کێشەکە ئیحتیوا بکەن و خۆیان لە چارەسەرەکە بدزنەوە.

لەبەرامبەر ئەم واقیعەی کە لەسەر ئەرز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، ئەمریکا بە شێوەیەکی تایبەتی لەهەوڵی ئەوەدایە هەموو ئەم واقیعە لە بەرچاوی جیهان پێچەوانە بکاتەوە، لەکاتێکدا زۆر باش دەزانێت جارێکی دیکە سیستەمە کۆنەکەی سایکس پیکۆ زیندوو نابێتەوە، هەوڵدەدات لەسەر حیسابی خوێن و قوربانیدان و ئاوارەبوونی نزیکەی ١٠-١٥ ملیۆن هاووڵاتی کورد و سووری و عێراقی، لە کاتێکدا سیستەمە کۆنەکەی پێ زیندوو ناکرێتەوە، هەوڵدات سایکس پیکۆ مۆمیا بکات.

## ● ئایندەی کوردستان و دەرکەوتنی وەك هێزێکی نوێ

هەتا ئێستاش لە وتووێژ و لێدوانە سیاسییەکانی سیاسەتمەدارانی ناوچەکەو جیهانیش، قسەو لێدوانی سەرەکی ئەوەیە نابێت کوردستان هەنگاو بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵبگرێت، گوشارەکان لەسەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، پرۆژەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دوابخرێت و پێیان باشترە کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی کوردستان ناچار بکەن، هەموو هەوڵی خۆیان لەچەند خاڵێکدا چڕکردۆتەوە لەوانە:

١. بۆ ئەوەی کوردستان خاوەنی سوپایەکی سەربەخۆی پێشمەرگە نەبێت، ماوەیەکە باس لەوە دەکرێت، پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عێراق و دەبێت لە رێگەی عێراقەوە چەکی پێبدرێت، ئەمە لە کاتێکدا لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١٤ داواکاری هەرە سەرەکیی کوردستان ئەوە بووە، پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراق حیساب بکرێت و بە هاوشێوەی سوپای عێراق پڕچەك بکرێت و مەشقی پێبکرێت.

٢. ماوەی ١٥ مانگە هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووری سەختدایە، لە ساڵی ٢٠١٤ و پێنج مانگ پێش ئەوەی کوردستان یەك بەرمیل نەوت هەنارده بکات، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بودجەو مووچەی کوردستانی بڕی، لە حکومەتەکەی عەبادیشدا، ئەوە ماوەی وەرزێکی ساڵی ٢٠١٥ تێپەڕی و بودجەو مووچەی کوردستانیان نەناردووە، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەیە کوردستان بارێکی ئابووری سەقامگیر و ئابوورییەکی سەربەخۆی نەبێت.

**سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر ئاستی سیاسی دووچار گۆڕانکاری گەورەی جیۆپۆلیتکی بووەو ناتوانێت لەسەر ئاستی چارەسەر کردنی کێشە سیاسییەکان رۆڵی خۆی بگێڕێت**

**ئەو حکومەتانەی ئێستا لە ناوچەکەن نە دەتوانن سەقامگیری دابین بکەن، نە دەتوانن سیستەم بپارێزن، نە دەشتوانن ئایندەیەک بۆ خەڵکی خۆیان دیاری بکەن**

**باشترە سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرن کە وەک هێزێکی نوێ لەسەر ئاستی ناوچەکە دەرکەتووەو هەموو سیفەتێکی ئەو دەوڵەتەی تێدایە کە ئێستا هەموو جیهان بە دوایدا دەگەڕێت و ناتوانن ئەزموونێکی هاوشێوەی کوردستان دووبارە بکەنەوە**

**رۆژئاوا و ئەمریكا بواریان داوە دەوڵەتەكان شەرعییەتی بەكارهێنانی هێزیان هەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەی پێ سەركوت بكرێت**

**لە سیستمە كۆنەكەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەك هەر تەنها كاراكتەری ئیقلیمی ئەوتۆ بوونی نییە كە سیستمە بگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، لەهەمانكاتدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش (ئەمریكا و ئەوروپا و چین و رووسیا) نەیانتوانیوە لەسەر شێوازێكی تازە رێك بكەون، بۆیە هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان كێشەكە ئیحتوا بكەن و خۆیان لە چارەسەرەكە بدزنەوە**

**٣.** هێشتنەوەی كێشەی خاك لەنێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا بە هەڵواسراوی و سڕكراوی، وەك كێشەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان مەبەستی لەپشتە و لەگەڵ ئەوەی لە دوای هێرشی داعشەوە بۆ سەر موسڵ، هێزی پێشمەرگەی كوردستان توانییەتی ئەو ناوچانە بپارێزێت و ئەوەشی داعش پێشڕەوی كردبوو، هەمووی بە قوربانیدان و خوێنی پێشمەرگە ئازادكرانەوە، بەڵام هێشتا ئەمریكا پشتگیری ئەوە ناكات، ئەم ناوچانە بە رێگەی دەستووری و یاسایی ببنەوە بەشێك لە هەرێمی كوردستان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە پڕۆژەی دەوڵەتی كوردستان دوابخات، چونكە بەبێ چارەسەركردنی كێشەی خاك و گەڕانەوەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، ئەم پرسە كارێكی ئاسان نابێت.

ئەم هەوڵانە كە لەگەڵ بۆچوونی تەواوی دەسەڵاتەكانی ئەم ناوچەیە یەكانگیر دەبنەوەو پشتگیری لێدەكرێت، ئەو پرسیارە لەگەڵ خۆیدا دەورووژێنێت، ئەگەر گریمانەی ئەوە بكەین و بپرسین: ئایا ئەگەر هەوڵەكانتان سەركەوتوو بوو بۆ رێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی كوردستان، سایكس پیكۆ زیندوو دەبێتەوە؟ یان ئایا سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە؟ یان بە دیوێكی دیكەدا ئایا راگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان پرۆسەی سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتەوە سەر سكەو رێگەچارەیەك بۆ ئەم كارەسات و ئاژاوە و ناسەقامگیرییە دێتەئاراوە كە هەموو لایەك لێی سوودمەند بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە كە هەموو بیرمەندان و توێژەرانی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی لەسەر ئاستی جیهان سەرقاڵ كردووە، هەموویان لەیەك خاڵدا یەكدەگرنەوەو پێیانوایە، سووربوون لەسەر مانەوەی سایكس پێكۆ واتە كۆتایی هاتنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستبوونی شەڕێكی مەزهەبی و خوێناوی كە لەوانەیە شەڕی ٣٠ساڵەی ئایینی ئەوروپا لەچاویدا ئاشتی بوو بێت. بۆیە ئەوانەی كە تایبەتمەندن لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك وۆلكەر پیەرتس سەرۆكی ئامۆژگای زانستە سیاسییەكان(SWP)ی ئەڵمانی ئاماژەی پێكردووە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ سیستمی سایكس پێكۆ سەپێندرا و ماوەی ١٠٠ساڵ بەهۆی رژێمە خۆسەپێنەكانەوە بە ئاگر و ئاسن سەقامگیری فەرز كرا، ئێستا دەركەوت ئەم سیستمە خراپە و چیتر ناتوانرێت كاری پێبكرێت، كاتێكیش ئەمریكا و ئەوروپا و چین و رووسیا دەیانەوێت ئەم سیستمە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوا گەلانی ئەم ناوچەیە هەست بە پەراوێزكراوی دەكەن و لەگەڵ دەركەوتنی ئاڵا رەشەكەی داعش هەموویان دوای دەكەون، دەركەوتنی ئەم ئاڵا رەشەش هەر ئەوەندە نییە هاوپەیمانییەكی نێودەوڵەتی لە دژی دروستبكرێت، بەڵكو ئەم حاڵەتە ناوچەكە بەرەو شەڕێكی مەزهەبگەرایی خوێناوی دەبات و لە بەریەكی هەڵدەوشێنێت، لەمەش زیاتر ناكۆكییە ئیقلیمییەكان لەنێوان ئێران لەلایەك و سعودیە و دەوڵەتانی كەنداو و توركیا لەلایەكی دیكە، ناوچەكە بەرەو كێشەیەكی ئیقلیمی گەورەتر دەبات، بۆیە ئەگەر ئەمریكاو هاوپەیمانان بیانەوێت لە شەڕی داعش سەركەوتوو بن، ئەوا دەبێت بیر لە رێگەچارەی پراكتیكی و واقیعی بكەنەوە، تەنیا رێگەش بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە ئەوەیە ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هەیە وەك خۆی دانی پێدا بنرێت و رێزی لێبگیرێت، لەناویشیاندا ئەو ئەزموونە سەركەوتووەی هەرێمی كوردستانە كە ئێستا پێش ئەوەی بووبێتە دەوڵەت لەناو سیستمی نوێی جیهاندا نوێنەرایەتی ناسنامەی نەتەوەیەك دەكات.

لەلایەكی دیكە خۆلادان لەو راستییەی كە كێشەی






سەرەکی ئەم ئاڵۆزی و پاشاگەردانییەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە، کە سەرچاوەکەی فاشیلی و لاوازی ئەو دەوڵەتانەیە کە هۆکاری فاشیل بوون و لاوازییەکەیان پەیوەندی بەو نەخشە سیاسییە سەقەتەوە هەیە کە رۆژئاوا بەسەر ناوچەکەدا سەپاندوویەتی، هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە و گرێکوێرەی زیاتری دروستکردووە، ئەمەش بەو مانایەی لەناو ئەم نەخشە سەقەتەی سایکس پیکۆ ئەو دەوڵەتە بەهێزە دروست نابێت کە ماکس ڤێبەر ئاماژەی پێکردووە بەوەی (دەوڵەت شەرعیەتی بەکارهێنانی هێز و بەرهەمهێنانی هێزی هەیە بۆ پاراستنی خاك و کەرامەتی هاووڵاتیانی، ئەم هێزەش لە رێی سەروەریی یاساییەوە سنووردار دەکرێت بۆ ئەوەی خراپ بەکار نەهێندرێت)، ئەم پێناسەیەی ماکس ڤێبەر بۆ دەوڵەت، بە درێژایی ١٠٠ساڵی رابردوو لەلایەن ئەمریکا و رۆژئاوە تەنیا بەشی یەکەمی لەبەر چاو گیراوە و بەشی دووەمی فەرامۆش کراوە، راشکاوانەتر رۆژئاواو ئەمریکا بواریان داوە (دەوڵەتەکان شەرعییەتی بەکارهێنانی هێزیان هەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەی پێ سەرکوت بکرێت)، بەڵام بەشی دووەمیان فەرامۆش کردووە کە دەڵێت: (پێویستە ئەو هێزە لە رێی سەروەریی یاساوە سنووردار بکرێت بۆ ئەوەی خراپ بەکارنەهێنرێت) بۆیە ئەو مودێلی دەوڵەتەی هەتا ئێستا نەخشە کۆنەکەی سایکس پیکۆی پێ پارێزراوە، ئێستا بۆتە بەشێك لە رابردوو کە چیدیکە کاری پێناکرێت و بەردەوامبوون لەسەری کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە باشترە سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرن کە وەك هێزێکی نوێ لەسەر ئاستی ناوچەکە دەرکەوتووە و هەموو سیفەتێکی ئەو دەوڵەتەی تێدایە کە ئێستا هەموو جیهان بە دوایدا دەگەڕێت و ناتوانن ئەزموونێکی هاوشێوەی کوردستان دووبارە بکەنەوە.

**لەکاتێکدا زۆر باش دەزانێت جارێکی دیکە سیستمە کۆنەکەی سایکس پیکۆ زیندوو نابێتەوە، هەوڵدەدات لەسەر حیسابی خوێن و قوربانیدان و ئاوارەبوونی نزیکەی ١٠-١٥ ملیۆن هاووڵاتی کورد و سووری و عێراقی، لە کاتێکدا سیستمە کۆنەکەی پێ زیندوو ناکرێتەوە، هەوڵبدات سایکس پیکۆ مۆمیا بکات**

مارینا ئۆتاوا
گەورە توێژەری ئامۆژگای ووردۆ ولسن بۆ گوڵان:

# میلیشیای حەشدی شەعبی شیعە ئەو کارە دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت نەک ئەوەی ئەمریکا داوایان لێدەکات

***ئوسامە نوجێفی جێگری سەرۆک کۆمار رایگەیاند بەکارهێنانی حەشدی شەعبی بۆ گرتنەوەی ئەنبار و تکریت و موسڵ شەڕەکە دەگۆڕێت بە شەڕێکی تایفەگەری لە نێوان شیعە و سوننە، لەبەر ئەوە داوای کرد ئەم هێزە بەشداری لە گرتنەوەی موسڵدا نەکات، تا چەند گرنگە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەم دۆخە لە بەر چاو بگرن؟**

- ئێران بە بەراورد بە ئەمریکا هاوکاری تۆکمەتری عێراق دەکات لە شەڕەکەیدا دژ بە داعش، لەو رووەوە کە پشتیوانی زەمینی بۆ دەستەبەر دەکات، نەك تەنها هاوکارییەکی ئاسمانی. گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی دەستێوەردانی ئێران بریتییە لە شەڕکردن لە دژی داعش. دروستبوونی دەوڵەتێك کە لەلایەن رێکخراوێکی سوننی رادیکاڵەوە کۆنترۆڵ کرابێت مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئێران. ئەگەر داعش سەرکەوتوو بوایە لە زاڵبوون بەسەر پێشمەرگەدا، ئەوا دەبوونە هاوسنووری ئێران. ئەگەرچی ئامانجی سەرەکی ئێران شەڕکردنە لە دژی داعش، نەك بەرپاکردنی شەڕ لە دژی سەرجەم سوننەکانی عێراق، ئەوا دەستێوەردانی ئێران بۆی هەیە بارگرژی تایفەگەری بەرەو هەڵکشان ببات، ئەگەر ئەو میلیشیا شیعانەی ئێران پشتیوانییان دەکات، دەست بدەنە ئەنجامدانی تاوان لە دژی سوننەکان. تەنانەت ئەگەر ئەم کارەش نەکەن، ئەوا بوونی میلیشیای شیعە لەو ناوچانەدا کە سوننەکان زۆرینەن تێیاندا دەبێتە هۆی ئەوەی سوننەکان ترسیان لێ بنیشێت.

**ئەگەر تورکیا و سعودیە رۆڵێکی چالاکتریان بگێڕایە لە شەڕی دژ بە داعش، ئەوا بۆی هەبوو ئەم پشتیوانییەیان بۆ حکومەتی عێراق ببووایەتە هۆی ئەوەی کەمتر پشت بە ئێران ببەستێت**

***ئایا دوای گرتنەوەی موسڵ پێشبینی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی دەکەن لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا و پێویستە کورد لەو بوارادا چی بکات؟**

- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ناتوانێت رێگری لە بەشداریکردنی میلیشیا شیعەکان بکات لە گرتنەوەی موسڵ. حکومەتی عێراق و میلیشیا شیعەکان ئەو کارە دەکەن کە دەیانەوێت، نەك ئەو کارەی کە ئەمریکا پێیان دەڵێت بیکەن. من گومانم هەیە لەوەی عەبادی بتوانێت میلیشیا شیعەکان لە شەڕی موسڵ دوور بخاتەوە، چونکە هێزی پێویستی نییە لە ناو سوپای رێکخراوی عێراقدا، نیگەرانین لەوەی هۆکاری هەڵکشانی بارگرژی تایفەگەری هەیە.

***هۆکاری زیادبوونی دەسترۆیشتوویی و کاریگەری ئێران لە عێراقدا بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- ئەگەر تورکیا و سعودیە رۆڵێکی چالاکتریان بگێڕایە لە شەڕی دژ بە داعش، ئەوا بۆی هەبوو ئەم پشتیوانییەیان بۆ حکومەتی عێراق ببووایەتە هۆی ئەوەی کەمتر پشت بە ئێران ببەستێت، بەو پێیە هاوکار دەبوون لە سەقامگیرکردنی عێراقدا. کێشەکە لە ئێستادا ئەوەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی سوپاکەی عێراق پێویستییەکی بە پەلەی پشتیوانی سەربازی هەیە، ئێرانیش زۆرترین پاڵپشتی دەستەبەر کرد بۆ ئەم وڵاتە کە رووبەڕووی هەڕەشە بۆتەوە. کاریگەری ئێران کەم نابێتەوە، تاوەکو عێراق پشت بە هاوکاری ئێران ببەستێت. لە حاڵەتی میسالیدا، نابێت ئێران دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا



**پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوا پێشتر بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە ئامۆژگای کارینجی و ئێستا گەورە توێژەرە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق لە ئامۆژگای وۆردۆ ولسن بۆ دیراساتی ستراتیژی و یەکێکە لە شرۆڤەوانە جیهانییەکان لەسەر پرسی عێراق و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر شەڕەکانی ئەم دواییەی حەشدی شەعبی و هەنگاوەکان بۆ گرتنەوەی موسڵ، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بە مجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

بکات، بەڵام ئەو دەست لەم کارە هەڵناگرێت. بەو پێیە، دەستێوەردانی زیاتری سعودیە و تورکیا ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هاوسەنگییەك بۆ بارودۆخەکە بگەڕێنێتەوە.

*** چۆن لە بەیعەتدانی ڕێکخراوە رادیکاڵ و توندڕەوەکان دەڕوانێت بە داعش، کە بەم دواییە بۆکۆ حەرامیش ئەم کارەی کرد، ئایا ئەمە چ بایەخێکی هەیە؟**

- لە رووی رەمزییەوە، داعش بۆتە سیمبولی ئیسلامی سوننەی رادیکاڵ لە هەموو شوێنێك کە زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی بەیعەت و پەیمانی پێدەدەن. بەڵام لە رووی عەمەلییەوە بەیعەتدان بە دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن بۆکۆ حەرامەوە رەنگە مانایەکی زۆری نەبێت. تا ئێستا ئاماژەی ئەوە لە ئارادا نییە کە داعش هاوکاری بۆکۆ حەرام بکات. لەلایەکی دیکەوە هەندێ بەڵگە هەن کە داعش لە لیبیا تێوەگلاوە، هەروەها لە سیناش، کەواتە راگەیاندنی بەیعەتدان لەو ناوچەیەدا پتر بایەخێکی رەمزی دەبێت.

***جگە لە عێراق و سووریا و لوبنان، میلیشیا شیعەکان لە یەمەنیش بوونیان هەیە- وەك حوسیەکان- هەروەها لە بەحرێنیش، ئایا ئەمە زەمینەی شەڕێکی بەربڵاوی ئیقلیمی دروست نەکردووە؟**

- من هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکەم کە میلیشیا شیعەکان ئامادەکاری بکەن بۆ شەڕێکی گەورە بۆ دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ناوچەکە، خۆ ئەگەر ئەم کارەش بکەن، ئەوا ڕووبەڕوی دژوارییەکی زۆر دەبنەوە. دەکرێت میلیشیا شیعەکان سوود لە لاوازی و هەڵە سیاسییەکانی حکومەتەکان وەربگرن بۆ پێشڕەویکردن. بۆ نموونە، سەرکەوتنی حوسیەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەنعا لەبەر ئەوە بوو کە بۆ چەندین مانگ بوو حکومەتی —ئەو وڵاتە- لە پشێویدا بوو، بەڵام سنوورێك هەیە بۆ هێزی میلیشیا شیعەکان. ئەوەتان لە یاد بێت کە جگە لە بەحرێن شیعەکان لە سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکاندا کەمینەن.

*** لەسەر بەشداریکردنی ئەمریکا و ناتۆ لەگەڵ گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی و حەشدی شەعبی و حزبوڵڵا لە شەڕەکەیاندا دژی داعش راتان چییە؟**

- لە ناوچەکەدا بارگرژی لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا هەیە، ئەمە گومان هەڵناگرێت. بەڵام ئەوەش ڕاست نییە بڵێن ئەمریکا شەراکەت لەگەڵ هەموو ڕێکخراوانەدا دەکات کە ئێوە ئاماژەتان پێکردن. ئەوان بێ ئەوەی ببنە هاوپەیمان پێکەوە کار لە دژی دوژمنێکی هاوبەش دەکەن، بەو چەشنەی کە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بێ ئەوەی هاوپەیمانی یەکتر بن، بەڵام شەڕیان لە دژی هیتلەر و ئەڵمانیا دەکرد. ئەو وڵاتانەی خۆشحاڵ نین بەم پێکەوەبوونەی ئێران و ئەمریکا ئەوا دەبێت بڕیارێك بدەن: ئایا دەیانەوێت ئەمریکا بەشدار بێت لە شەڕی دژ بە داعش تەنانەت ئەگەر ئێرانیش شەڕ لەگەڵ داعشدا بکات؟ یان دەیانەوێت ئەمریکا لە عێراق و سووریا بکشێتەوە و گۆڕەپانەکە چۆڵ بکات بۆ ئەوەی ئێران ببێتە تاکە وڵاتێك کە هاوکاری عێراق بکات لە شەڕی داعشدا؟

**گومانم هەیە لەوەی عەبادی بتوانێت میلیشیا شیعەکان لە شەڕی موسڵ دوور بخاتەوە، چونکە هێزی پێویستی نییە لە ناو سوپای ڕێکخراوی عێراقدا**



# ئایندەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەرەکان

## چی ڕوودەدات؟ هەڵەکان لە کوێدان؟



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**«ململانێ لە سووریا و عێراق و دەوروبەریان، ئاڕاستەیەکی نوێی ڕەشبینانەی وەرگرتووە: بۆ چەند یەکەیەکی هۆزگەری و تایەفەگەر، دەوڵەت تێکوپێک دراوە و هەندێک لەم یەکانە سنوورەکانیش دەبەزێنن، لە ململانێیەکی زۆر توندی یەکتریدان و کێبەرکێکردنیان کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتی هۆکارە دەرەکییەکانەوە، ئیتر هیچ حیسابێک بۆ ڕێسا گشتییەکان ناکەن، جگە لە یاسای هێزی مۆنۆپۆلخوازییانە نەبێت ـ وەک چۆن هۆبز بە یاسای ململانێی سروشت وەسفی کردووە».**
**(لە لاپەڕە ١٤٢ی کتێبی WORLD ORDERی هنری کیسنجەر هاتووە کە لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.)**

**«بۆیەکەمین جار پێش ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر فەرمانڕەوایان و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین ڕووبەڕووی بیرۆکەی گرتنەئەستۆی هەموو بەرپرسیارەتییەکانی وڵاتەکانیان دەبوونەوە، بەوەی خۆیان بڕیارەکان دەربچوێنن و هەر هەڵەیەکیشیان بکردایە خۆیان هەموو بەرپرسیارێتییەکیان دەکەوتە سەرشان».**
**(برنارد لویس، داهاتووی خۆرهەڵاتی ناوین، ٢٠٠٠، لاپەڕە٢٠)**

بە ڕای فۆکۆیامای بیرمەندی لیبراڵ، جیهانی عەرەبی و ئەورووپی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە، هیچ ئەزموونێکی پێشوەختەیان لەسەر دیموکراتیەت نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوو مۆدێلی سیاسی چەسپاو بۆ دیموکراتیەت دەخاتەڕوو کە لە ئەزموونی ئەمریکاو وڵاتانی خۆرئاواییەوە هەڵێنجێنراوە، ئەم حاڵەتەی جێبەجێکردن و چەسپاندنی دیموکراتیەتە جێی گومانە لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، چونکە جیاوازی زۆر و زەبەند هەیە لە نێوان ئەزموونی خۆرئاوایی و ئەزموونی خۆرهەڵاتی ناوین، ئەم بابەتە بە تایبەتیش لە مەسەلەی بەسیاسییکردنی ئایینەوە، گەرچی ئایین ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە سەدەی نۆزدەیەمی ئەورووپادا، حزبی نیشتمانی ئەڵمانی و پارتە مەسیحیەکانی دیموکرات لە فەرەنساو ئیتاڵیا بۆ بەرگریکردن لە ئایین وەك پێچەوانەی بەرژەوەندییە چینایەتیەکان دامەزرێنراون، بەڵام تا ئێستاش نەتەوەییبوون و چینایەتی وەك سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دیاریکردنی شوناس لە ئایین زیاتر دانیان پێدا دەنرێت. کەچی لە خۆرهەڵاتی ناوین ئەمە بە پێچەوانەوە کەوتۆتەوە( گەرچی لە ساڵانی پەنجایەکان و حەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا ڕەنگڕێژکردنەکانی سیاسەت زیاتر لە ژێر سایەی نەتەوەییە عیلمانیەکاندا بوون، هەندێکی کەمیی لە بندەستی سۆسیالیستە چەپەکان و حزبە شیوعیەکاندا بووە.)

بیرمەندی عەرەبی (عەبدولحوسێن شەعبان) لەم ڕووەوە دەنووسێت « ئەمریکا لەو بڕوایەدا بوو کە ئەگەر عێراق بگرێت و ڕژێمەکەی لەناوبەرێت، دەشتوانێت سیستمێکی نوێ بەسەر داروپەردووی ڕژێمی پێشوو دامەزرێنێت و نیگەرانی لە ناوچەکەدا نەهێڵێت و تیرۆری جیهانی پێ لەناو دەچێت» کەچی پێچەوانەی ئەمە قەوما، «دۆخی عێراق بوو بە سەرچاوەیەك بۆ ناسەقامگیرێتی تازەی سامناکتر لە جارانی پێشووی، ئەم مەترسییەش تەنیا هەڕەشە نەبوو لەسەر عێراق، بەڵکو پەتای توندوتیژی بە خێرایی گواسترایەوە بە وڵاتانی دەوروبەریش، تا دەگاتە باکووری ئەفەریقیا و تەنانەت ئاسایش و ئارامی هەموو دنیای لەرزاند.»

دەستێوەردانە دەرەکییە سەربازییەکان پاساو و بەهانەکانیان هەرچییەك بێت، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پەرەسەندنەکانی پاشتری وڵاتانی ناوچەکە جێهێشتووە، وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ی ئەفغانستان و ٢٠٠٣ی عێراق و ٢٠١١ی لیبیا و هەروەها دەستێوەردانی نیمچە سەربازیی لە سووریادا ڕوویاندا.

هەموو ئەم ئەزموونانە چالاکی و کردەوەی توندڕەوانە

**گالبێرس وای دەبینێت کە دابەشبوون تەنیا دەرچە و چارەسەرێکی ئەمریکایە بۆ دەربازبوونی لە عێراق، بۆیە دەڵێت: پێویستە ستراتیژیەتی ئێستامان ڕاستبکەینەوە، چونکە هەوڵدان بۆ بیناکردنەوەی دامودەزگای نیشتمانی و نەتەوەیی لە وڵاتێکدا کە هەموو بنەماو پێگەی دەوڵەتمەداری تێدا لەناوبرابێت، تەنیا ماندووبوونێکی بێسوودەو نامانگەیەنێتە هیچ شتێک**

دەوڵەتە براوەکان لە وێنەکێشانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتین لە: دەوڵەتانی عەرەبی شیعە، کوردستانی ئازاد، بلوچستانی ئازاد، دەوڵەتی پیرۆزی ئیسلامی، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی زیان دەکەن بریتی دەبن لە: ئێران و عیراق و سعودیە و کوێت و قەتەر

و پەرگیرانـــەی زیاتـــری لێکەوتـــەوەو ڕێگەیان بۆ توندوتیژی تایەفەگەری سیاســـی خۆشکرد، وێڕای بــە ئامانجکردنـــی پێکهاتـــەکان و کەمینە ئیتنی و ئایینییـــەکان و گرووپـــە کەلتوورییەکانی تر کە پێکرا کەوتوونەتە بەر پەلاماردان بە مەبەستی لەناوبردنیان.

گرتنەبـــەری ڕێگەی ڕووخاندنی هەر سیســـتمێکی سیاســـی ئەگەر لە ڕێی دەســـتێوەردانی دەرەکیانەی سەربازیی و توندوتیژانەوە بێت، کاردانەوەی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، کاری تونـــد کاردانەوەی توندتری لە دوا دێت، تا وڵاتەکە بەســـەر توندوتیژی وکاردانەوەی توندوتیژیدا دادەڕوخێت، جگە لەوەی کە دیموکراتیەت و ئازادی و دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی کە خەونێکی ئەرخەوانی زەمانێك بووە چیتر دوور دەکەونەوە.

بیتەر گالبێرسی دیپلۆماتکاری ئەمریکایی لە کتێبی ـ کۆتایی عێراق ـ نووســـیویەتی: «ئەمریکییەکان لە عێراقدا بە کراوەیی جەنگیان هێشـــتۆتەوە و ڕەنگە بۆ سەد ساڵی تر درێژە بکێشێت، بەهۆی سیاسەتەکانیانەوە، لە پاش داگیرکاری ئەو وڵاتەیان هەڵاهەڵا کرد، نە لە توانای خۆیاندایە و نە لە توانای کەسدایە سەرلەنوێ پارچـــە شـــکاوەکانی عێراق لێکبنێنـــەوە، جەنگێکی ناوخـــۆی ماڵوێرانکار دەبێتە ناونیشـــانی ســـاڵانی دواتری عێراق، تا پرۆســـەی دابەشـــکردن سەقامگیر دەبێت، نەخشەکانی پێشـــووی دەوڵەتۆکەکانی پێشوو دەســـڕدرێنەوە، ئەوجا دەتوانرێت بوترێـــت عێراقێکی نوێ لەدایك بـــووە، ئەمریکا بە نیاز بوو عێراق بکاتە نموونەیەك بۆ دیموکراتیـــەت کەچی وەریچەرخاندووە بۆ مەیلکردن بە لای دابەشـــبوونی بۆ ســـێ دەوڵەت، دەوڵەتێکـــی کوردی لە باکـــووری مەیلخواز بە لای خۆرئاوادا، دەوڵەتێکی شیعیی لە باشوور مەیلخواز بە لای ئێران، دەوڵەتێکی سونەیی لە ناوەند بێ ناسنامەی پڕ لە ئاژاوەو وێرانەییدا.

گالبێرس داوای لە کۆشـــکی ســـپی کـــرد ددان بە هەڵـــەی خۆیدا بنێت کـــە هیچ شـــتێك نییە عێراق بگێڕێتەوە جاری جاران، ئەگەر سەرلەنوێ نەخشەکان دانەڕێژرێتەوەو سروشتی پێوەندییەکانی ئەو دەوڵەتۆکانە پێکنەهێنێتەوە بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت، چونکە دەوڵەتـــی عێراق لە پاش هەڵمەتەکەی ئەمریکاوە وردە وردە لێکهەڵدەوەشـــێتەوەو هەموو دەزگا دەوڵەتیەکانی وردوخـــاش دەبن)) لەم بارەیـــەوە فۆکۆیاما ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عێراق لەژێر سایەی سەدامدا دەوڵەتێکی ئەکتیف بـــووەو بەهۆی داگیرکاریـــی ئەمریکاوە لە ئـــازاری ٢٠٠٣وە داڕووخـــا، ئیتر ســـوپای عێراقیان هەڵوەشـــاندەوەو ئەو وڵاتەیان لە ساڵانی ٢٠٠٥ـ٢٠٠٦

بـــەرەو جەنگـــی ناوخـــۆ پەلکێش کرد، لـــە کاتێکدا ئامانجـــی داگیرکارییەکەی ئەمەریکی بریتی بوو لە پرۆســـەیەك بۆ بونیادنانەوەی عێراق state building (Fukuyama. Politcal Order and Political Decay،2014)P.314.5

گالبێرس وای دەبینێت کە دابەشـــبوون تەنیا دەریچەو چارەســـەرێکی ئەمریکایە بۆ دەربازبوونی لە عێراق، بۆیـــە دەڵێـــت پێویســـتە ســـتراتیژیەتی ئێســـتامان ڕاســـتبکەینەوە، چونکە هەوڵدان بـــۆ بیناکردنەوەی دامودەزگای نیشـــتمانی و نەتەوەیی لە وڵاتێکدا کە هەموو بنەماو پێگەی دەوڵەتمەداری تێدا لەناوبرابێت، تەنیا ماندووبوونێکی بێســـوودەو ئامانگەیەنێتە هیچ شـــتێك تەنیا ئەوەندە نەبێت ئەمریکا لە ناو جەنگێکی بێکۆتاییدا دەهێڵێتەوەو بەس.

گالبیـــرس بەوە ئیدارەی بۆشـــش تۆمەتبـــار دەکرد، کە ئەمریکای پەلکێشـــی ناو شـــەڕێك کردووە تەنیا بـــۆ شـــەڕکردن، ئارەزوویەکـــی گەرمـــی هەبوو بە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی ئەفغانستانیی، وایدەزانی ئامانجەکانی لە عێراقیشدا بە ئاسانی دێنێتەدی.

بەر لەویش برنارد لویســـی مێژوونووس ســـەبارەت بە خۆرهەڵاتی ناوین ئەمەی نووسیوە

لە سەدەی بیستەمدا ئەوە ڕوونبۆتەوە کە خۆرهەڵاتی ناویـــن و وڵاتانی ئیســـلامی بـــەرەو بارێکی خراپ ڕۆچوون بە بەراورد لەگەڵ نەیارە هەمیشـــەییەکەیان کە جیهانی مەســـیحییە، جیهانی ئیســـلامی ڕووی لـــە هەژاری و نەزانی کردووە لە پاش ئەوەی پێشـــتر بەهێز و دەوڵەمەند بوون، دۆڕاندنی ســـەرکردایەتیکردن و وەرچەرخانیـــان بۆ لایەنگریـــی کوێرانەی خۆرئاوا کارێکی هێندە سانا نییە.

لەمەوە ئەو پرسیارە چوزەرە دەردەکات: چ داهاتوویەك چاوەڕوانی خۆرهەڵاتی ناوینە؟

ئەم وەڵامە دەدەینەوە: ئەم ئاژاوە و ململانێ و ناکۆکییە خوێناوییە توندوتیژانە چین باڵی بەســـەر ناوچەکەدا گرتووە؟ بۆچی ئـــەم هەمـــوو ڕووداوە ڕۆژانەییانە، هەمووی لە یەك ناوچەدا کۆدەبنەوە، کەچی ناوچەکانی تر لە ئارامی و ئەمان و بێدەنگیدان؟

ئایا دۆزەکان ڕەگ و ڕیشـــەی سۆسیۆلۆژییان هەیە، یان سیاســـی و ئابـــووری و کەلتـــووری و فکری و ئایینی، یان بەهۆی کارتێکەری دەرەکی زاڵدەستەوەیە کە چارەنووسی خەڵك و خاکی ناوچەکەیان بە دەستەوە گرتووە؟

گەماڕۆدانـــی ئەم بابەتـــە تێکئاڵاوە، پێویســـتی بە درککردنە بە ڕەهەندە مێژوویەکانی.

راستکردنەوەی سنوورەکانی نێودەوڵەتی پێویستی بە سازانێکی ویستی گەلان هەیە کە ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت، بەڵام بۆ خێرا جێبەجێکردن و لەبەر کەمیی کات پێویستە خوێن بڕژێت بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لەگەڵ قۆستنەوەی فاکتەری کات لە بەرژەوەندیی ئەو پلانە

### ڕەهەندی مێژوویی:

ململانـــێ لەنێوان خۆرهـــەڵات و خۆرئاوا بە کۆنینی مێژوو کۆنە، ئەوە بەسە ململانێی توندی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی یۆنانیی و فارسی باس بکەین کــە بە داگیرکاری ئەســکەندەری گەورە گەیشــتە چڵەپۆپەی خۆی کاتێ هەموو خۆرهەڵاتی داگیرکرد تا دەگاتە سنووری چین.

ئەم پەلاماردانە بۆ ســەر خۆرهـــەڵات کارلێکەوتەی قووڵی ســایکۆلۆژی قووڵی لێ پەیدابوو، دەسەڵاتی بێگانەی بەسەر ناوچەکەدا زاڵکردەوە.

بەڵام مێـــژووی هاوچەرخی خۆرهەڵاتـــی ناوین لە ســـەرەتای ســـەدەی هەژدەیەم پاش هێرشی ناپلیۆن پۆناپـــارت بۆ ســـەر میســـر ١٧٩٨ـ ١٧٩٩ بە دواوە دەســـتی پێکرد، کاتێ یەکەمیـــن چاپخانەی عەرەبی لەگەڵ خۆیدا بـــە ناوی بولاق هێنا (لـــەو ماوەیەدا لە خۆرهەڵاتی ناوین تەنیا دوو دەوڵەتی ســـەربەخۆی عوسمانی و ئێرانی هەبوون)، بەم داگیرکارییە بۆ سەر میسر قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ناوچەکە سەریهەڵدا کە لـــە دەرەوە کەوتبووە بن دەســـتی هێزێکی نوێ و بە هۆیـــەوە بنەمای پێوەندییە نێودەوڵەتیی تازەی تێدا چەســـپێنرا کە چارەنووسی ناوچەکەو دانیشتووانەکەی خستە بندەســـتی هێزە دەرەکییەکانی کە لە ململانێدا بوون بۆ نەخشاندنی سنووری ناکۆکییەکانی نێوانیان، سروشـــی ئەم ململانێیانە بریتی بوون لە دەستێوەردان و تێوەگلان و ســـنووربڕن و دزەکـــردن و مۆنۆپۆلکردن و داگیرکردن.

بەشـــێکی گرنگ لەم ململانـــێ و ناکۆکییانە بریتی بوو لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا، کە جەنگی سارد باڵی بەســـەردا کێشان و تا ڕووخانی ئیتیحادی ســـۆڤێتی لە ســـاڵی ١٩٩٠ بەردەوام بوو، ئیتر پاش ئـــەوە دیاردەیەکی نوێ و بارێکـــی جیۆپۆلەتیکی بۆ جیهان دروست بوو: شـــەپۆلێکی نوێ سەربەخۆبوونی ناوچەکانی کە پێشتر دەوڵەتی گەورەبوون هاتەئاراوە،٨ دەوڵەتی سەر بە ئاســـیای ناوەندو ناوچەی قۆقاز کە لـــە ڕووی مێژووییەوە بەشـــێك بوون لـــە ناوچەکانی خۆرهەڵاتـــی ناوین، ٥دەوڵەت کە پێشـــتر ســـەر بە فیدراڵیەتـــی یوگوســـلاڤیا بوون، ٢ دەوڵـــەت کە لە فیدراڵیەتی چیکوسلۆڤاك کەوتنەوە.

ئیتر بەم گۆڕانکارییانەوە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین لاسەنگ بووەوە، بارودۆخەکەی بە دینامیکیەتی توند دەناســـرایەوەو ڕۆژانە گۆڕانکاری کتوپڕو خێرا تیایدا ڕوودەداو هاوکێشەکانی نێودەوڵەتی و پەلوپۆکانی بەو گۆڕانکارییانە کاریگەر دەبوون.

### ڕەهەندی سیاسی: هاوسەنگی هێز

ڕووخانی ڕژێـــم لە عێراقدا ســـاڵی ٢٠٠٣ بووە هۆی نالەبارییەکی تازە کە تا ئێستاش نیگەرانی لێکەوتۆتەوە، ئەویش ناهاوســـەنگبوونی هێزە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، عێراق توخمێکی گەوهەرییانەیە لە پاراســـتن و بەردەوامبوونی حاڵەتی هاوسەنگبوونی هێز (سەرەڕای ناسەنگینی و کەموکورتی کاتی)، داڕووخانی دەزگاکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە عێراق ڕۆڵی خۆی بزرکردووە وەك توخمێکی هاوسەنگێتی هێـــزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لـــە ململانێکاندا، بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتـــە (دەوڵەتێکی پەراوێز)، یان بەرەو (دەوڵەتێکی فاشیل) سیما دەگرێت.

ئـــەم دۆخە حاڵەتێکی نوێی خوڵقاند: ململانێ لەســـەر بەرژەوەندی و هێزو دراوو بەســـەر خاکی دەوڵەتێکەوە کە قەیرانەکان و ململانـــێ و جەنگە بەردەوامەکانی عێراق کێڵاویەتی.

ئەم ناهاوسەنگبوونەی هێزە کە عێراقی پەلکێشی چەندین جەنگ کرد، وەك ڕیتشـــارد هاس جەختی لێدەکاتەوە کە ئێمە ڕووبـــەڕووی جەنگێکی ئەهلی ئایینی بووینەتەوە ڕەنگـــە تا ٣٠ ســـاڵ درێژەی هەبێت، ئـــەم جەنگەش واقیعی سیاســـییانەی خۆرهەڵاتی ناوین دەگۆڕێت و سەرلەنوێ سنوورەکان دادەڕێژێتەوەو وەك بیتەر ڕاڵف لە لێکۆڵینەوەیەکیدا کە ســـاڵی ٢٠٠٦ بڵاویکردۆتەوە کە ئەم پێکهاتنە تازەیەی ســـنوور خوێنـــاوی دەبێت، بۆیە بە(سنووری خوێن) ناوزەد دەکرێت: Blood borders. ?How a better Middle East would look

ڕەنگە هزرو بیری ئەو شـــتێك بێـــت لە خەیاڵ، بەڵام پشـــت بە واقیعی جیۆسیاســـیی دینامیکیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دەبەســـتێت، ئەوەی کە ئەمڕۆ لەســـەر ئەرزی واقیع ڕوودەدات کە لەمیانی پاکتاوی ئیتنـــی و تایفەگەریـــی دەستنیشـــان دەکرێت و چەند توێژێکـــی جیاواز لـــەو دەوڵەتانەی لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دامەزراون، پەیڕەوی دەکەن. (پیتەر رالف) هۆشـــداری دەدات لەوەی کە بارودۆخـــی نێودەوڵەتی ئەگەر لە هاندانی بوونی ئەم دەوڵەتۆکانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بوو، ئەوا ئێمە هەر بەردەوام ململانێی خوێناوی دەبینین لەسەر بنەمای ئایینی و تایفەگەری و ئیتنـــی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، دواتر جارێکی دیکە وێنەکێشـــانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کە دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی دەوڵەتان و دامەزراندنی دەوڵەتانی دیکە، واتا ســـعودیەو قەتەر و عێراق و کوێت کۆتاییان دێت و بارودۆخی دەوڵەتانی وەك تورکیاو ئێران و پاکستان و ئەفغانستانیش دەگۆڕێت.

**ناهاوسەنگبوونی هێزە کە عێراقی پەلکێشی چەندین جەنگ کردووە، وەک ڕیتشارد هاس جەختی لێدەکاتەوە کە ئێمە ڕووبەڕووی جەنگێکی ئەهلی ئایینی بووینەتەوەو ڕەنگە تا ٣٠ ساڵ درێژەی هەبێت، ئەم جەنگەش واقیعی سیاسییانەی خۆرهەڵاتی ناوین دەگۆڕێت و سەرلەنوێ سنوورەکان دادەڕێژێتەوە**

**گرتنەبەری ڕێگەی ڕووخاندنی هەر سیستمێکی سیاسی ئەگەر لە ڕێی دەستێوەردانی دەرەکیانەی سەربازیی و توندوتیژانەوە بێت، کاردانەوەی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، کاری توند کاردانەوەی توندتری لە دوا دێت، تا وڵاتەکە بەسەر توندوتیژی وکاردانەوەی توندوتیژیدا دادەڕوخێت**




دەوڵەتە براوەکان لە وێنەکێشانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەوە دیاریدەکات کە بریتین لە: دەوڵەتانی عەرەبی شیعە، کوردستانی ئازاد، بلوچستانی ئازاد، دەوڵەتی پیرۆزی ئیسلامی، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی زیان دەکەن بریتی دەبن لە: ئێران و عێراق و سعودیەو کوێت و قەتەر.

بە بۆچوونی پیتەر رالف ئەو سنوورانەی کە زیاتر هەڕەمەکی و شێواون لە جیهاندا ئەوانەن کە لە ئەفریقیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان، چونکە ئەو سنوورانە بە پێی بەرژەوەندیی تایبەتیی ئەوروپییەکان نەخشەیان بۆ کێشراوە، هەرچەندە ئەوانە ئەوەندە کێشەیان هەیە تایبەت بە پێناسەکردن و وێنەکێشانی سنوورەکانیان، بۆیە ئەو باسە مانای وایە کە تا ئێستا ململانێ و گیان لەدەستدانی ملیۆنان کەس لە دانیشتووان بەردەوامە، بەڵام سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست — بە خواستنەوەی جیاواز لە چەرچڵەوە- ئەوەندە کێشەو گرژیی تێدایە کە ناکرێت لە ناوخۆدا بەکاربرێت و بە گوێرەی ژمارەی ئەو بیانووانەی کە پاکانە بۆ تێپەڕاندنی ئەو پرۆژانە دەکەن لەوانە:

١- سنوورەکانی ئێستا ئەوانەن کە بریتانیاو فەرەنسا لە سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نەخشەیان کێشاون کە سنووری دادپەروەرانە نین.

٢- کەوانەی سنوور کە زۆر ئاڵۆزو بێسەروبەرن لە جیهاندا دەکەونە ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم سنوورانە دەبنە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕوشۆڕ لەو ناوچەیەدا، بۆیە پێویستە بگۆڕدرێن و جارێکی دیکە وێنەی بکێشرێنەوە تاکو مافە زەوتکراوەکان بدرێنەوە بە کەمایەتییە مەزهەبی و نەتەوەیی و ئیتنیەکان.

٣- ڕاستە لەهەندێ حاڵەتدا، گرووپە جیاوازەکانی ئیتنی




و ئایین لێك تێدەگەن بە شێوەیەك لەگەڵ یەكدی دەژین و ئاوێتەی یەكدی دەبن، بەڵام زۆر جار تێكەڵبوون بە خوێن یان بیروباوەڕ لە شوێنی دیكە سەركەوتن ناهێنێت بە قەد ئەو یەكێتییەی كە لە ناو یەك گرووپدا دێتە ئاراوە، بۆیە پێویستە ئەم گۆڕانكارییە لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام بدرێت.

٤- سنووری وێنەكێشراوی دەوڵەتان بە هیچ شێوەیەك چەسپاو نین و نابێت دەستبەرداری ئەو پاساوە بین كە دەڵێت سنووری ئەو دەوڵەتانە نابێت بگۆڕدرێن، چونكە گوزارشت لە واقیعێك دەكەن كە لەوەتەی هەزاران ساڵە لەئارادان، هەروەها پارێزگاری لێكردنیان پێویستی بە دانی باجی ئەو كێشانە دەكات كە بە هۆیانەوە روودەدەن.

٥- سنوورەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناڕێكییەكی ئەدای كار لەنێو خودی دەوڵەتێك یان لەنێو خودی دەوڵەتەكان دێنێتەئاراوە، بەتایبەتی لە میانی رەفتارەكانی دژ بە كەمە نەتەوەیی و ئایینی و ئیتنیدا، یان بە هۆی پەڕگیریی ئایینی یان نەتەوەیی و مەزهەبی، بۆیە پێویستە كۆتایی بەم شتە بهێنرێت.

مەبەست لەم هەمواركردنەوەیە، هەروەك پیتەر رالف دووپاتی دەكاتەوە بریتییە لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێكی مرۆیی كە پەیوەستن بە دادپەروەری و دیموكراسی و هاوسەنگی و چەند ئامانجێكی دیكەی سەرەكی:

١- كۆتایی هێنان بەو ستەمەی كە ژمارەیەك لە كەمە نەتەوەییەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری بوونە لەوانە: كورد، بلوچ و شیعەی عەرەب، هەرچەندە ئەو هەمواركردنە چاوەڕوانكراوانە بەرژەوەندیی ئەم توێژانە لەبەرچاو دەگرن، بەڵام ناتوانن بەرژەوەندیی

کەمایەتییەکانی دیکە بێننە دی.
٢- بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە تەواوی بە هۆی ئەو هێزە ئەمریکییانەی کە لە ناوچەکە جێگیربوونە هەروەها هاوپەیمانەکانی لە دەوڵەتانی ناوچەکە یان جیهان.
٣- دابینکردنی هەناردەکردنی نەوت بە تەواوی بێ کەموکورتی بۆ رۆژئاوا بەبێ هیچ کۆت و بەندێك.
٤- وەدیهێنانی ئاشتیی تەواو لە رێی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە سنوورەکانی جیۆ-سیاسیی دەوڵەتەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت.

ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە کە: ئەم گۆڕانکارییە چۆن روودەدات؟ ئایا بە رێگەیەکی ئاسان و لاستیکییە، یان بە رێگەیەکی توندوتیژییە؟ ئەم گۆڕانکارییە لە سنوورەکانی ئێستا و هەموارکردنیان بۆ هێنانەکایەی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ، ناکرێ بە ئاسانی و خێرایی ئەنجام بدرێت، چونکە راستکردنەوەی سنوورەکانی نێودەوڵەتی پێویستی بە سازانێکی ویستی گەلان هەیە کە رەنگە زۆر زەحمەت بێت، بەڵام بۆ خێرا جێبەجێکردن و لەبەر کەمیی کات پێویستە خوێن برژێت بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لەگەڵ قۆستنەوەی فاکتەری کات لە بەرژەوەندیی ئەو پلانە.

**رەهەندی ئاینده**

هەر چییەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدات هەمووی لە پێناو شتی ئایندەیە کە پەیوەستە بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە بارودۆخەکە بەڵام لە بەرژەوەندیی کێ؟

ئەو گۆڕانکارییانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە میان و دوای جەنگی دووەمی جیهانی روویان دا، ئەوەیان دەرخست کە ئەو گۆڕانکارییانە لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە زلهێزو باڵادەستەکانی سەر ئاکارو ئاراستە کانی سیاسیی نێودەوڵەتی هاتوونەتە ئاراوە، ئەو بەرژەوەندییانەش سروشتێکی جووڵاویان هەیە و بە گوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی روودەدەن دەگۆڕێن.

ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەتەی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە گۆڕانکاریی گرنگی بەخۆیەوە بینین، گرنگترینیان سەرهەڵدانی شەڕە ئیقلیمییەکان و شەڕەکانی ناوخۆ کە کاریگەرییان هەبوو بۆ سەر رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچەیە و خستنیە نێو گێژاوی گرژی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لە ٢٠١١ لە تونس و میسر و سووریا و عێراق و بەحرەین و ئێران و یەمەن و شوێنی دیکە دەستیان پێکرد، ئەم گرژی و ئاژاوانە درێژەیان کێشا تا گەیشتە ( شۆڕشە میللییەکان)کە (لاری دایمۆن بەوەو وەسفیان دەکات کە بریتین لە شەپۆلی چوارەمی دیموکراسییەت) کە کاریگەریان لەسەر بوونی ئەو دەوڵەتە هەیە کە تێیدا روودەدات و رەنگە ببێتە هۆی لەبارچوون و هەرەسهێنانی، (برنارد لویس) کۆمێنتی لەسەر ئەم دۆخە هەیەو دەڵێت: رەنگە هەرەس هێنانی یەکێك لەو دەوڵەتانە یان هەڵوەشاندنەوەی رەوشێکی مەترسیداری لە ناوچەکە بخولقێنێت، بەتایبەتیش لە دەوڵەتانی دەوروبەر، ئەمەش هەڕەشەیەکە بۆ دەوڵەتانی لاواز و وروژێنەریشە بۆ دەوڵەتانی بەهێز، لەوانەیە لەم ناوچەیە نموونەی لوبنانی دووبارە بێتەوەو دراوسێیی نزیك و دووریش بە بێ جیاوازی دووچاری ببن.

ئەم شەڕانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هەروەها لە جیهاندا) شەڕی تازەن، بیرمەندی ستراتیژیی فەرەنسایی (پرتران بادی) دەنووسێت: لەبەر ئەوەی ئەو شەڕانە شێوازێکی تازەن کە زیاد لە پێویست توندوتیژییان تێدایە و بەتەواویش جیاوازن لەو توندوتیژییەی لە شەڕە نەریتییەکاندا هەیە، ئەم توندوتیژییە لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەوتووەوە هاتووە، هەروەها لەبەر خستنەڕووی ئایدیۆلۆژیای تازەوەیە، ئەم شەڕانە رەهەندی ئێتنیشیان هەیە کە لە شەڕە نەریتییەکاندا بەدەر نەدەکەوتن.

بەم شێوەیە بێتوانایی و نەشیاویی دەوڵەت لە زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی بەدەنگەوە نەهاتنی داخوازیی هاووڵاتیان لە دیموکراسییەت و ئازادیدا (لە ناوچەیەك، کە فۆکۆ یاما، بەوە وەسفی دەکات کە کەلتووری قبوڵکردنی دیکتاتۆریەتی هەیە)، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت ئەو گرژی و ئاژاوانە کۆنترۆڵ بکرێن و نەهێڵدرێت پەرەبسێنێت بەرەو هەڵدێری مەترسیدار کە کاریگەرییان بۆسەر بوونی هەیە و بەرەو جۆرێك لە دەوڵەتانی فاشیلیان دەبات، گرنگترین هۆی ئەم بارودۆخە (خراپ)ەی دەوڵەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە لە میللەتەوە دوورن، ئەمەش بۆشایی و مەودایەکی درێژی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەو هاووڵاتیان دروستکردووە کە دواتر کاریگەریی هەیە بۆ ئاستی شەرعییەتبوونی ئەم دەوڵەتانە.

دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری قەیرانێکی سیاسیی بەردەوام بوونە و ئەو توانایەیان نییە بۆ چارەسەرکردنیان و دواتر زۆربەی ئەو دەوڵەتانە نزیکن لەو حاڵەتەی کە پرۆفیسۆر هنتکتن دیاریکردووەو وەسفی کردووە بەوەی کە حاڵەتی هەرەسهێنانی سیاسییە، ئەم حاڵەتە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە دامەزراوەکانی دەوڵەت Political Decay توانای بەدیهێنانی داواکارییەکانی پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان

**لە میانی خوێندنەوەی رووداوەکان لە چەند مانگی رابردوودا دەردەکەوێت کە هەرێم هەڵوێستێکی روونی هەیە بەوەی کە ببێتە بەشێك لە بزاوت و چالاکییە (سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان) تاکو بتوانێت ببێتە بەشێك لە ماشێنی دروستکردنی بڕیاری پەیوەست بە چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**لە سەدەی بیستەمدا ئەوە روونبۆتەوە کە خۆرهەڵاتی ناوین و وڵاتانی ئیسلامیی بەرەو بارێکی خراپ ڕۆچوون بە بەراورد لەگەڵ نەیارە هەمیشەییەکەیان کە جیهانی مەسیحییە، جیهانی ئیسلامی رووی لە هەژاری و نەزانی کردووە لە پاش ئەوەی پێشتر بەهێزو دەوڵەمەند بوون، دۆڕاندنی سەرکردایەتیکردن و وەرچەرخانیان بۆ لایەنگریی کوێرانەی خۆرئاوا کارێکی هێندە سانا نییە**

نییـــە، ئەمەش مانای وایە کـــە ناتوانن بارودۆخی تازە لەخۆبگرن.
Fukuyama،p.27; Huntington، Political Order ((in Changing Socities،1968

ئەم دەوڵەتانە توانـــای بەدەنگەوەهاتنی داخوازییەکانی پەیوەست بە دیموکراسییەتیان نییە، فۆکۆیاما دووپاتی دەکاتەوە کە وێڕای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بەهاری عەرەبی هیچ دیاردەو ئاکارو نیشـــانەیەك لە ئارادا نیە بەڵگـــە بێت بۆ نزیکـــی ســـەرهەڵدانی حکومەتێکی دیموکراســـی( جگە لە تونس). ئەم بارودۆخە ئاماژەیە بۆ ســـەختیی پرۆسەی چەســـپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە بژاردەی سیاســـییان هەیە و پەیوەستە بە ئاراستەی فیکریی پارێزگار و هێزەکەشی لە پەیوەندییە عەشایریی و مەزهەبی و هێزە نەریتییەکانی کۆمەڵگە وەردەگرێت.

کەواتە دوو فاکتەری گرنگ ئاسۆی ئایندەی ناوچەکە دیاردەکەن: بەرژەوەندیی دەوڵەتە گەورەکان و بەرژەوەندیی بـــژاردەی نەریتیـــی حوکمـــڕان، ئـــەم بەرژەوەندییانە کەشـــوهەوایەکی ململانێی ســـەبارەت بە ئایندە بەسەر ناوچەکەدا ســـەپاند، ئەمەش چەند ڕووداوێکی خستەوە کە پێشـــتر نەدەکرا بخرێنە ڕوو، لەوانەش : کێشـــەکانی پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان. ئەم کێشـــانە کە پێشـــتر ئاماژەمـــان پێکـــردن، لە ئایندەدا دەبنە ئاراســـتەکاری ڕووداوو گۆڕانکارییـــەکان، لەبـــەر ئـــەوەی هەوڵدەدەن مافەکان بە دەستوور و واقیعەوە بچەسپێنن یان داوادەکەن قەوارەی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

ئایندە زۆر شـــتی ســـوپرایس لەخۆدەگرێت و ڕەنگە لە بەرژەوەندیی ویســـتی گەلانـــی ناوچەکە نەبێت، بەڵکو دەکـــرێ بەرژەوەندییەکانـــی دەوڵەتانی گەورە بەســـەر داواکاریی ئەو گەلانـــەدا زاڵ بێت و دواتر ناوچەکە بۆ ماوەیەکی نادیار لە ڕەوشـــێکی نیگەران و ناسەقامگیر بژیت.

لێرەوە دەکرێ پرســـیارێك بێتە ئاراوە: پێگەی کورد( بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان- عێراق) لەم هەموو ڕووداو و گۆڕانکاریانە چییە؟

لـــە پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکانـــدا دیاردەیەکـــی تازە ســـەری هەڵدا ئەویش بریتییە لە ڕۆڵی یەکەکان کە بە ( گەمەکارانی غەیرە دەوڵـــەت non-state Actors) ناســـراون و هەرێمی کوردستانی عێراقیش وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا هەوڵ دەدات ناوەندیك یان پێگەیەك لە سیاسەتی نێودەوڵەتی وەك گەمەکاری غەیرە دەوڵەت بۆ خۆی بنیاد بنێ، ئەم هەوڵەش پشت بە فاکتەری ئابووریی و خود دەبەستێ: نەوت، بەڵام چۆن

ئەم ناوەندە لە ڕووی بەردەوامبوونەوە هەڵدەسەنگێنرێت؟ حاڵەتی ئەم جۆرە پێگەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەوە دیاریدەکرێت کە حاڵەتی نایەقینە uncertainty.

کەواتە بەو ســـیماو خەســـڵەتە، واتا هەرێم دەتوانێ چ ڕۆڵێك لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا ببینێت؟

لە میانـــی خوێندنـــەوەی ڕووداوەکان لە چەند مانگی ڕابـــردوودا دەردەکەوێت کە هەرێم هەڵوێســـتێکی ڕوونی هەیە بەوەی کە ببێتە بەشـــێك لە بـــزاوت و چالاکییە (سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان) تاکو بتوانێت ببێتە بەشێك لە ماشێنی دروســـتکردنی بڕیاری پەیوەست بە چارەنووســـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کە لە حاڵەتێکی دینامیکیدایەو بەرەو خۆشکردنی کەشوهەوای تەگبیری تـــازە هەنگاودەنێـــت، کە ڕەنگە لـــە بەرژەوەندیی کورد بشـــکێتەوە. بەڵام بینینی ئەو ڕۆڵە تەنیا پەیوەست نییە بە ویســـتی کورد وەك گەلێـــك( لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە هاوکێشـــەکانی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان زۆرجار ویســـتی گەلانی پشتگوێ خســـتووەوە زیاتر پەرژاوەتە سەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە بەهێزەکان)، بەڵکو دیسان تایبەتە بە چۆنێتی پێکهێنانی لایەنەکانی هاوکێشـــەی سیاســـی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییـــەکان. تێوەگلان لە کێشـــە نێودەوڵەتییەکان گەورەترە لە قەبارەی گەمەکار کە ئەشـــکالیات و ماندووبوون ڕووبـــەڕووی دەبێتەوە و دواتـــر دەکرێ دەرئەنجام لەو گەمەیـــە دەربچێت کە لە دۆخێکدایە لە دۆخی پێشتر باشتر نییە.

ئەم ڕێســـا جەوهەرییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پێویستە لەســـەر بڕیاربەدەستانی سیاسی لە هەرێم لێی وردبینـــەوەو چاودێریی بکەن لە هـــەر پەیوەندییەك کە بـــە پێی ئارەزوو و ڕێکـــەوت ڕێ ناکات، بەڵکو بە پێی ئـــەو بەرژەوەندییانەی کە بە تەواوی ئاڵۆزو تێکچڕژاوو ناڕوونن.

کەواتـــە، ئـــەوە چییە کە لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ڕوودەدات؟

لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت هەموو شـــتێك ڕوودەدات، ئـــەم ڕووداوانـــە ئامانجیان چییە: هەندێ شـــت، ئەو هەندێیە چیـــن؟ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی بەهێز نەك بەرژەوەندیی گەلان. بەڵگە بۆ ئەم چییە؟ خوێندنەوەی مێژووی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان بە ئاشـــکرا ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

بـــە بێ ئەو خوێندنەوەیە، ناکرێ دەوڵەتمەدار پێ بگات، هەروەك مێژوونووس و فەیلەسوفی ڕۆمانی (سینیکا- کە لە ٦٦ی زایینی کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت: مرۆڤ هەر وەك منداڵ دەمێنێتەوە ئەگەر مێژوو نەخوێنێتەوە.

**ململانێ لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بە بارتەقای کۆنینی مێژوو کۆنە، ئەوە بەسە ململانێی توندی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی یۆنانی و فارسی باس بکەین کە بە داگیرکاری ئەسکەندەری گەورە گەیشتە چلەپۆپەی خۆی کاتێ هەموو خۆرهەڵات تا دەگاتە سنووری چین داگیرکرد**

**ئەمریکییەکان لە عێراقدا بە کراوەیی جەنگیان هێشتۆتەوە ڕەنگە بۆ سەد ساڵی تر درێژە بکێشێت، بەهۆی سیاسەتەکانیانەوە، لە پاش داگیرکاری ئەو وڵاتەیان هەلاهەلا کرد، نە لە توانای خۆیاندایەو نە لە توانای کەسدایە سەرلەنوێ پارچە شکاوەکانی عێراق لێکبنێنەوە**



## خەسرۆ گۆران

سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

# خەریکە جۆرە لێکتێگەیشتنێک لە نێوان بەغدا و هەولێر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان دروست دەبێت

**لایەنە کوردستانییەکان بە مەرج بەشداریی حکومەتە نوێیەکەی (د.حەیدەر عەبادی)یان کرد و ماوەیەکیان دیاریکرد بۆ ئەوەی بزانن نییەتی بەغدا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە، بەڵام وێڕای ئەوەش هێشتا لە نێوان بەغدا و هەولێر جۆرێک لێکتێنەگەیشتن هەیە لەگەڵ ئەوەی هەردوولایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە پابەندن بەو ڕێککەوتنەی کە ئەم حکومەتە تازەیەی لەسەر دامەزراوە و ناکۆکی و کێشەکان دەگێڕنەوە بۆ لێکتێنەگەیشتن لە بواری تەکنیکی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای نێوان هەولێر و بەغدا و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٥، ئەو وتووێژەمان لەگەڵ خەسرۆ گۆران سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراق کورد بە مەرج متمانەیان بە کابینەکەی عەبادی دا، تەنانەت سێ مانگ بوار درایە حکومەتەکەی عەبادی تاوەکو نیازپاکی لە بەرنامە و کارەکانی دەرکەوێت، ئایا وەکو نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا تا چ ڕادەیەک بەدواداچوونتان بۆ کاری حکومەت کردووە؟**

- سەرەتا بە پێویستی دەزانم باسی پێکهاتەی نوێی پەرلەمانی عێراق بکەم، کە لە سێ گرووپی گەورە و دوو گرووپی بچووکتر پێکهاتووە، لیستی هەرە گەورە کە هاوپەیمانی نیشتمانییە و حزبە شیعەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، لیستی دووەمیش کە لیستی کوردستانییە و خاوەنی ٦٥ ئەندامە لە ٢٠٪ی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق پێکدەهێنێت. لەدوای لیستی کوردستانیش دوو لیستی سوننە دێت کە هەردوو لیستی ئیتحیادی قوەی عێراقییە بە ٥٤ ئەندام و لیستی عەللاویش کە ١٩ ئەندامیان هەیە، هەرچەندە ئەم لیستە دوو سێ ئەندامی شیعەش لەخۆدەگرێت، بەڵام بە سوننە هەژمار دەکرێت، هەروەها لەناو پەرلەمان دوو گرووپی چەپەکانیش هەیە بە ناوی تەحالف مەدەنی دیموکراتی کە ٥ کورسییان هەیە، لیستی پێکهاتەکانیش ٦ کورسییان هەیە کە کەسایەتی تورکمانی و ئێزیدی لەخۆدەگرن. لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبادی ئێمە وەك لایەنە کوردستانییەکان، هەروەها عەرەبە سوننەکانیش بە تەحەفوزەوە بەشداریمان کرد لە متمانەدان بە حکومەت، ئێمە هەندێك خاڵ و سەرنجمان هەبوو لایەنەکانی دیکەش چەند خاڵێکیان هەبوو، لە ڕۆژی متمانەدان بە حکومەت ئێمە بەیانێکی سیاسیمان خوێندەوە کە پێکهاتبوو لە ٦ خاڵ و بۆ ماوەی ٣ مانگیش بوارمان دا بە حکومەت بۆ ئەوەی بزانین نیەت و نیازپاکی حکومەتەکەی عەبادی بەرامبەر داواکارییەکانی کورد چۆنە، هاوکات سوننەکانیش وەرەقەی سیاسیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو: «بۆ ماوەی ٣ تا ٦ مانگ بوار بە حکومەتەکەی عەبادی دەدەین تاوەکو بزانین تا چ ئاستێك وەرەقەی سیاسیمان جێبەجێ دەکرێت». بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك لەناو پەرلەمان بە ناوی- لیژنەی بەدواداچوونی کاری حکومەت و بەرنامەی سیاسی حکومەتی عەبادی – هەیە، کە پێکهاتووە لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، منیش یەکێك لەو ئەندامانەم لەناو لیژنەکە، بەشێوەیەکی گشتی

**کار بۆ ئەوە دەکەین لەو یاسایانەی دەردەچن بەتایبەتی لەیاسای گاردی نیشتمانی و شەهیدان حسابێک بۆ شەهیدە سەربەرزەکانی پێشمەرگە بکرێت**

**وەکو لیستی کوردستانی دژی خودی وشەی حەشدی شەعبی نین، پێشتریش لە ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ بە ناوی سەحوە ویستیان هێز دروست بکەن، بەڵام دەرئەنجامەکەی دیار بوو، ئێمە جگە لەهێزی پێشمەرگە لەدژی هەموو هێزێکی سەربازین لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم**

**هەتا ئەمڕۆش پێشمەرگە بە گیان و خوێن بەرگری لەناوچە کوردستانییەکان دەکات و زۆربەی خاکی کوردستانیشی گەڕاندووە**

**تا ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە روون نەبۆتەوە و بڕیاریشی لەسەر نەدراوە کە بۆ رزگارکردنی ناو شاری موسڵ پێشمەرگە بەشداری دەکات، یان نەء**

ئێستا جۆرە تەباییەك لەناو پەرلەمانی عێراق هەیە، تەباییەکەش رەنگدانەوەی تەبایی سیاسییە، بەڵام گەر ئەو بارودۆخە سیاسییە بەرەو ئاڵۆزی بچێت، ئەوە لەناو پەرلەمانیش ئارامی و تەبایی نامێنێت. لەسەر دۆسیەکان لە هەندێك خاڵ لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی نزیکین و لەهەندێك خاڵی دیکە لەگەڵ سوننەکان، لەهەوڵی ئەوەشداین پێوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان باش بکەین.

*** ئایا لە ناو لێژنەی (بەدواداچوونی کاری حکومەت و بەرنامەی سیاسی حکومەتی عەبادی) کار لەسەر بەدواداچوونی جێبەجێکردنی مافەکانی کورد دەکرێت، بەتایبەتی کاتێك لە جێبەجێکردنی زۆر لە مافەکانی کورد ڕێگری و ئاستەنگ هەیە ؟**

- من پێموایە ماف نادرێت و وەردەگیرێت، راستە لەعێراقدا دەستوور و یاسا هەیە و کورد بەشدارە لەحکومەتی عێراق، بەڵام تا ئێستاش مافەکانی کوردستان پێشێل دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر دەستوور پێشێل نەکرایە ماددەی ١٤٠ی دەستووری و لە ١٧٪ی بودجەی کوردستان جێبەجێ دەکرا، پێشمەرگەش کە شەڕی داعش دەکات دەبوایە لە مەنزوومەی بەرگری عێراقدا پڕچەك بکرایە و بودجە و مووچەیان بدرایەتێ، ئەمە لەکاتێکدا مافەکانی هێزی پێشمەرگە لەناو پرۆژەیاسای بودجە دیاریکراوە، کەچی بە هاوشێوەی زۆر لە دۆسیەکانی دیکەی نێوان هەرێم و عێراق دۆسیەی پێشمەرگەش هەنگاوی پراکتیکی بۆ نەنراوە و بگرە ئاستەنگ و بەربەستی لەبەردەم دانراوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە وەکو نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا بەردەوام دەبین لەجێبەجێکردنی ئەو هەنگاوە حەکیمانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەینێت لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان.

*** ئێستا سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، بەڵام هەنگاوەکان لە رووی پراکتیکییەوە لەلایەن بەغداوە بە سستی بەڕێوەدەچێت، پێتوا نییە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر سیاسییە، نەك تەکنیکی؟**

- لەمانگی ١٠ی ٢٠١٤ ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە نێوان هەولێر و بەغدا کرا، بەمەش سەهۆڵبەندانی نێوان هەردوو لا شکا و دەرفەتێك بۆ دانوستان و گفتوگۆکان هاتەپێش و ئاڵۆزییەکان رووی لە خاوبوونەوە کرد. بەپێی خاڵە سەرەکییەکانی ئەم ڕێککەوتنە حکومەتی هەرێم تا مانگی ١٢ ی ٢٠١٤ رۆژانە دەبێت ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بنێرێت و لە بەرامبەریشدا حکومەتی بەغدا هەموو مانگێك نیوملیار دۆلار تەسلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. کاتێکیش لە مانگی ١٢/ ٢٠١٤ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنەوە بەغدا و ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا پەسەند کرا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی چاڵە نەوتەکانی کەرکووك لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان رەوانەی دەرەوە بکات، حکومەتی بەغداش لە ١٧٪ی بودجە تەسلیم بە حکومەتی کوردستان بکات، ئێمە توانیمان ڕێککەوتننامەکەی نێوان کوردستان و عێراق چوارچێوەیەکی یاسایی بدەینێ و بیخەینە ناو پرۆژەیاسای بودجەوە و دەنگی لەسەر درا، بەمەش گەر برگەکانی ڕێککەوتننامەکەی نێوان کوردستان و عێراق لەلایەن حکومەتەکەی عەبادییەوە جێبەجێ نەکرێت، یا کەمتەرخەمی تێدا بکرێت. بە پێشێلی یاسایی دادەنرێت. سەبارەت بە بۆچوونەکانی هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراقیش بەوەی حکومەتی عێراق دەڵێت: کوردستان وەکو پێویست نەوت نانێرێت، حکومەتی کوردستانیش دەڵێت: حکومەتی عێراق بەپێی پێویست پارە نانێرێت، ئەمە کێشەیەکی پەرلەمانی نییە، بەڵکو کێشەیەکی تەکنیکی و متمانەییە لەنێوان هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراق، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان ناکەین، بۆ ئەم مەبەستەش وەکو شاندی پەرلەمانی عێراق چاومان کەوت بە جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان و لە نزیکەوە گوێبستی تەواوی کێشەکە بووین، لە بەغداش بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆبووینەوە و پاڵپشتی سەرکەوتنی ڕێککەوتنامەکەمان کردو پێمان راگەیاند کە ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستانە، هەربۆیە پێویستە رێگە نەدرێت بیانوو بدۆزرێتەوە تاوەکو ڕێککەوتنەکە تێکبدرێت، لەبەرامبەردا عەبادی بەڵێنی پێداین بەردەوام بێت لەهەوڵدان لەپێناو جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و دەرگاش کراوەیە کە شاندی کوردستان بچێتەوە بەغدا تاوەکو دووبارە باس لە کێشە تەکنیکییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بکرێت، بڕیاریشە شاندی کوردستان بچێتەوە بەغدا و سێ بارە لەگەڵ حکومەتی بەغدا دابنیشێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت و هۆکاری نەناردنی رۆژانەی ئەو برە نەوتە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە روونبکرێتەوە.

*** بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە کێشەو گرفتەکان روو لە چارەسەر ناکات لە ٢٠١٤ حکومەتی عێراق بودجەی**

**بۆ هەرێمی کوردستان نەنارد، لە ٢٠١٥ بەهەمان شێوە بە بیانووی قەیرانی داراییەوە پارەی کوردستان بە کەموکورتی نێردرا، لەکاتێکدا پرۆژەیاسای بودجەتان لەپەرلەمان پەسەند کرد، ئایا ئەمە پێشێلکاریی یاسایی نییە؟**

- بوونی ئێمە لە بەغداو بەردەوامی دانوستان و گفتوگۆکان گرنگە، تەنانەت ئەگەر بەرەو سەربەخۆییش هەنگاو بنێین دەبێت کێشەو گرفتەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، کێشەکانی یاسای نەوت و غاز و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بودجەی پێشمەرگە و بودجەی هەرێم دەبێت رووەو چارەسەرکردن بچێت، ئەمڕۆ پێگەی کوردستان لەبەغدا بەهێزە و ئێمە پارێزگایەکی عێراق نین و هەرێمێکی بچووکیش نین و هەموو لایەنەکان حیساب بۆ کوردستان دەکەن، هەر بۆیە بوونی عەقڵیەتی دژ بە کورد ئەو کاریگەرییەی لەسەرمان نابێت، هەڵوێستیشمان دەبێت لە پێشێلکردنی مافی کوردستان لە بودجەدا، بەڵام جارێ دەرگاکان دانەخراون و رێککەوتنێك لە نێوان کوردستان و عێراق هەیە و یاسایەك هەیە بە ناوی بودجە کە دەبێت حکومەتی عێراقی پابەند بێت بەوەی پارە بۆ کوردستان بنێرێت، لەم رووەوە چاوەڕوانی ئەنجامی دانوستانی شاندی کوردستانین کە بڕیارە بچێتە بەغدا.

*** لەچەند رۆژی رابردوودا شاندێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە چووە بەغدا و گفتوگۆیان لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق کرد، کە لەم دۆسێیەدا پێشمەرگە مافێکی گەورەی فەوتاوە، کەچی بۆ گرتنەوەی شاری موسڵ باس لە بەشداری پێشمەرگە دەکرێت؟**

- گەرچی لە یاسای بودجە و رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا باس لە بودجەی پێشمەرگە کراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، لە رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغداش هاتووە کە پارە بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، واتا لە وەزارەتی بەرگری عێراق دەبێت بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە بە ١٧٪ دادەنرێت پارە بۆ هێزی پێشمەرگە خەرج بکرێت، لەم ماوەیەشدا شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە چووە بەغدا و لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق کۆبوونەوە، وەکو ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی کوردستانی کار لەسەر بەدواداچوونی ئەم دۆسێیەش دەکەین و پێشتریش کارمان لەسەر کردووە، تەنانەت پێش سەردانی شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان بۆ وەزارەتی بەرگری عێراق ئێمە سەردانی وەزیری بەرگری عێراقمان کردووە و باس و گفتوگۆمان لەسەر بەشە بودجەی پێشمەرگە کرد، هەروەها باسی رزگارکردن و پلانی ئازادکردنی شاری موسڵیشمان کرد، بەڵام تا ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە روون نەبۆتەوە و بڕیاریشی لەسەر نەدراوە کە بۆ رزگارکردنی ناو شاری موسڵ پێشمەرگە بەشداری دەکات، یان نەء، لەکاتێکدا بەبێ هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان ئەستەمە هێز و سوپای عێراق بتوانێت بەئاسانی کۆنترۆڵی شاری موسڵ بکات، بێگومان بێ هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان رزگارکردنی شاری موسڵ زۆر سەخت دەبێت و باجەکەی لەسەر سوپای عێراق گران دەبێت.

*** ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پارێزگاری لێکراوە و لەم پێناوەشدا پێشمەرگە قوربانییەکی زۆری داوە، کەچی ئێستا باسی حەشدی شەعبی دەکرێت، ئایا سەبارەت بەم پرسە چی دەڵێن؟**

- قارەمانێتی پێشمەرگە و بەرگریکردنی لەشەڕی داعشدا جێگەی رێزو پێزانینی سەرجەم لیست و ئەندامانی ناو پەرلەمانە، پێشمەرگە بەو بێ بودجە و توانای لۆجیستی و بە چەك و جبەخانەی کەمەوە توانی بەرگری لەو ناوچانە بکات کە شەش فرقەی عێراق نەك نەیتوانی بەرگری بکات، بگرە سوپای عێراق دوای تەسلیمکردنی هەموو چەك و جبەخانەکانیان بەداعش ئەو ناوچانەی جێهێشت و خەڵکەکەی خستە بەردەم ئایندەیەکی نادیار، پێشمەرگەش وەکو هێزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی هەڵسا لە پارێزگاریکردنی هاووڵاتیانی کوردستان، تاوەکو هێزێکی تیرۆریست و توندڕەوی وەك داعش ئەو ناوچانە داگیر نەکات، ئەوەبوو هەتا ئەمڕۆش پێشمەرگە بە گیان و خوێن بەرگری لەناوچە کوردستانییەکان دەکات و زۆربەی خاکی کوردستانیشی گەڕاندەوە، ئەو ناوچانە بەشێکی دانەبڕاون لەهەرێمی کوردستان. سەبارەت بەهێزەکانی حەشدی شەعبیش کە هەردوو لیستی هاوپەیمانی شیعە و عێراقی ئەوەی سوننەیە لەگەڵ بوونی حەشدی شەعبین، ئێمەش وەکو لیستی کوردستانی دژی خودی وشەی حەشدی شەعبی نین، پێشتریش لە ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ بە ناوی سەحوە ویستیان هێز دروست بکەن، بەڵام دەرئەنجامەکەی دیار بوو، ئێمە جگە لەهێزی پێشمەرگە لەدژی هەموو هێزێکی سەربازین لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ئێستاکە خەریکین و کار بۆ ئەوە دەکەین لەو یاسایانەی دەردەچن بەتایبەتی لەیاسای گاردی نیشتمانی و شەهیدان حسابێك بۆ شەهیدە سەربەرزەکانی پێشمەرگە بکرێت.

**لە یاسای بودجە و رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا باس لە بودجەی پێشمەرگە کراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە**

**بوونی ئێمە لە بەغداو بەردەوامی دانوستان و گفتوگۆکان گرنگە، تەنانەت ئەگەر بەرەو سەربەخۆییش هەنگاو بنێین دەبێت کێشەو گرفتەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین**

**ئەمڕۆ پێگەی کوردستان لەبەغدا بەهێزە و ئێمە پارێزگایەکی عێراق نین و هەرێمێکی بچووکیش نین و هەموو لایەنەکان حیساب بۆ کوردستان دەکەن، هەر بۆیە بوونی عەقڵیەتی دژ بە کورد ئەو کاریگەرییەی لەسەرمان نابێت**

عەبدولحوسێن شەعبان بیرمەندی ناسراوی عەرەب بۆ گوڵان:

# جارێکی دیکە بارودۆخەکە ناگەڕێتەوە بۆ پێش داگیرکردنی موسڵ ئەمەش مەترسی لێکترازانی عێراقی لێدەکرێت



پرۆفیسۆر عەبدولحوسێن شەعبان لە کەسایەتییە رۆشنبیرە دیارەکانی عەرەبە و راو بۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر رەوتی رووداوەکان هەیە، هەر بۆیە بە گرنگمان زانی راو بۆچوونەکانی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و دیاردەی سەرهەڵدانی داعش و مەزندەکان بۆ کۆتایی هێنان بە داعش و بارودۆخی دوای داعش لە وتووێژێکی تایبەتدا بخاتەڕوو، بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** چۆن سەیری بارودۆخی ئێستای شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکەیت و تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم شەڕە بە زوویی کۆتایی بێت؟**

- من پێموایە داعش زوو بێ، یان درەنگ، هەردەبێ کۆتایی بێت، چونکە ئایدیا و هزری داعش دژی ژیان و پێشکەوتن و سەردەمە و ناتوانێت هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەو ژینگەیەی داعشی لە باوەش گرتووە خەریکە دژی دەوەستێتەوە، بەتایبەتیش خەڵکی موسڵ و ئەنبار و هەندێ ناوچەی سەر بە کەرکووك و دیالە کە لە ژێر دەستی داعشدا ژیان دەگوزەرێنن، ئەوانە دووچاری مەینەتی و نارەحەتییەکی زۆری ژیان بوونەتەوە و بە دەست ئێش و ئازار و چەوساندنەوەی داعشەوە دەناڵێنن و لەبەر ئەو شێوازە دواکەوتووەی ژیان کە ئەو ڕێکخراوە بەسەریاندا سەپاندوویەتی، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتانیشەوە دژایەتی دەکرێ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتووە، بگرە هەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تا دەگاتە ئێران و دەوڵەتانی کەنداو لەوانە سعودیە و دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو، ئەم هۆکارانە وایان کردووە، کە سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە توانیویانە گورزی کوشندە لە داعش بوەشێنن، کە وردە وردە کاریگەرییان بۆ لاوازکردنی داعش دەبێت و شەڕی تکریتیش لە ئێستادا پرۆڤەیەکە بۆ شەڕی رزگارکردنی موسڵ.

*** رەنگە خەڵکێك هەبێت بپرسێت: ئایا ئەوە بەڵگە نییە کە لە ئێستادا شەڕی سوننە و شیعە لە ئارادایە؟**

- من پێموا نییە وا بێت، بەڵام ترسم لەوە هەیە کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش، هەندێ کێشە و گرفت بورووژێندرێت بەتایبەتیش لەبەر مانەوەی چەك لە دەست چەکدارانی حەشدی شەعبی، یان پاسەوانی نیشتمانی، یان سەرۆك عەشیرەتەکان، کە ئەمە هەندێ بەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها رەنگە نەخشەی سیاسی و دیموگرافی عێراقیش دووچاری هەڵوەشان و لێکترازان ببێتەوە، لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی عێراق لاواز دەبێت و ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی وڵاتدا بچەسپێنێت. چونکە پێموایە موسڵ ناگەڕێتەوە سەردەمی بەر لە داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە، هەروەها سەلاحەدین و ئەنبار و تەنانەت کەرکووکیش وەك کاتی بەر لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ی لێ نایەتەوە، بۆیە پێموایە ئەو کاتە پێویست بەوە دەکات کە هەموو لایەك بکەونە دانوستان و گفتوگۆ و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی تاکو چاو بە رەوشەکەدا بخشێندرێتەوە، ئەگەرنا دەوڵەتی عێراق لەبار دەچێت و هەڵدەوەشێتەوە.

*** بەڵام ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەر لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە لە نێوان لایەنەکانی عێراق هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتۆتەوە، هەروەها چەکیش لەدەستی دەوڵەتی عێراقدا نییە، بەڵکو فرە دەستە؟**

- راستە، چونکە ئەگەر چەك لای حکومەت نەبێت، ئەوا ئەگەری پێکدادان و وروووژاندنی شەڕی بەدوادا دێت، پێموا نییە ئەو لایەن و کەسانەی کە بەشداریی شەڕیان دژ بە داعش کردووە، هەر وا بە ئاسانی چەکەکانیان رادەستی دەوڵەت بکەنەوە، واتا پێکهەڵشاخان و گرژیی دەکەوێتە نێوان لایەنە چەکدارەکان و ئەو شوێنانەی کە لێی نیشتەجێ دەبن، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ جارێکی دیکە سەرهەڵدانەوەی شەڕی تایفەگەری لە نێوان پێکهاتەکان، بەتایبەتیش ئەو گۆڕانکارییانەی کە دوای شەڕی داعش لەسەر خاك دێنە ئاراوە، لەوانەش پەیوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، هەروەها ئەوەی کە پەیوەستە بە کێڵگەکانی نەوت لە کەرکووك و کێشە ئابوورییەکان و دەسەڵاتە خۆجێییەکان و زۆر کێشەی دیکە، ئەمانە هەموویان وەك لوغم وان کە دوای کۆتایی شەڕەکە رەنگە لەهەر ساتەوەختێکدا بێت بتەقنەوەو رەوشەکە ئاڵۆز بکەن.

*** پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە داعش کێیە؟ بۆچی بەو شێوەیە سەری هەڵداو بەهێزبوون؟ سەدام حوسێن بەو توانا سەربازییەی خۆی کە ٣٥ ساڵ حوکمڕانیی کرد، لەلایەن ئەمریکاوە بە شەو و رۆژێك لەناوچوو، باشە بۆچی ئەمریکا ناتوانێت داعش لەناو بەرێت؟**

- ئەم پرسیارە زۆر لەجێی خۆیدایە، شەڕی ئەو کاتە سیستماتیك بوو لە نێوان سوپای ئەمریکا، یاخود سوپای دەوڵەتانی هاوپەیمان لەگەڵ سوپای رژێمی پێشوو، بەڵام ئێستا داعش خاکی داگیرکردووە و لەنێو خەڵك و بینا و شوێنە گشتییەکاندایە، ئەمە وێڕای ئەوەی سنووری نێوان عێراق و سووریا نەماوە لەبەر تێکچوونی رەوشی ئەمنیی سووریا و داعش بە ئارەزووی خۆی هاتوچۆ دەکات، چەندین گەنجی بیانی کە نائومێدن و هەست بە پەراوێزخستن و بێ ئایندەیی دەکەن لە سنوورەکانەوە دزە دەکەنە نێو ریزەکانی داعشەوە، هەروەها نەخوێندەواری و بێکاری و هەژاری هانی ئەو گەنجانەی داوە کە مێشکیان بشۆردرێتەوە و بیر و ئایدیای ئەو رێکخراوە هەڵبگرن، دواتر داعش بۆتە ئەختەبووتێك و زۆر تەشەنەی کردووە، بگرە هەر لە لیبیا و باکووری ئەفریقیاوە تا ناوچەی عەرەبی، جگە لەمەش هێلکۆکەی تیرۆر خەریکە دەبێتە گەرا و وەك ڤایرۆسێك لە نێو جەستەی ناوچەکە بڵاودەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئاشتەوایی نیشتمانی لە ئارادا نییە و کێشەکانی عێراق بە هەڵواسراوەیی ماونەتەوە، هەروەها ئەو ململانێیە وایکردووە کە لایەنە عێراقییەکان لەگەڵ یەکدی تەبا نەبن و ئەو سامانەی وڵات بەهەدەر بڕوات و بکەوێتە دەست هەندێ گەندەڵکار

**هەر ئایینێک پێویستە لەگەڵ سەردەم و پێشکەوتن رێ بکات، هاوکات رێنماییە ئایینییەکان بخاتە چوارچێوەی رەوتی ژیان و لەگەڵیدا بیانگونجێنێت**

**کێشەکە لە ئایین نییە، بەڵکو لە پیاوانی ئایینییە، بۆیە لێ نەپێچینەوەو بەدوادانەچوون لە رەفتاری هەندێ لە پیاوە ئایینییانە بابەتەکە بەرەو ئەو ئاقارەدا دەبات**

**ملیۆنان موسڵمانیش دژی داعشن، چونکە ئایینی ئیسلام داوامان لێدەکات کە لێبوردە و ئاشتیخواز بین و خودی ئایینەکەش هەر لەسەر ئەو بنەمایانەیە**

**هێلکۆکەی تیرۆر خەریکە دەبێتە گەرا و وەک ڤایرۆسێک لە نێو جەستەی ناوچەکە بڵاودەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئاشتەوایی نیشتمانی لە ئارادا نییە و کێشەکانی عێراق بە هەڵواسراوەیی ماونەتەوە**

کــە دەبوو ئەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانە و پرد و ڕێگەوبان و بواری پەروەردە و تەندروستی بەکاربهێندرابایە، ئەمانە هۆکاربوون بۆ ئــەوەی هەندێ لایەن ئەمە بقۆزنەوە و دزەبکەنە ناو پرۆســە سیاسییەکە و ململانێ و ڕکابەریی بەرپا بکەن تا دواتر ڕەوشەکە بەم ئاستە گەیشت.

*** هەندێ کەس دەڵێن کە داعــش لە هەناوی ئەلقاعیدەوە هاتۆتــە مەیدانەوە و ئەمریکا خۆی دروســتی کردووە، لەم ڕووەوە ڕاتان چییە؟**

- ئەمە ڕاســتە، بەڵام ئەو ڕێکخراوانەی دروســت دەبن بە هاوکاریی لایەنە بیانییەکان، یان هەواڵگرییەکان پارەیان پێ دەدرێت و ئامادە دەکرێن و مەشقیان پێ دەکرێت، مەرج نییە وەکو جاران بمێننەوە، هەر لەگەڵ ئەوەی کە چەك و پارەیان پەیداکرد، یان بیروباوەڕێکیان پیادە کرد و هێزی سەربازی و ئایینییان دروستکرد، یەکسەر سەربەخۆ دەبن، ئەلقاعیدە لە عێراق و شام بوونە دوو بەش، بۆ نموونە لە عێراق داعش و لە سووریاش بەرەی نوسرە هەیە، کە ئەمەش هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریســتە و خەڵکێکی بێ ئومێدو بێ ئایندەی لە خۆی کۆکردۆتەوە، کە توانی لە سایەی نەبوونی دەوڵەت و دەزگا ئەمنییەکان لە ســووریا بەم شێوەیە پەرەبسێنێت، هەروەها لە عێراقیش لەبەر ئەو بێسەروبەرییە ئەمنی و سەربازییەی کە وڵاتی گرتۆتەوە و لەسایەی ململانێی تایفەگەری، دەبینین داعش خزایە نێو ڕەوشەکەوە و لە سووریاش هەر بەرەی نوسرە توانی جێی پێی خۆی لە هەنــدێ ناوچە قایم بکات. کە ئەمەش دەرهێنەری ئەو فلیمەی نائومێد کرد کە دەیویســت فلیمێکی درێژ بەرهــەم بێنێت بە ناوی داعش، کە هەر لە فلیمەکانی هۆلیۆدەوە نزیکە.

*** ســەرەتا باسی ئەوەت کرد کە داعش کۆتایی دێت، ئەمە چۆنە؟**

- من دەڵێم داعش، زوو یان درەنگ لە عێراق کۆتایی دێت، ڕەنگە دوو ســاڵ،یان سێ ســاڵ بێت یاخود چەند مانگێك چارەنووســی هەر دەبێ لەناوبچێت و ناتوانێت بەردەوام بێت، چونکە لە پێکهاتە و پیادەکردنی ڕەفتارەکانیدا دژی ژیانە، زۆر ڕێکخراوی دیکەی تیرۆریســتیش هەبوون کە کۆتاییان هات.

*** بەڵام هەندێ موســڵمان هەن کە پاڵپشتیی لە بیرۆکەی داعش دەکەن؟**

- ئەوانە کەمن، ڕەنگە هەندێ ئیسلامی لە ژێر کاریگەریی هەندێ فاکتــەر کە ئاماژەم پێکردن بچنە نێو داعشــەوە، چ لە ڕوانگەی تایفەگــەری و ئایینزاییەوە، یان هۆکاری دیکە، ئەوانە ئەگــەر چەند هەزارێك بن، بەڵام بە ملیۆنان موســڵمانیش دژی داعشن، چونکە ئایینی ئیسلام داوامان لێدەکات کە لێبوردە و ئاشــتیخواز بین و خودی ئایینەکەش هەر لەســەر ئــەو بنەمایانەیە، هەروەهــا لەگەڵ غەیری موســڵمانیش کە خودا دەفەرموێ ئێمە ئێوەمان وەك گەل و هۆز دروستکردووە، تا یەکتر بناسن و چاکترینیشتان ئەوانەن کە لەخوا دەترســن، ڕەنگە هەندێك وەك داعش ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بــە پێچەوانەوە لێك بداتەوە، بەڵام دیارە ئەو وڵاتانەی داعشیان تێدایە دووچاری لێکترازان و پارچە پارچە بوون هاتــن و تەنیا کاولکارییان تێدا هێنایە ئاراوە. بینیمان چی لە موســڵ ڕووی دا، هەروەها چی لە ســەلاحەدین و ئەنبار و حەسەکە و ڕەققە و شوێنی دیکە ڕووی دا.

*** ئەم قســانە هەموویان بەجێن، بەڵام لە ئێستادا نەوەیەك هەیە کە پێیان وایە مادام داعش لە ژێر پەردەی ئیسلام ئەم کارە بکەن، ئەوا نائومید دەبن لە ئیســلام، پێتوا نییە ئەمە پێویستی بە چاکسازیی هزری هەیە؟**

- یەکەم شت ناتوانین بڵێین کە نەوەیەك هەن بەم ئاراستەیەدا دەچــن، ڕەنگە ئەمانە کــەم بن و لەناوبچــن، بەڵام ئێمە پێویستیمان بە چاکسازیی گوتاری ئایینی هەیە، کێشەکە لە ئایین نییە، بەڵکو لە پیاوانی ئاینییە، بۆیە لێ نەپێچینەوەو بەدوادانەچــوون لە ڕەفتــاری هەندێ لە پیــاوە ئاینییانە بابەتەکە بەرەو ئەو ئاقارەدا دەبات، کە ئەمە بۆ بەرژەوەندیی سیاســی دەقۆزرێتەوە، یاخود هەندێکیان بۆ چەند شتێك و لەبەر هەندێ هۆکار ئاییــن لێکدەدەنەوەو دەیگەڕێننەوە بۆ ســەردەمانێك کە سەدان ساڵ پێش ئێستا ڕوویانداوە، چونکە ئێستا دنیا گۆڕاوە و پێشکەوتووە، بۆیە هەر ئایینێك پێویستە لەگەڵ سەردەم و پێشــکەوتن ڕێ بکات، هاوکات ڕێنماییە ئایینییــەکان بخاتە چوارچێوەی ڕەوتــی ژیان و لەگەڵیدا بیانگونجێنێت، یان گەڕانەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ لەمەو بەر کە ڕووداوێك، یان بەسەرهاتێك ڕوویداوە و ئێستا کۆتایی هاتووە، بۆیە پێویســتە ســنوورێك بۆ هەڵســوکەوتی ئەو مەلایانە دابنرێــت کە بەم شــێوەیە ئایین لێکدەدەنــەوە و لە ئاکامدا بەو ئاقارە ترســناکەیدا دەبەن، بەتایبەتیش لە بەکارهێنانی مینبــەرەکان بۆ ڕەواجدان بەم جــۆرە بیروباوەڕ و هزرانە کە کاریگەری نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت.

*** دوای دەرچوونی داعش لە عێراق پێشبینی ئەوە دەکەیت لەکوێ بگیرسێتەوە؟**

- داعش بەردەوام دەبێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و لە هەر کوێیەك پێگە بۆ خۆی پەیدا بکات، لەوێ کاردەکات، بەڵام تروســکایی داعش کپ دەبێت، هەروەك گوتم مەرج نییە لە ماوەی مانگێك یان لە ساڵێك و دووساڵ لەناوبچن، بــەڵام داعش لاواز دەبێت و لەناوەوە دادەهێزرێت، واتا دوای هەر شکستێك ڕەنگە دووچاری پارچەبوون و جیابوونەوە بن، چونکە شکســت هەزار باوکی بۆ دەبێت، بەڵام ســەرکەوتن یەك باوکی هەیە، لە موســڵ سەرکەوتنی داعش بە باوکێك بوو کــە ئەبوبەکر بەغدادی بوو، بەڵام بە تێکشــکان و لە ناوچوون هەزار باوکی لێ دەکەوێتەوە.

**داعش زوو بێ، یان درەنگ، هەردەبێ کۆتایی بێت، چونکە ئایدیا و هزری داعش دژی ژیان و پێشکەوتن و سەردەمە و ناتوانێت هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ**

**لە موسڵ سەرکەوتنی داعش بە باوکێک بوو کە ئەبوبەکر بەغدادی بوو، بەڵام بە تێکشکان و لە ناوچوون هەزار باوکی لێ دەکەوێتەوە**

# شەڕی تکریت و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی شیعە- سوننە



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەوەندەی سوننەکان پێیان خۆشە ناوچەکانیان لە چنگ داعش رزگار بکرێن، ئەوەندەش پێیان ناخۆشە لەسەر دەستی شیعە رزگار بکرێن. ناکۆکیی شیعە و سوننە لە عێراقدا بەشێکە لە ململانێی مێژوویی نێوان شیعە و سوننە. ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە عێراقەوە هەبێ، ناکۆکیی شیعە- سوننە لە عێراقدا بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە کە تێیدا سوننەکان دۆستی عوسمانییەکان بوون و شیعەکان دۆستی ئێران بوون.

لە کاتێکدا ئۆپەراسیونە سوپاییەکان لە پارێزگای سەلاحەددین بەردەوامن، شەڕی تکریت بایەخێکی گەورەی دەبێ چونکە گرتنەوەی ئەم شارە دەبێتە سەرەتایەکی راستەقینە بۆ گرتنەوەی هەموو ناوچەکانی تر و تێکشکانی داعش، بەڵام ئەم شەڕە بۆ سوننە و شیعە دوورابیەکی دیکەی هەیە. گرتنەوەی شارەکە دەبێتە ئاماژەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ شکستی سوننە لە گرتنەوەی ناوچەکانیان و لە هەمووی ناخۆشتر بۆ سوننە ئەوەیە کە پرۆسەکە لەسەر دەستی شیعە بەڕێوە بچێ. شەڕەکە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە رۆڵی سوننە لە رابەرایەتیکردنی عێراقدا بۆ هەتا هەتایە کۆتایی هاتووە، چونکە دۆڕاو رابەرایەتیی لێ ناوەشێتەوە.

لە رووی مێژووییەوە سوننەکان ئەندازیاری دامەزراندن و رابەرایەتیکردنی عێراقن بە هاوکاریی بریتانیا، بەڵام لێرەبەدواوە ناتوانن لاف و گەزافی دامەزراندن و رابەرایەتیکردنی عێراق لێ بدەن، چونکە ئەگەر نەتوانن ناوچەکانیان رزگار بکەن، بە دڵنیاییەوە ناتوانن لاف و گەزافی رابەرایەتیکردنی عێراقیش لێ بدەن.

بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کە لە عێراقدا لەسەر دەستی سوننە و لەناو سوننەدا لەسەر دەستی تکریتییەکان پەرەی پێ دراوە، ئەستەمە پاش شەڕی تکریت بەرەو هەڵکشان بچێ. تکریتییەکان بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ رابەرایەتیی عێراقیان کردووە و بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبییان بەسەردا سەپاندووە. گرتنەوەی تکریت لەسەر دەستی شیعەکان خۆی لەخۆیدا گەورەترین سووکایەتییە بە مێژووی حزبی بەعس کە تا ئێستا سەرکردە تکریتییەکان رابەرایەتیی باڵە سەرەکییەکەی دەکەن.

پاش شەڕی تکریت سوننەکان تکریتێکی رزگارکراو، بەڵام وێرانکراو، لە شیعەکان وەردەگرنەوە. ئەمە بەم مانایە دێ کە ئاوەدانکردنەوە نەك بیرکردنەوە لە پەرەپێدانی رۆڵی سیاسییان، دەبێ بە خەمی سەرەکییان. ئەگەر سیناریۆی تکریت بە هەمان شێوە لە موسڵ دووبارە ببێتەوە، بە دڵنیاییەوە سوننەکان هەمان ئەنجامیان چنگ دەکەوێ.

شەڕی تکریت بەقەد ئەوەی کە مایەی لاوازکردنی رۆڵی سوننەیە لە عێراقدا، ئەوەندەش مایەی بەهێزکردنی رۆڵی سیاسیی شیعەیە لە سیستمی سیاسیدا. سوننەکان پەی بەوە دەبەن کە ئەزموونی بەکارهێنانی داعش لە ململانێیان لەگەڵ شیعە، جگە لەوەی کە ئاکامی خوازراوی لێ نەکەوتۆتەوە، بەکردەوە بە کارەساتیش کۆتایی هاتووە. ئەمەش وایان لێ دەکا جارێکی تر ئەم ئەزموونە و ئەزموونی لەم بابەتە دووبارە نەکەنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێ کارەساتەکە هەم سوننەکان بەرەو میانڕەوی ببا، هەم شیعەکان. هەرچەند شیعەکان پێگەیەکی بەهێزتریان هەیە، بەڵام هیچ ئەزموونێك بە قەد ئەزموونی ئەم جارە بۆ شیعە دژوار نەبووە، چونکە ئەگەر شیعەکان خێرا فریای خۆیان نەکەوتنایە، ئەگەرێکی زۆر هەبوو داعش بەغداش بگرێ و پاشان تەنگ بە شیعەکانی باشووری عێراق هەڵچنێ. بۆیە بەقەد ئەوەی کە قەیرانەکە بۆ سوننە دژوار بووە، بۆ شیعەش دژوار بووە. ئەمەش رەنگە هەلومەرجێکی وا بخولقێنێ کە تێیدا هەردوولا جارێکی تر بیر لە پڕۆژەی کارەساتبار نەکەنەوە، بە شێوەیەکی هێورتر بیر بکەنەوەو زۆرتر بە لای میانڕەویدا دایبشکێنن.



دیڤید پۆلۆک
پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر پرسی کوردستان و عێراق بۆ گوڵان:

# تائێستا حساب بۆ ئەوە نەکراوە دوای گرتنەوەی موسڵ چ لایەنێک باڵا دەست دەبێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە

پرۆفیسۆر دیڤید پۆلۆک توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیک و لە ساڵی ٢٠٠٢ یەکێک بووە لە راوێژکارانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی ئاشتی و پەرەپێدانی دیموکراتی لە سەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ماوەی چەند ساڵێکیشە دیراسەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و لە دوایین سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمریکا، پرۆفیسۆر پۆلۆک لە ئامۆژگای واشتنۆن کۆڕێکی بۆ بەڕێوەبرد و لەدوای داگیرکردنی موسڵیش لە لایەن داعشەوە، لە ئامۆژگای واشنتۆن میوانداری شاندی کوردستانی کردو سیمیناری بۆ گرێدان، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و کوردستان ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر پۆلۆک ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

***چۆن لە پێکهێنانی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەڕوانیت و چۆن کار و کردەوەکانیان و شەڕکردنیان لە دژی داعش هەڵدەسەنگێنیت؟**

-لە ڕاستیدا خاڵی باش و خاڵی سلبی هەن- لە پەیوەندی بەم هێزانەوە-، ئەوان دژی داعش شەڕ دەکەن و ئەم شەڕەش بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق و حکومەتی عێراق و هەندێ جار بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتیەکانی دیکە و کوردەکان دەکەن. بە دڵنیاییە لایەنە خراپەکەی ئەوەیە کە زۆر لە نزیکەوە هەماهەنگی لەگەڵ ڕاوێژکارە ئێرانییەکان و تەنانەت لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان لە دیالە دەکەن. هەر لە پەیوەندی بەو پرسەوە ئەوا حەشدی شەعبی ئەگەرچی شەڕی داعش دەکەن، بەڵام تایفەگەرن و لە کۆتاییدا ئەوان هێزێکی شیعەن و بۆی هەیە ببنە هۆکاری دوورخستنەوەی دانیشتووانە مەحەلییەکە، جا کورد بن، یان عەرەبە سوننەکان، لەوانەیە لە هەندێ ناوچە مەترسی کوشتن و تەنانەت کۆمەڵکوژی دانیشتووانە مەحەلییەکە هەبێت لەلایەن میلیشیاکانەوە، بەڵام ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین، ئەوا لەم ساتەوەختەدا بەدیلی باش لە ئارادا نییە بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری سوپایی، لەبەر ئەوەی سوپای عێراق زۆر لاوازە و بۆ دەرپەڕاندنی داعش لە تکریت و ڕەنگە لە شار و ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکەش پێویستی بە پشتبەستن بە میلیشیا هەیە. بەڵام بیرۆکەیەکی باش نییە ئەم میلیشیایە لە کەرکوك، یان موسڵ چالاك بن، ئەمە کارێکی ئیستفزازی دەبێت، لەبەر ئەوە کار و کۆششێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ڕێگرییان لێبکرێت و بەدیلێکیان بۆ بدۆزرێتەوە لەو بەشانەی وڵاتەکەدا.

*** بەڵام وەك خۆت ئاماژەت بەلایەنە نەرێنییەکان کرد، ئەم پرسە لایەنی نەرێنی هەیە، ئایا تاچەند مەترسی ئەوە هەیە ئاراستەی شەڕەکە بۆ شەڕێکی مەزهەبگەرایی لە نێوان شیعە و سوننە بگۆڕێت؟**

- ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت ئەوەیە هێزگەلێکی جیاواز لە چەند بەشێکی جیاوازی وڵاتەکەدا شەڕ دەکەن لە پارێزگاکانی سەلاحەددین، یان دیالە، هەروەها لە چەند بەشێکی ئەنباریش لە داهاتوودا، وەك ڕوممادی و فەللوجە. میلیشیاکان بوونەتە پێویستییەك بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. پێموایە دانیشتووانە مەحەلییەکە -تەنانەت عەرەبی سوننە-، ئامادەیی قبوولکردنی دەبن وەك بەدیلێك بۆ ژیان لە سایەی داعشدا. تاوەکو میلیشیاکان هەڵسوکەوتی گونجاو بکەن و تاوەکو خۆیان بە دوور بگرن لە کردنی خەڵك بە قوربانی و ئەوەی پێی دەوترێت « پاکتاوی ئیتنی»، واتە دەرپەڕاندنی ئەو خەڵکانەی سەر بە گرووپێکی جیاوازن لە ماڵ و حاڵی خۆیان. بەڵام لە بەشەکانی دیکەدا- کە پێموایە ئەمەیە نوجەیفی هۆشداری داوە لە بارەیەوە- کە دانیشتووانەکەی پێکهاتوون لە عەرەبی سوننە، یاخود لە کوردەکان، وەك موسڵ و کەرکوك، ئەوا پێویستە میلیشیاکان خۆیان بە دوور بگرن لەم ناوچانە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ببێتەهۆی ترساندن و تووڕەکردنی خەڵکەکە و ڕەنگە پێویستیش نەبێت. هیوادارین کاتێك شەڕە گەورەکە بۆ ڕزگارکردنی موسڵ ئەنجام دەدرێت، ئەوا سوپای ڕێکخراوی عێراق ئامادە بێت و پێویستی بە هاوکاری میلیشیا نەبێت، میلیشای شیعە، هەروەها پێموایە پێشمەرگەش ئامادە دەبێت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکەوە، واتە ناوچە کوردییەکانی موسڵ، ڕەنگە هەمان شت بۆ کەرکوك و بەشەکانی دیکەی باکوور ڕاست بێت. هەروەها ڕەنگە لە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەکەشدا ڕاست بێت، لە ئەنبار- لە نزیك سنووری سووریا-، کە لەوێدا پێویست بە بوونی میلیشیا ناکات، کە خەریکە بڵێین دڵنیاین لەوەی ڕەوشەکە خراپتر دەکەن لە بری ئەوەی باشتری بکەن، لەبەر ئەوە ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی باس لە چ بەشێکی وڵاتەکە دەکەین، چونکە هەمان هەل و مەرج لە بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا نییە لە ڕوانگەی منەوە.

***ئایا دوای گرتنەوەی موسڵ پێشبینی درووستبوونی گرژی و ئاڵۆزی دەکەن لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا و پێویستە کورد چی بکات؟**

- پێموایە ئەم مەسەلەیەی ئێوە باسی دەکەین، مەسەلەیەکی زۆر زۆر جددییە، چونکە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە پێی دەڵێن ڕۆژی دواتر، واتە دوای ڕزگارکردنی موسڵ لە داعش، جڵەوی کۆنترۆڵ بە دەست کێیەوە دەبێت؟ کێ شارەکە بەڕێوە دەبات؟ بەداخەوە پێموا نییە ڕێککەوتنێك لەو بارەیەوە هەبێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەگەرێکی ڕاستەقینە هەیە بۆ سەرهەڵدانی کێشەی گەورە. بە دڵنیاییەوە ئەوەی خوازیارین ڕوونەدات، شەڕێکی دیکەی ناوخۆییە بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا لە عێراقدا بینیمان. لەبەر ئەوە پێویستمان بە تێگەیشتنێکی سیاسی هەیە لەبارەی حومکڕانیکردنی موسڵەوە لە دوای داعشەوە، ئەوەش تێگەیشتنی نێوان حکومەتی بەغدا و هێزە مەحەلییەکان لە خۆدەگرێت لە نێویاندا کورد و عەرەبە سوننەکان و پێکهاتەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. بە دڵنیاییەوە هەمان دۆخ لە کەرکوکدا هەیە، ئەگەرچی لە ئاستێکی بچووکتردا، بەڵام بە ئاڵۆزییەکی زیاترەوە، لەبەر ئەوەی هەندێ میلیشیای شیعە هەن کە چالاکن تێیدا، هەروەها مەسەلەی تورکمان و بە هەمان شێوە پرسی نەوتیش هەیە. کەواتە پێویستە هەموو لایەك تێگەیشتنێکیان لە نێویاندا هەبێت لەبارەی ئەوەی دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە چی بکرێت، حاڵی حازر ئەمە

**کورد تاکە شەریک نین، بەڵام شەریکێکی زۆر گرنگن بۆ ئەمریکا و سەرجەم جیهان کە هەوڵ دەدەن هاوپەیمانێتیەك لە دژی توندڕەوەکان پێکبهێنن**

**وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل و تەنانەت تورکیا دۆستی ئەمریکان و پێویستە بۆ بەرهەڵستیکردنی دەستێوەردانەکانی ئێران هاوکاری بکرێن**

**ڕاسپاردەی من ئەوەیە عێراق دەست لە سووریا هەڵگرێت و تەرکیز لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی بکاتەوە، کە کێشەی دژوارن**

لە ئارادا نییە، بەڵام دەبێت کاری لەسەر بکرێت، هەروەك ئەوەی چۆن لە ئێستادا کار لەسەر مەشقپێکردنی هێزەکان دەکەن.

*** راتان چییە لەسەر بەشداریکردنی ئەمریکا و ناتۆ لەگەڵ گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی و حەشدی شەعبی لە شەڕەکەیاندا دژی داعش، کە ئەمەش هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمریکای وەك سعودیە و وڵاتانی کەنداوی نارەحەت کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە راستە و ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دیکەیە. چەند هەزار عێراقییەك وەك میلیشیا هەمن لە سووریا کە شەڕ بۆ رژێمەکەی ئەسەد دەکەن، ئیدی «عەسائیبی ئەهلی حەق» بن، یان « لیوای ئەبو فەزل ئەلعەباس) میلیشیاکانی دیکەی شیعەی عێراقی دەچنە سووریا و شەڕ لە دژی داعش دەکەن، بەڵام بە هەمان شێوە شەڕ لە دژی موعارەزەی سوننەی میانڕەو دەکەن، –ئەو موعارەزەیەی بەرهەڵستکاری رژێمەکەی ئەسەد دەکات-، ئەم کارەش پێکەوە لەگەڵ ئێران و حزبوڵڵا دەکەن. ئەمەش کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەیە- هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن- بۆ وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو کە پشتیوانی موعارەزەی سوننە دەکەن لە سووریا، هەروەها ئەمە کێشەیە بۆ ئەمریکاش، چونکە ئێمەش بەرهەڵستی ئەسەد دەکەین و هەوڵ دەدەین بەدیلێکی میانڕەوی- کە جیهادی نەبێت و توندڕەوە نەبێت- بۆ بدۆزینەوە. بەڵام کاتێك دەبینین ئەو شیعە بیانییانە لە سووریا شەڕ دەکەن، ئەمە وا دەکات ئەم کارە نزیك بێت لە مەحاڵەوە. راسپاردەی من ئەوەیە عێراق دەست لە سووریا هەڵگرێت و تەرکیز لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی بکاتەوە، کە کێشەی دژوارن، باوەڕم وایە رەوشەکە بۆ هەموو لایەك خراپتر دەبێت، ئەگەر عێراقییەکان بەرەو سووریا سنوور ببەزێنن، بوونی دوژمنێکی هاوبەش (داعش) پاساوێك نییە بۆ ئەوەی عێراق لە سووریاوە تێوەبگلێت لە بەرژەوەندەی رژێمەکەی ئەسەد.

*** جگە لە عێراق و سووریا و لوبنان، میلیشیا شیعەکان لە یەمەنیش بوونیان هەیە- وەك حوسییەکان- هەروەها لە بەحرێنیش، ئایا ئەمە زەمینەی شەڕێکی بەربڵاوی ئیقلیمی دروست نەکردووە؟**

- نەخێر، پێموا نییە شەڕێکی ئیقلیمی بەربڵاو بێت، بەڵام باوەڕم وایە ئەمە کێشەیەکی زۆر جددی و زۆر مەترسیدارە، بە بۆچوونی من لە هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا بەرهەڵستییەکی مەحەلی زۆر بۆ دەستێوەردانی ئێران دروست دەبێت، ئێستا ئەمە لە یەمەندا بەدی دەکەین و بە دڵنیاییەوە لە بەحرێنیش، کە حکومەتەکە- لە هەردوو کەیسەکەدا- بە هاوکاری سعودیە بەرەنگاری دەستێوەردانی ئێران دەبێتەوە، هەروەها لە سووریاش ئەوەی رووەدات شەڕێکی ئیقلیمی نییە، بەڵکو زنجیرەیەك شەڕی مەحەلی بە وەکالەتە لە ئاستێکی بچووکتردا. بە تێڕوانینی من ئەمە نیشانەی هێزی گەشەکردووی ئێرانە لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش جێی داخە. ئەمە مەسەلەیەکە وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل و تەنانەت تورکیا نیگەرانن لەبارەیەوە، ئەوان دۆستی ئەمریکان و بە رای من پێویستە هاوکاری بکرێن بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم دەستێوەردانەی ئێران.

*** هێشتا کێشەی بودجە یەکلا نەبۆتەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا، ئەمە سەرەڕای شەڕی داعش و ئەو هەموو ئاوارەیە، ئایا ئومێدی باشتر بوونی بارودۆخەکە دەکرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. ئەگەر راشکاو بم لەگەڵتاندا ئەوا دەڵێم: من تێناگەم بۆچی تا ئێستا پرسی بودجە وەك کێشەیەك ماوەتەوە. پێموایە رێککەوتنێك هاتەئاراوە لە مانگی کانوونی یەکەمدا، بڕیار نەبوو ئەمە وەك کێشە بمێنێتەوە. دەزانم رێککەوتنەکە کاتی بوو، بۆ چەند مانگێك بوو، پێویستی بە رێککەوتنی نوێ هەبوو، پێموایە ئومێدێك هەیە، لەبەر ئەوەی حکومەتێکی جیاواز هەیە لە بەغدا، ئێستا عەبادی لە جێی مالیکییە و کەسانێکی نوێ بوونەتە وەزیری نەوت و وەزیری دارایی، ئەمە مایەی هاندانە، بەڵام ئەو راستییەی کە هێشتا بەڵێنەکانی خۆیان نابەنە سەر مایەی نارەحەتییەکی زۆرە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا هەرێمی کوردستان بژاردەی دیکەی نییە جگە لە پێکەوەکارکردن لەگەڵ بەغدا و هێشتا دوژمنێکی هاوبەشی زۆر مەترسیدارتان هەیە کە بریتییە لە داعش و توندڕەوەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی راسپاردەی من ئەوەیە حکومەتی بەغدا بەڵێنەکانی خۆی بباتەسەر لەبەرامبەر هەرێمی کوردستاندا و راسپاردەشم بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە ئارام بگرێت و کار و کۆششی سەخت، بەڵام بێدەنگانە کار بکات بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی لەگەڵ بەغدا، پێموایە ئەوە رێگەی بەرەوپێشچوونە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پێموایە ئەمریکا سوپاسگوزارە و رێزی هەیە بۆ ئەو کارەی هەرێمی کوردستان دەیکات لە بەرامبەر شەڕکردنیدا لە دژی داعش، کورد تاکە شەریك نین، بەڵام شەریکێکی زۆر گرنگن بۆ ئەمریکا و سەرجەم جیهان کە هەوڵ دەدەن هاوپەیمانێتییەك لە دژی توندڕەوەکان پێکبهێنن. من هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم، پێش چەند مانگێك لە هەولێر بووم و ئومێد دەکەم زوو بێمەوە و بە سەلامەت و سەرکەوتوویی ببیینمەوە.

**هیوادارین کاتێک شەڕە گەورەکە بۆ رزگارکردنی موسڵ ئەنجام دەدرێت، ئەوا سوپای رێکخراوی عێراق ئامادە بێت و پێویستی بە هاوکاری میلیشیا نەبێت**

**سوپای عێراق زۆر لاوازە و بۆ دەرپەڕاندنی داعش لە تکریت و رەنگە لە شار و ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکەش پێویستی بە پشتبەستن بە میلیشیا هەیە**

**حەشدی شەعبی ئەگەرچی شەڕی داعش دەکەن، بەڵام تایفەگەرن و لە کۆتاییدا ئەوان هێزێکی شیعەن و بۆی هەیە ببنەهۆکاری دوورخستنەوەی دانیشتووانە مەحەلییەکان**



بەشار کیکی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:

# نوری مالیکی پێی گوتین کەوتنی موسڵ پرسێکی سیاسییە و ئەسیل نوجێفی تاوانبارە

**دوای هێرشەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر پارێزگای سەلاحەدین و نزیکبوونەوە لە تکریت، ئێستا زۆر باس لە گرتنەوەی موسڵ دەکرێت، پرسیاری گرنگ سەبارەت بە گرتنەوەی موسڵ ئەوەیە ئایا حەشدی شەعبی وەک میلیشیایەکی شیعەکان لە گرتنەوەی ئەم شارە بەشدار دەبێت؟ ئەگەر بەشداری بکات، ئایا مەترسی ئەوەی نابێت کێشەکە ئاڵۆزتر بێت و ببێتە شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە؟ لایەنێکی دیکە کە جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە بۆچی خەڵکی موسڵ لە تیرۆریستانی داعش رانەپەڕن؟ یان ئایا ئەگەر ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی موسڵ دەست پێبکات، خەڵکی موسڵ لەناو شارەکە پشتگیری ئەم ئۆپەراسیۆنە دەکەن؟ ئایا حکومەتە تازەکەی عەبادی توانیویەتی لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتەکەیدا کارێک بکات سوننە هەست بە پەراوێزکردن نەکەن؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و هەماهەنگییان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەشار کیکی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پاش داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعش ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ئاوارە بوون، ئێستاش ئێمە لە دهۆك ئەم دیدارەت لەگەڵ دەکەین، ئایا ئێوە وەك ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە دهۆك چی دەکەن؟**

- رۆژێك پاش کەوتنی موسڵ وەك ئەنجومەنی پارێزگا، بارەگای خۆمان بۆ شارۆچکەی ئەلقوش لە سنووری قەزای تلکیف گواستەوە، کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی ئەنجومەن هەر لەوێ ئەنجام دەدەین، ئێستا ئێمە چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە، چەندین بڕیاری پەیوەست بە دۆخی مرۆیی ئاوارەکانمان و هەڵوێستمان لەسەر پەرەسەندنە ئەمنیەکانی ناوچەکە دەرکردووە، ئێمە بە پێویستمان زانی نووسینگەمان لە دهۆك و هەولێریشدا هەبێت، چونکە زۆربەی زۆری ئاوارەو فەرمانبەران کە لە موسڵ ئاوارەبوون، هاتوونەتە کوردستان، ئێمە بە دواداچوون بۆ کاروباری ئەوانە دەکەین لە رووی ئیداری و داراییەوە، پێوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ رێکخراوە مرۆدۆستەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و کاروباری خۆشمان وەك ئەندامانی ئەنجومەن لێرەوە رێکدەخرێن.

***بەو پێیەی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوایت، ئایا ئەو زانیارییانەی باس دەکرێن لەسەر کەوتنی موسڵ چین؟ هەروەها ئایا لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی موسڵ تا ئێستا چی کردووە؟**

- لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەوتنی موسڵ بە فەرمانێکی پەرلەمانی عێراق، لە بەغدا پێکهێنراوەو ئەو لیژنەیەش تا ئێستا گەیشتۆتە کۆتایی کارەکانی خۆی، ئەوەی کراوە تائێستا، لێکۆڵینەوە لەگەڵ پارێزگار کراوە و زیاتر لە ٦٠ بەرپرسی ئەمنی و کارگێڕی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە، زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بە فەرمی داواکراون لەبەردەمی ئەم لیژنەیە بۆ وەرگرتنی بۆچوونیان، یان ئیفادەدانیان ئامادە بن، لیژنەکە کراوەیە بۆ هەموو خەڵکێك و هەندێکیش بۆ خۆیان داوایان دەکەن، لە کاتی گەیشتنی بانگهێشت بۆ من، تووشی رووداوێك بووم، بۆیە لە من خۆشبوون

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ بەرزڕاگرتنی پێکەوەژیان، نەیهێشت شەڕی داعش ببێتە شەڕی کورد و عەرەب**

**هەموو جیهان بە نەوازشەوە هەڵوێستی هەرێمی کوردستانیان بەرز نرخاند لەبەر ئەوەی ئەو هەموو ئاوارانەی حەواندووەتەوە**

**حەشد بە مەفهومی میلیشیا، یان بەوەی بە تەنیا لە پێکهاتەیەکی تایبەتی بن، مەترسیدارە، واتە ترس هەیە لەوەی کە ئەو حەشدە ببێتە هۆی دەروازەیەک بۆ کینە و تۆڵە و تەعەداکردن**

کە نەمتوانی بچم، زانیارییەکان هەرچۆنێ بن، کەوتنی موسڵ واتای کەمتەرخەمی هێزە ئەمنییەکانە، بەرپرسانی هێزەکانیش نەک تەنیا کەمتەرخەم، بەڵکو تاوانباری سەرەکین.

*** هەر سەبارەت بەوانەی کەمتەرخەم بوون لە کەوتنی موسڵ باس لەوە دەکرێت کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، ئەویش لەم پرسە پشکی شێری بەردەکەوێت، بەتایبەتی کە دەزگای هەواڵگری موسڵ باس لەوە دەکات ئەو عەلی غێدانی لەسەر موسڵ فەرزکردووە؟**

- نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بە حوکمی پێگەی خۆی کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە، ئەو (عەبود قەنبەرو عەلی غێدانی) بۆ موسڵ ناردن، تا ئەوان ئیدارەی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ بکەن، هەڵەی گەورەیان ئەوە بوو لە کاتی شەڕدا فەرماندەی فیرقەی دوویان گۆڕی، ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر کەوتنی موسڵ، پێش کەوتنی موسڵ ئێمە وەك ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ مالیکی کۆبووینەوە، بە فەرمی پێمان ڕاگەیاند کە دۆخی موسڵ زۆر خراپە و پێویستە گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ بکرێت، دوای ئەم کۆبوونەوەیە (باسم تائیی) گۆڕی بە (مەهدی غەڕاوی) کەچی ئەنجامەکە زۆر خراپتر بوو، لەبەر ئەوەی غەڕاوی زۆر دەستی لە کاروبارەکانی ئێمە وەردەدا، بێ ئەوەی لە هیچ دۆسیەیەکی ئەمنی ڕای ئێمە بە هەند وەربگیرێت، دەشیانوت ئێوە هیچ پێوەندیتان بە ئەمنی موسڵەوە نەبێت، کەواتە ئەوان بەرپرسیارن لە کەوتن و نەکەوتنی موسڵ، دوای کەوتنی موسڵیش چووینە لای مالیکی و پێمان وت هۆکارەکە چییە؟ ئەو وتی: هۆکارەکە سیاسییەوە و (ئەسیل نوجێفی) تاوانبارە، من بە نوری مالیکیم وت کە لە نۆی مانگدا خۆم تەلەفۆنم بۆ (عەبود قەنبەر)کردو پێمڕاگەیاند داعش نزیك بوونەتەوە، ئەویش وتی هیچ ئاگام لێیان نییە، دواتر لە ئەنجومەن دەرچووم و چوومە لای بەرپرسی لق و ئێوارەیەکی درەنگ لە موسڵ دەرچووم، بە درێژایی ڕێگەکە یەك پۆلیس و یەك سەرباز چییە لە ناو موسڵ نەمابوون.

*** ماوەیەکە ئامادەکاری بۆ گرتنەوەی موسڵ دەکرێت، ئەو ئامادەکارییانە بە کوێ گەیشتووە و ئایا سەعاتی سفر دیاری نەکراوە؟**

- نەخێر دیاری نەکراوە، ئامادەکارییەکان بۆ گرتنەوەی موسڵ بەردەوامن، ئێمە سەربازگەی پۆلیسمان هەیە، کە بە هەزاران پۆلیسی تێدایە و مووچەی خۆیان وەردەگرن، ئەوانە دەبنە هێزێکی سەرەکی لە گرتنەوەی موسڵ، سەربازگەی حەشدی وەتەنیش هەیە کە لە لایەن بەغدا ئیعترافی پێکراوە و لە هەموو نەتەوەکانە و مووچەی خۆیان وەردەگرن، بڕیار وایە لە پازدە هەزار سەرباز تێنەپەڕێت، گرفت ئەوەیە لەلایەن بەغداوە پشتگیری لەو سەربازگانە ناکرێت، چەك و تەقەمەنی پێویستیان پێنەدراوە و کەمتەرخەمی هەیە لە بەدواداچوون بۆ ئەو سەربازگانە، بەڵام ئەمریکییەکان ئاگایان لێیە و هەرێمی کوردستان پشتگیری ئەو سەربازگانە دەکات و لەم دواییەش تورکیا هاتۆتە سەر خەت، ئەوانیش ڕاهێنەریان هاتووە و ڕەنگە چەکیشیان پێ بدەن، ئەو سەربازگانە دەبنە بناغەیەك بۆ حەرەسی وەتەنی کە بڕیارە لە پەرلەمانەوە یاسای پێ دەربچێت، ئەو هێزە دەبێتە هێزی نێوان پۆلیس و سوپا، لە پێکهاتەکانی موسڵ پێکدێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان گرێدەدرێتەوە بە حکومەتی خۆجێیی موسڵەوە، ئەو هێزە دەبێتە دڵنیایی بۆ خەڵکی ئەم پارێزگایە بۆ گرتنەوەی شوێنە گرنگەکان، تا دڵنیاببنەوە لەوەی ئەوانەی ئەم پارێزگایە دەپارێزن کوڕی ئەم پارێزگایەن.

*** تاچەند مەزەندە دەکەن خەڵکی موسڵ لە ناوەوە لە دژی داعش هەڵوێستیان هەبێت و پێشوازی لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شارەکەیان بکەن؟**

- ئەمە پەیوەستە بەو ڕێککەوتنەی حکومەتی عەبادی لەسەر پێکهێنراوە بەرامبەر پێکهاتەی عەرەبی سوننە، لەبەر ئەوەی چوار پرسی زۆر بنەڕەتی هەن بۆ عەرەبی سوننە کە بریتین لە پیکهێنانی حەرەسی وەتەنی و یاسای لێبووردنی گشتی و هاوسەنگی لە دەزگاکانی دەوڵەت و مەسەلەی حزبی بەعس، تا ئێستا ئەو چوار پێشمەرجە بێئاکام ماوەتەوە، تا ئێستا ئەو چوار بابەتە لە دۆخی ناجێگیردایە و تەشریع نەکراوە لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی چەکدارانی داعش خەڵك لە ناو موسڵ دەکوژن و گوشاریان دەخەنەسەر، بەڵام ناوەوەی موسڵ بەدەگمەن ڕوودەدات کەسانێك دژیان بوەستنەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پێشتر خەڵکی موسڵ لە لایەن قیادەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا زۆر ئازار دراون، هیچ کاتێ هەستیان نەکردووە بۆ پاراستنی ئەوان لەوێن، وەك غەڕاوی وتی ٧٠٪ی خەڵکی موسڵ بە دوژمنی خۆیانیان زانیوە، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵکی موسڵ ئامادەساز نەکراون، بەڵام زۆر زۆر ناڕەحەتیشن لە داعش، چونکە داعش جگە لە کوشتنی خەڵکی موسڵ، بە بەرنامە خەریکی کاولکردنی هەموو شتێکی ناو موسڵیشن.

*** ئەی ئەگەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەرەو**

**گرتنەوەی موسڵ بچن، چی روودەدات؟**

ـ حەشد بە مەفهومی میلیشیا، یان بەوەی بە تەنیا لە پێکهاتەیەکی تایبەتی بن، مەترسیدارە، واتە ترس هەیە لەوەی کە ئەو حەشدە ببێتە هۆی دەروازەیەك بۆ کینە و تۆڵە و تەعەداکردن، خەڵکی موسڵ نیگەرانن لەو بابەتە، لە بری ئەو حەشدە ئێستا حەرەسی وەتەنی هەیە کە هەموویان خەڵکی موسڵن، ئێمە پێمان باشە سوپای عێراقی بەشدار بێت بە فۆرم و مۆرکی دامودەزگاییکراوی سوپای نیشتمانییەوە، جگە لە ئاڵای دەوڵەتی عێراق هیچ ئاڵایەکی تایبەتی بە هێزەکانەوە نەبێت، پێشمەرگەش وەك هێزی ئیسناد بۆ هێزەکانیتر بەشدار بن، ئێستا هێزە چەکدارەکانی داعش لەناو موسڵ لە شەش هەزار کەس تێناپەڕن.

*** تا ئێستا ئەو بەرنامەیەی لە بەردەستتانە، کێ راستەوخۆ بەشداری لە گرتنەوەی موسڵ دەکات؟**

ـ یەکەم سوپای عێراقی سێ فیرقەی خستۆتە مەشقەوە، دووەم ئەمریکا زۆر بە بایەخەوە دەڕوانێت و هاوپەیمانان بەشداری کاریگەریان دەبێت، تورکیاش دەیەوێت بەشداری لۆجستی رێکوپێك بکات، هەروەها لە بەرژەوەندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەشداری بکات لە گرتنەوەی موسڵدا، تا مەترسی تیرۆر لە کوردستان دوور بخرێتەوە، ئەویش بۆ ئیسنادی حەرەسی وەتەنی و هێزەکانی پۆلیس، ئەگەر بزانن پێشمەرگە لە پشتیانە ئەوان بە دڵنیاییەوە دەچنە ناو موسڵەوە.

*** وەك پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا چۆن ئەو هەڵوێستەی هەرێمی کوردستانتان هەڵسەنگاند بۆ هاوکاری خەڵکی موسڵ بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی؟**

ـ هەموو جیهان بە نەوازشەوە هەڵوێستی هەرێمی کوردستانیان بەرز نرخاند لەبەر ئەوەی ئەو هەموو ئاوارانەی حەواندووەتەوە، ئێمەش بە کۆی دەنگ لە ئەنجومەنی پارێزگاوە وەك نوێنەری هەڵبژێردراوی پارێزگای نەینەوا و شاری موسڵ، بە بڕیار سوپاسی خۆمان پێشکەش بە هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد. ئەمەش لە مێژوو تۆمار دەکرێت کە چۆن هەرێمی کوردستان باوەشی کردەوە بۆ عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە لە ناخۆشترین دۆخدا، خەڵکی موسڵ ئەمە لەبیر ناکەن و دەبێتە بناغەیەکی رێکوپێك بۆ پێوەندی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی لە داهاتوودا.

*** ئەی رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پشتیوانیکردنی بۆ خەڵکی موسڵ چی بووە؟**

ـ ئێمە خۆشبەختانە پێش ماوەیەك لە خێمەکەی ئەو لە بەرەکانی جەنگدا بە دیداری شاد بووین، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ بەرزڕاگرتنی پێکەوەژیان، نەیهێشت شەڕی داعش ببێتە شەڕی کورد و عەرەب، بە شەخسی زۆر یارمەتی هەموو پێکهاتەکانی موسڵی دا لە مەسیحی و شەبەك و کاکەیی و ئێزیدییەکان، بە تەوجیهاتی بەڕێزیان هەموو ئۆرگانەکان و دەزگاکانی هەرێم کەوتنە ئامادەباشی بۆ پێشکەشکردنی خزمەت، سەرۆك رایگەیاند ئەوەی تەعەدا لە عەرەبێك بکات، تەعدا لە من دەکات، ئەم هەڵوێستە بە بەرزی نرخێندرا لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبییەوە، لەو کۆبوونەوەی ئێمەدا بەڕێزیان بڕیاری دا کە چیدی نابێت هێزی پێشمەرگە بە تۆپ لە ناو موسڵ بدات، وتیشی ئەگەر ئەمە سەرکەوتنی سەربازی لە پشت بێت، من سەرکەوتنی لەو جۆرەم ناوێت کە هاووڵاتییەکی مەدەنی تێیدا شەهید بکرێت.

*** پاش ئازادکردنی چیای شنگال و نزیکبوونەوە لە ئازادکردنی تەواوی ناو شاری شنگال، دەستبەجێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاندانی گەڕانەوەی ئاوارەکان چەند پرۆژەیەکی هێنایە کار، ئێوە تاچەند هاوکار و هەمانگی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبن؟**

ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو توانا کەمەی لەبەر دەستێتی یارمەتی ئەو دەڤەرانەی داوە بۆ کارپێکردنی موەلیداتی کارەبا و پڕۆژەی ئاوی خاوێنی خواردنەوە، هەوڵیشی داوە کارەبا بگەیەنێت بەو شوێنانە، قەبارەی ئەو زیانانەی بەو ناوچانە کەوتوون زۆرن و توانای حکومەتیش کەمە، بۆیە کێشەی زۆرمان هەیە، بەڵام لە رێی تەرخانکردنی گازوایل و رەوانەکردنی تانکی ئاو حکومەتی هەرێم هاوکارە و ئێمەش وەك حکومەتی خۆجێی موسڵ بە ئیمکانیاتی زۆر سادە بەشدارین، چونکە بودجەی ئێمە نەهاتووە، بە حوکمی ئەوەی شارەکە لە ژێر دەستی داعشە بودجەکە بۆ شوێنی تر تەرخان کراوە، تەنانەت حکومەتی ئیتیحادی حیسابی ئەوەی نەکردووە دوازدە یەکەی ئیداری ئازادکراون و پێویستە لە گەشەپێدانی هەرێمەکان بەشە بوجەی خۆیان بدرێتەوە، هەموو چۆتە ناو دۆسیەی ئاوارە و ٤٠٠ هەزارەکەوە، حکومەت ناتوانێت شتێکی زۆر گەورە بۆ ئەو ناوچانە بکات، بۆیە وەك پێویستی خەڵکەکەی بۆ نەگەڕاوەتەوە، چونکە کارەباو ئاو و خزمەتگوزاری نەبێ، چۆن ژیانی تێدا بکەنەوە، بۆیە کۆبوونەوەمان کرد تا ئەگەر بودجەکەی خۆمان گەیشت بەشێکی بۆ ئەو ناوچانە خەرج بکەین و خزمەتگوزاری بنەڕەتی تێدا بکەینەوە، بەڵام هێشتا هیچمان وەرنەگرتووە.


**پێش کەوتنی موسڵ ئێمە وەك ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ مالیکی کۆبووینەوە، بە فەرمی پێمان راگەیاند کە دۆخی موسڵ زۆر خراپە و پێویستە گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ بکرێت**

**کەوتنی موسڵ واتای کەمتەرخەمی هێزە ئەمنییەکانە، بەرپرسانی هێزەکانیش نەک تەنیا کەمتەرخەم، بەڵکو تاوانباری سەرەکین**

**لێکۆڵینەوە لەگەڵ پارێزگار کراوە و زیاتر لە ٦٠ بەرپرسی ئەمنی و کارگێڕی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە**

# فۆکۆ

## ئەنتۆلۆژیای ئێستاکێ



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

بایەخێکی زیادەڕۆ بە دەقی وەڵامەکەی ئەمانوئێل کانت سەبارەت بە پرسیاری (ڕۆشنگەری چییە؟) دەدرێت، پێش ئەوەی ئەمە ڕوونتر بکەینەوە، با وردەکارییەکانی ئەم تێکستە بهێنینەوە بەرچاومان.

ئەم وەڵامە لە ساڵی ١٧٨٤بەسەر ڕووپەڕی (گۆڤاری بەرلین)ەوە بڵاوکراوەتەوە، بابەتێکی ئەنتۆلۆژی وەها خاڵی نییە لە دەلالەت، وێڕای ئەوەی کە دابەزاندنی تێکستی فەلسەفی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ ئەوکات شتێکی زۆر پەسەند نەبووە، لە ڕاستیدا خستنەڕووی تێکڕای مەسەلەکە بەم شێوەیە ئاماژەیە بە وێستابوونی، یان ڕوونتر بڵێین بریتییە لە هەوێنی ئەو دۆزانەی بەسەر گۆڕەپانەکەدا خۆی دەسەپێنێ.

ئەوەی لەسەر ئەمە جەخت دەکاتەوە تەنیا ڕاستییەکە کە ئەویش کانت ئەو پرسیارەی نەخستۆتەڕوو، بەڵکو ئەمە پرسیارێکە لە پەراوێزی بابەتێکدا دەرکەوتووە کە لەلایەن ڕەبەنێکی پرۆتستانتی لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری بەرلین لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٨٨٣ بڵاوکراوەتەوە، مندلسۆن لە هەمان مانگدا بە وەڵامدانەوەیەك پێشی کەوتووە.

میشیل فۆکۆ ئەم تێکستە وا دەبینێت، سەرەڕای ئەوەی لەدوتوێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (فەلسەفەی مێژوو) بڵاوبۆتەوە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەمە وەڵامدانەوەیەك نییە هاوشێوەی تێکستەکانی تری کە لە هەمان گۆڤاردا بڵاوکراونەتەوە.

مەبەست لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی بەرەو کوێ بچین؟ ڕۆڵی ڕۆشنگەری لە دیاریکردنی داهاتوودا چی دەبێت؟ سروشتی ئەو داهاتووە چییە؟ ئایا نەشونماو پێشکەوتنە بە ئاڕاستەی باشترین؟ یان لێژبوونەوەو تێکشکاندنە؟..

تێکستی (ڕۆشنگەری چییە؟) شرۆڤەیەك نییە بۆ چرکەساتێکی مێژوویی لەو چرکەساتانەی کە ڕۆنانی ڕەوتی مێژووییەکی گشتی پێکدێنن، هەروەها ناچێتە پاڵ بیرکردنەوە لە مێژووییەکی غائیی، بەڵکو وەڵامی پرسیاری ڕۆشنگەری بۆ باری وێستامان چییە، (ڕۆشنگەری چییە؟) لەوەدا کە ئێستاکێمان پێکدێنێ، نەك ئەوەی بۆ دواتر شتێکی لەسەر هەڵبچنرێت، ئەم تێکستە ناچێتەوە سەر ناواخنی فەلسەفەی مێژوو، بەڵکو گەڕانێکی نوێ هەڵدەهێنجێت، کە ئەویش بریتییە لە ئەنتۆلۆژیای ئێستاکێ، یان با بڵێین بریتییە لەو شتەی کە توێژینەوەی فەلسەفی بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ پەلکێش دەکات، ئاڕاستەیەکی تر، ئاڕاستەی مۆدێرنە.

لە پێناوی ئەمەدا، میشێل فۆکۆ بایەخێکی گەورەتر بەم تێکستە دەدات، وێڕای ئەوەی کە زیاتر لە جارێك قسەی لەسەر کردووە، بە تێکستێکی ناوازەشی داناوە، بەوەی بریتییە لە تێکستێکی فەلسەفی لەو تێکستانەی



مۆدێرنەی دامەزراندووە، کە بۆ یەکەمین جار مەسەلەی ئێستاکێی خستۆتەڕوو، لەو بارەیەوە دەپرسێت ئێستا چی ڕوودەدات، ئەو شتە دیاریکراوە چییە لەم چرکەساتەی ئێستادا کە تێیدا دەنووسم، ئەم پرسیارە لە تێڕوانینی فۆکۆوە پرسیارێکە لە مێژووی فەلسەفەدا پێنگاڤیٚ نەچۆتە پێشەوە.

ڕاستە کە گواستنەوەیان بۆ ئێستاکیٚ، بۆ باری وێستاو دۆخی مێژوویی، یان بۆ ئەو مولابەساتەی کە ڕەنگە بایەخدار بێت سەبارەت بە بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە شتێکی نویٚ نییە لە خودی مێژووی فەلسەفەدا، ئەوەی زانراوە کە دیکارت لە بەشی یەکەمی بابەتی نووسینێك لەسەر میتۆد، ئاڕاستەکاری و بڕیارەکانی کە تایبەتمەندن بە خۆیەوە دەگێڕێتەوە، یان ئەوانەی تایبەتمەندن بە خودی فەلسەفە خۆیەوەن، کە باری مێژوویی تێدا بە هەند وەردەگرێت، هەروەها ئەپستیم و زانستیەکەی کە ئێستاکێی پیٚ دەناسرێتەوە، بەڵام ئێمە هەمان وەڵامی ئەو پرسیارەی کانت داویەتیەوە، لە لای دیکارت نادۆزینەوە، کە تایبەتمەندە بەو ئێستایەی ئینتیمای بۆی هەیە، دیکارتێك کە وا ڕاهاتووین بە باوکی فەلسەفەی هاوچەرخ ناوزەدی بکەین، کەمتەرخەمبووە لە گەڕانەوەیدا بۆ ئێستای مێژوویی، بۆ توێژینەوەش ئەمە ئەرکێکە تا وەڵامی ئەو پرسیارە دەستنیشان بکات، چونکە پێوەندیدار نییە بە پرسیاری ئەوەی لەم ئێستاکێیەدا چ شتێك سەبارەت بە فکری فەلسەفەی ماف دەلالەتبەخشە.

دیاریکردنی ڕۆشنگەری بەوەی هاتنەدەرەوەی مرۆڤ بێت لەو کەمتەرخەمییانەی بە هۆیانەوە زاتی خۆی بۆی بگەڕێتەوە، یان ئەوەی بۆ ساغ نەکرێتەوە کە بۆچی مرۆڤ بە بیٚ سەرۆکایەتیکردنێك لەلایەن ئەوانی ترەوە لە شتەکان تێناگات، یان دیاریکردنی ڕۆشنگەری بەوەی دەرچوون بێت لە سەرپەرشتیاریکردنی لە لایەنی ئەویدیەوە، یان بەوەی بڕیاردانیٚ بێت بە ئەتۆنۆمیای مرۆڤ و سەربەخۆبوونی زاتیی، یان جەخت کردنەوەیە بێت بەوەی مرۆڤ بووەتە زاتێکی سەربەخۆ، یان لەدایك بوونی مرۆڤە بە نیسبەت زاتیەوە، لەدایك بوونی مرۆڤ وەك زاتێکی ئەکتیڤ و وەك کۆجیتۆیەکی مێژوویی.. کەواتە ئەم شتە پێوەندی نییە بە توێتوێکردنی ئێستاکیٚ لە پێوەندیکردنیەوە بە ڕابردوو، یان بە داهاتوو، بەو شێوەیەش لە ڕۆشنگەری ناڕواندرێت بەوەی بریتیی بێت لە بزاڤێکی مێژوویی، بەڵکو بەو شێوەیە دەبیندرێت کە شێوەیەکی تازەبێت بۆ دیاریکردنی پێوەندی مرۆڤ بە زات و باری ئێستاکێی خۆیەوە، وەك ئەوەی داینەمۆی کۆجیتۆی مێژوویی، یان ڕۆشنگەری فەلسەفەیی بێت.

---

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات

# سەعید نوورسی؟ یان نەوڕەسی؟ یان نەورۆزی؟



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ئەمساڵ (٥٥)ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی، ناســراو بە سەعیدی نوورسی تێپەڕ دەبێت، کە لە رۆژی ٢٣ ی ئاداری ســاڵی ١٩٦٠ دا، کۆچی دوایی کرد.

لەم بۆنەیەدا پێم باش بوو ئەم مانشــێتەی ســەرەوە وەك پرسیار بخەمە ڕوو بۆ ساغکردنەوەی راستی و دروستییەکەی لەلایەن لێکۆڵەرو پســپۆڕانی ئەو بوارەوە، بەتایبەت لەوانەیە بەشێك لە شایەدحاڵەکانی ئەو سەردەمە لە ژیاندا مابن.

ئــەوەی زانراوە لای زۆربەمان ئەوەیە کە ئەو ماوەیەی دەکەوێتە دوای نیسانی ساڵی ١٩٠٩وە، هەتا کۆتایی هێنان بە دەوڵەتی عوســمانی و دامەزراندنی تورکیای نوێ، ماوەیەکە کە بەناو لەسەر دەوڵەتی عوسمانیی ژمێردراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ماوەی فەرمانڕەوایی کۆمەڵەی ئیتیحــاد و تەرەقیی تورکە توندڕەوە نەتەوەییەکانە کە تیایدا زۆرێك لە کەلتوور و ناســنامەی نەتەوە غەیرە تورکەکانیان سڕیوەتەوە.

ئیتیحادییــەکان لــە نیســانی ســاڵی ١٩٠٩دا ســوڵتان عەبدولحەمیدیــان لاداو، ئەحکامــی عورفییــان راگەیاندو، دادگای سەربازییان پێکهێنا بۆ دادگاییکردنی نەیارەکانیان، کە یەکێکیان بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی بوو.

هەرچەندە ئیتیحادییەکان دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدیان لادا، یاســای چاپەمەنییەکانی ســاڵی ١٩٠٩یــان داناو، لە سەرەتادا ئازادییەکی باشیان بە رۆشنبیران و نووسەران دا، بەڵام دواتر بەهۆی چوار هەموارکردنــەوەی زۆر توندەوە، بوونەوە بە دەسەڵاتێکی ســەرکوتکار دژ بە کەلتوور و ناسنامەی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی نێو تورکیای ئەوسا.

هەموارکردنەوەی یەکەم لە ٩ی ئاداری ١٩١٠، هەموارکردنەوەی دووەم لە ٢ی ئابی ١٩١١، هەموارکردنەوەی ســێیەم لە ساڵی ١٩١٢، هەموارکردنەوەی چوارەم لە ئابی ١٩١٤،

بڕوانــە (الدكتور مليح صالح شــكر «تاريخ الصحافة العراقية في العهدين الملكي والجمهوري»، بيروت ٢٠١٠ ، الدار العربية للموسوعات).

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە بوو کە کاتێك ئیتیحادییەکان لە نیسانی ساڵی ١٩٠٩دا سوڵتان عەبدولحەمیدیان لادا، زۆر گۆڕانکاریی کەلتوورییان بە نەفەســی شۆڤێنییانەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەی تورکــدا ئەنجام داوە، لەوانە گۆڕینی ناوە کوردییەکانی زۆرێك لە شوێنەکانی کوردســتانی باکوور، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا لە چوارچێوەی سیاسەتی کرانەوەی دیموکراتیدا ناوی هەندێك لەو شــوێنانە گۆڕاونەتەوە بۆ ناوە پێشووەکانیان، لەوانەش ئەو گوندەی کە مامۆستا بەدیعوززەمانی تێدا لەدایکبوو، ناوەکەی کرابووە گوندی (کەبیرلی)هەتا لە ســاڵی ٢٠١٢دا کرایەوە بە (نورس). بەڵام ئەوەی سەرنجی منی راکێشا ئەو زانیارییە بوو کە لە کتێبێکی تایبەت بە ژیاننامەی مامۆستا بەدیعوززەماندا هاتووە بەزمانی عەرەبی کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی:

بديع الزمان سعيد النورسي
(١٢٩٤/١٣٧٩هـ — ١٨٧٧/١٩٦٠م)
وأثره في الفكر والدعوة
تأليف: حسن عبدالرحمن بكير
المبحث الأول: المرحلة الأولى من حياته
الفصل الأول: حياة بديع الزمان سعيد النورسي

ولد ســعيد النورسي سنة ١٢٩٤هـ الموافقة لسنة ١٨٧٧ميلادية في قريــة نورس[1]، التابعة لولاية (بتليس) الواقعة في شــرق الاناضول بكردستان تركيا . (ص ٣٩).

واتە: (ســعید نورسی لەساڵی ١٢٩٤ ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی١٨٧٧ ی زایینی لە گوندی (نورس)ی سەر بە ویلایەتی بەتلیسی رۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیا لەدایك بووە). (لاپەڕە ٣٩).

لەخوارەوەی ئەم لاپەڕەیەدا لە پەراوێزدا وشەی نورس شیدەکاتەوەو نووسیویەتی:

(١) أصلهــا من كلمة (نوروز) ، وهو عيد الربيع لدى الأكراد ، وقد حرفت هذه الكلمة إلى(نورس) في أواخر الدولة العثمانية.

(انظــر: عبد القادر بادللي: ـ بديع الزمان ســعيد النورســي . ٥٨٣/١)(م . أ).

واتە: (بنەڕەتی وشەی نورس دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (نەورۆز) کە جەژنی بەهارە لای کوردان، وشەی نەورۆز تەحریف کراوە بۆ نورس لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا).

سەرچاوەی ئەم قسەیەشی بریتییە لەم سەرچاوەیە:

(انظــر: عبد القادر بادللي: ـ بديع الزمان ســعيد النورســي . ٥٨٣/١)(م . أ).

لێرەوە بە پشتبەســتن بەم ســەرچاوەیە، جێگــەی خۆیەتی کە لێکۆڵەرانی کورد لە راســتیی و دروستیی ئەم زانیارییە وردتر بکۆڵنەوە، بە مەبەستی گێڕانەوەی نازناو و ناوی راستەقینە بۆ خوالێخۆشبوو بەدیعوززەمان و گوندەکەی.

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

بەشی هەشتەم



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

لە پێشەوە ئەوەمان درکاند کە ئیسلام لە سەر سێ پایە خۆی راگرتووە، تا بتوانێ وەك ئایین خۆی ئاشکرا بکات. شیکاریکردن بۆ ئەم سێ پایەیە وامان لێدەکات کە بتوانین ئیسلام وەك دیاردەیەك بەرجەستە بکەین. هەوڵماندا پایەی یەکەم بناسین کە شیکردنەوەی چەمکی خودا بوو. لێرەدا دەکۆشین چەمکی پەیامبەرێتی بناسێنین و پاشان محەمەدی پەیامبەر وەك مرۆڤێ ئاشکرا بکەین. بەهەرحاڵ کاتێ ئێمە بمانەوێ لە ئایین بدوێین و بیناسین، لە کۆتاییدا مرۆڤە دەیناسین، چونکە هەر مرۆڤە خودایەك لە وێنەی خۆی و پەیامبەرێ بە خواستی خۆی دائەتاشێت. هەر چەندە ئەم بۆچوونە بانگەشەی ئەوە ناکات کە خودا و پەیامبەرێتی رەتبکاتەوە، نەخێر مەبەستەکە ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر پەیامبەرێ خودایەکیش بە هەقیقی ناردبێتی، ئەوەندەی پێوە دەنێت، ئەو مرۆڤە نوێنەرە لە بیر ئەچێتەوە و مرۆڤێکی خەیاڵی و دوور لە راستی دەردەخرێت، کە رەنگە خودا خۆیشی ئەوەی نەویستبێت.

## • پەیامبەرێتی

ئێمە لە پێشەوە تیشکمان خستە سەر چەمکی خودا، ئەو چەمکەی مرۆڤ خۆی وەسفی بۆ داناوە، لە هەمانکات مرۆڤ باوەڕی بەوەش هێناوە کە ئەو خودایە دەبێت نوێنەریشی هەبێت. نوێنەرەکەی لە مێژووی ئایینی ئیبراهیمیدا، ناوی پەیامهێنەر یاخود پەیامبەری وەرگرتووە. پەیامبەرێتی، چونکە ببووە نەریت و کەلتوورێك، باوەڕپێکردنی هێندە پەیوەندی بە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و ئایدیۆلۆژیای باو و رەوتی مێژووەوە بووە، هێندە پەیوەندی بە بەڵگە و سەلماندن و زانستەوە نەبووە. واتە باوەڕکردن بە پەیامبەرێك پێشوەخت خۆی لەسەر متمانە بەو کەسەوە راگرتووە کە خۆی وەك پەیامبەر ناساندووە، ئەم بۆچوونە پتر روون دەبێتەوە لەو کاتەی کە دەچینە ناو ژیانی پەیامبەر محەمەدەوە. بە مانایەکی تر، مرۆڤ دەمێك بوو گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە هەندێ کەس دەگەنە ئەو ئاستەی بتوانن پەیامی خودا بۆ مرۆڤ بهێنن و ببنە ئەڵقەی گەیەنەری نێوان خودا و مرۆڤ، ئەمە

**ئەو مرۆڤەی کە خۆی پەیامبەرە و پەیامەکەشی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤە، کەچی مرۆڤی ئیمرۆکە کە خۆی بە شوێنکەووتوی ئەو پەیامبەرە دەزانێت، دۆخی مرۆڤبوونی ئەو مرۆڤەی فەرامۆش کردووە و بە ئەفسوناویکردنی ئەو نەبێت، ناحەوێتەوە**

**مرۆڤ کائینێکی سەیرە لە نەبوو شت دروست دەکات و لە هەبووش نەبوویەک دەخوڵقێنێت. ئەم کاراکتەرەی مرۆڤ بەتایبەتی لە کەش و هەوایەکی ئایینیدا پتر خۆی دەردەخات**

**عارف، یان پەیامبەر، ئەو هەقیقەتەی دەرکی پێدەکات، تا نەیگەیەنێت ئۆقرە ناگرێت، چونکە ژیان لای ئەوان یەکسانە بەو درکاندنە**

نەریتێـــك بووە کە لە ناو زۆربەی کۆمەڵگە و ژیارییەکاندا باو بووە و وەك ئایدیۆلۆژیایەك کاریگەری خۆی بەســـەر خەڵکیدا بووە. لەبەر ئەوە بووە کاتێ کەســێ بانگەشـــەی پەیامبەرێتی کردبێت، کەس لەوەی نەکۆڵیوەتەوە ئاخۆ خودا پەیامبەر دەنێرێ، یان نا، پرســـیاری ئەوان ئەوە بووە ئاخۆ ئەو کەسە راســـتە نوێنەری خودایە، یان نا! واتە گومانی ئـــەوان لە دیاردەی پەیامبەرێتی نەبـــووە، بەڵکو گومانی ئەوان لەو کەســـە بووە کە راستگۆیە، یان ساختەچییە. ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە پەیامبەران کەسانی ساختە و درۆزن بووبێتن، نەخێر مەبەستەکە ئەوەیە کە مرۆڤ وێڵی ئەوەیە کە هەقیقەتی ئەم بوونە بزانێت و مەبەست ومەرامی بوونـــی خۆی لەم گۆی زەوییەدا بدۆزێتەوە. ئەم خولیایە، مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوەی رێبازێکی ژیان دامەزرێنێت کە هەندێجـــار پەیامبەر و هەندێجاریش فەیلەســـووف بەرهەم دەهێنێت. ئەو کاتەی کە پەیامبەرێ ئایینێك دادەمەزرێنی و سەدان ساڵ خەلکی لەسەر گۆش دەکرێ و کەلتووری بۆ کۆمەڵگەیەك رەنگ دەڕێژێ، ئیدی ئاســـان نییە تەنانەت فەیلەســـووفەکانی ئەو کۆمەڵگەیەش لە نەریتی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، دەرباز ببن.

هەروەك چۆن لە ســـەرەتاوە هەوڵماندا چەمکی دەرکەوتنی خـــودا بخەینە ناو مێژوو و لەوێوە بیخوێنینەوە، لێرەشـــەدا دەکۆشـــین، پەیامبەر محەمەد وەك مرۆڤێکی ئاســـایی و سروشـــتی لە نێوەندی ئەو هەمکە داتاشراوانەدا کە بۆی دانـــراوە، جارێکیتر بناســـینەوە. پێش ئـــەوەی بچینە ناو وردەکاریی ژیان و ســـەردەم و دەوروبـــەری ئەو پەیامبەرە، دەتوانین محەمەد لە ســـێ دۆخی گـــۆڕاودا ببینینەوە، ئەوانیش:

دۆخـــی یەکەم: لەســـەرەتادا محەمـــەد وەك خودێك دێتە بەرچاومان کە بە شـــێنەیی هوشیار دەبێتەوە. ئەو خودەی هوشیار دەبێتەوە، رۆحێکی شەیدایە، دەگەڕێ و بێ ئۆقرەیە، ناحەوێتەوە تا زەمەنێك دەخولقێنێ و وەرچەرخانێکی مێژوویی وەدیدێنێ. لە چی هوشـــیار دەبێتەوە؟ لە رابوردوویەك کە ئەوی خولقانـــدووە، وەلێ ئێســـتە دەیەوێت خۆی، خۆی بخولقێنێتەوە. واتە ئاڕاســـتەی ئەو مێژووە دەگۆڕێت، کە خۆی تیـــا خولقابوو، هەروەك خۆی ســـەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە، نەوەیەکی نوێش بە دوای خۆیدا لە دایك دەهێنێت و نەتەوەیەکیـــش پێکدەهێنێت. ئەو لەســـەرەتادا لە خۆیەوە دەســـتپێدەکات، دەستکاری نەستی خۆی دەکات، چەمکی خوایەتی بە ئاڕاســـتەیەکی تردا دەبـــات. بۆیە ئەو دەبێتە سێ بەشی جیاواز و ململانێی لەناو خۆی و لەتەك خۆیدا سەرهەڵدەدات: یەکەم: کەسێکە بەشێکی لە رابوردوودا دەژی، دووەم: کەســـێکە لە حاڵەتی هوشـــیاربوونەوەدایە و سێیەم: کەســـێکە دەبێت خۆی بگونجێنێت. دەشێت ئەم دۆخە ناو بنێین: «ئەنتی باوان». کەواتە هوشیاربوونەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە، کە تێکۆشـــانێکی دەروونی و ئەشقێکی رۆحی بەردەوام دەخوازێت و خۆناسین لەو پرۆسەیەدا دێتە ئەنجام. بە پێـــوەری هەندێ لە بیرمەندان، مرۆڤی لەم چەشـــنە، شۆڕشگێرە.

دۆخـــی دووەم: ئەو ململانێ دەروونـــی و رۆحییەی لەو پەیامبەرەدا روویدا و خۆی خۆی یەکلاکردەوە، دەکۆشـــێت ئـــەو دەرەنجامەی وەریگرتووە و ئـــەو یەقین و دڵنیاییەی بەدەســـتیهێناوە، بۆ دەرەوەی خـــۆی بگوێزێتەوە، واتە ئەو ململانێیـــە لە تاکەوە بۆ کۆمەڵگە بـــڕوات، لە دۆخێکی سایکۆلۆژییەوە بۆ دۆخێکی سۆسیۆلۆژی بەرێت. هەروەك پەیامبەر ناســـنامەیەکی بۆ خـــۆی دامەزراند، دەیەوێت، ناسنامەیەکی نوێ بۆ گەلەکەی وەدیبهێنێت. عارف، یان پەیامبەر، ئەو هەقیقەتەی دەرکی پێدەکات، تا نەیگەیەنێت ئۆقـــرە ناگرێـــت، چونکە ژیان لای ئەوان یەکســـانە بەو درکاندنە. کاتێ ئەو پەیامبەرە لە دۆخی یەکەمی خۆی، بـــۆ دۆخی دووەمی خـــۆی، داوای رێگەدانی لە خودی خـــۆی کرد، تا ئەوکاتـــەش لە دۆخێکی ســـایکۆلۆژیدا بووە، وەلێ لە دۆخی سۆســـیۆلۆژیدا، داوای رێگەدان لە گەلەکەی دەکات، تا بە ئازادی بیروباوەڕی هەنوکەی خۆی ئاشکرا بکات، هەروەك خۆی لەو رابردووەی دروستیکردوە هوشیار بۆتەوە، دەیەوێت نەتەوەکەشی لەو رابردووە هوشیار بکاتەوە، هەروەك خۆی کەوتە ململانێوە لەگەڵ خۆیدا، ئەو هوشـــیاربوونەوەیە، دیسانەوە ئەوی خستە ململانێوە لەتەك نەتەوەکەیدا، بگرە نەتەوەکەشی بوونە دوو بەشی جیاواز و ململانێکردن لە تەك خۆیاندا. دەرەنجام دەستوورێکی رۆحی وەك قورئان لەو ململانێیەدا وەدەرکەوت، کە توانی نەتەوەی عەرەب یەکبخات و کاریگەری بۆ سەر نەتەوەکانی تریش بنێریت.

دۆخی سێیەم: سەرهەڵدانی ئیسلام و پتەوبوونی، ئایینەکان و نەتەوەکانیلتـــری دەوروبەری نیوەدوورگەی عەرەبیشـــی خرۆشـــاند. ململانێی خستە ناو ئەوانیشـــەوە، هەندێك بە پشتگیری و کاریگەری ئیسلام بەسەریانەوە و هەندێکیش بە دژایەتیکردنی ئیســـلام کە وەك مەترســـییەك بۆ سەر دەســـەڵات و بەرژەوەندی ئەوان دەرکەوتبێت، دەجووڵانەوە. هەروەك چۆن رێکخراوێکی نوێ کە سەرهەڵدەدات، دەبێتە رکابەری رێکخراوێکیتر، کە لە ئارادایە، ئاوها ئیسلامیش دەبێتـــە ئەو رێکخـــراوە جیهانیەی، یان ئـــەو ئایینەی کە دەبێتە رکابەری ئایینەکانیتری ئەو سەردەمە. واتە ئایین و مەزهەبەکانیتریش دەکەونە خۆیان و خۆیان نوێ دەکەنەوە. لە دۆخی یەکەمدا محەمەد بە خۆیەوە خەریکە و لە دۆخی دووەمدا محەمەد نەتەوەی عـــەرەب ئاگادار دەکاتەوە، لە دۆخی سێیەمدا محەمەد پێشەوایەتی نەتەوەکەی دەکات، تا پەیامی خۆی بە گەلانی تریش بگەیەنێت.

ئەم ســـێ دۆخەی پەیامبەر محەمەد زیاتر روون دەبێتەوە

کاتێ بە ئاسـۆی ژیانی ئەودا گوزەردەکەین و بە ستوونی بە دەروونی ئەودا شـۆڕ دەبینەوە، تا وەك گشت مرۆڤێ، ئەویـش لە نێوەندی مرۆڤەکاندا بدۆزینەوە. واتە دەمانەوێ بزانیـن محەمەد وەك مرۆڤ کێیە کە بەو سـێ دۆخەدا تێپەڕیوە.

**● محەمەد وەك پەیامبەر**

مرۆڤ کائینێکی سـەیرە لە نەبوو شت دروست دەکات و لە هەبووش نەبوویەك دەخوڵقێنێت. ئەم کاراکتەرەی مرۆڤ بەتایبەتـی لە کـەش و هەوایەکی ئایینیـدا پتر خۆی دەردەخات. یەکێـك لە هۆکارە مەزنەکانی ئەم کاراکتەرەی مرۆڤ، بۆ ئـەو خەیاڵئامێزییەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە ئەگـەر ئەم جیهانە، جیهانێکی ئەفسـووناوی نەبێت، ئەوە ئارام ناگرێ و ئۆقرەی لێدەبڕێت و ناحەوێتەوە. ئەو جیهانە ئەفسـووناوییەش لە ڕێگەی خەیاڵـی ئایینییەوە نەبێت، ناخوڵقێت.

لە سۆنگەی ئەم بۆچوونەوە لە مرۆڤێك دەڕوانین کە هێندە ئەفسـووناوی کراوە، بەرگی مرۆڤبوونی لێداماڵدراوە. بەو شێوەیەی کە بەسـەرهات و ژیانی ئەو مرۆڤە دەگێڕنەوە، لـە لایەکەوە، یان ئەوەتا وەك ڕۆبۆتێـك دێتە بەرچاومان، یان ئەوەتا هێندە هێز و ویسـتی بەهێزە کە دەشـێ ئەو بۆ خۆی خودایەك بێت، هەرگیز هەست ناکەین کە ئەو مرۆڤە، مرۆڤێك بوو بێت لەسـەر ئەم زەوییە ژیابێت. ئەو مرۆڤەی کە خۆی پەیامبەرە و پەیامەکەشـی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤـە، کەچی مرۆڤی ئیمڕۆکـە کە خۆی بە شوێنکەووتوی ئەو پەیامبەرە دەزانێت، دۆخی مرۆڤبوونی ئەو مرۆڤەی فەرامۆش کردووە و بە ئەفسوناویکردنی ئەو نەبێت، ناحەوێتەوە.

پەیامبەر محەمەد کە قورئان پەیامەکەیەتی، بە دوو دیودا ناوی محەمەد دەبات: یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو وەك گشت مرۆڤەکانی دی، مرۆڤێکە و فرمانەکەشی پەیامبەرێتییە وەك گشـت ئەو زنجیـرە مرۆڤانەی تر کە بـە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتـی وەك پەیامبەرێ دەرکەوتوون. کاتێ بەسـەرهات و ژیانی محەمەد دەخوێنیتەوە و لەو سەردەم و دەوروبـەرەی ئەوی تێدا ژیاوە، ورد دەبیتەوە، دەبینی لەو سـەردەمەدا وەك مرۆڤێ بینراوە، وەك مرۆڤێکی ئاسـایی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بە ئاسـانی ڕەخنەی لێگیراوە و بەبێ گرفت هەڵەکانی بەرچـاو خراون. کەچی ئیمڕۆکە ناوهێنانی تەنانەت وەك مرۆڤیش قەدەغە کراوە، جا چ جای ڕەخنەی لێبگیرێ، یاخود هەڵەیەکی ئاشـکرا بکرێ. ئەو کەسانەش کە ڕەخنە لەو مرۆڤە دەگرن، هەر بەهەمان چاوی ئەفسوناوی لێی دەڕوانن، بۆ ئەو ڕەخنەگرانە سەختە باوەڕ بکەن کە پەیامبەر بیت و هەڵە بکەی، بۆ ئەوان گرفتە کە پەیامبەر بیت و لە ژێر کاریگەری کەلتووری سـەردەمی خۆیدا بێت، بۆ ئەوان سـەیر و سەمەرەیە پەیامبەر بیت و فرە ژن بیت، پەیامبەر بیت و تۆڵە سەن بیت، پەیامبەر بیت و حەز لە هەندێ شـتی ئەم دنیایە بکەی، واتە پەیامبەر لای ڕەخنەگرانیش مرۆڤێکە دەبێت سـوپەر نەیچەر بێت و لە تەوری مرۆڤبوونی خۆی هاتبێتە دەرەوە، ئەوکات ددانی خێری پێدا دەنێن. کەواتە کێشـەی ئێمە تەنها ئەوە نییە کە شوێنکەوتووانی ئەو پەیامبەرە، محەمەد وەك ئەفسانەیەك دەبینن، بەڵکو نەیارەکانیشی کە قایل نین بەو، لەبەر ئەوەیە کە دەڵێن چۆن پەیامبەر دەبێت وابێت.

ئـەم خەیاڵئامێزییە هەر تەنها موسـڵمانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو مرۆڤی بە گشتی گرتۆتەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئەوە کاراکتەرێکی مرۆڤی پێش ئیسلامیش بووە و پاشان بۆ جیهانی ئیسـلامیش گوێزراوەتەوە. واتە ئەو مرۆڤەی پێش ئەوەی موسـڵمان بێت، هەڵگری ئەو سروشتە بووە، کاتێ دەبێتە موسـڵمان، هەمان کاراکتەری ئایینی خۆی لە گەڵ خۆیدا دەباتە ناو ئیسلامیشـەوە. هەمیشـە بە ئەفسـانەکردنی مرۆڤ و دیاردەکان لە سەردەسـتی ئەو مرۆڤانەدا تـۆخ دەکرێنەوە کە دەکەونە سـەردەمی پاش دەرکەوتنـی مرۆڤی ئەفسـانەدار، واتە لـە ناو نەوەی پاش نەوەی هاوسـەردەمی پەیامبەر یان هەر مرۆڤێکی تر بێت، سـەرهەڵدەدات. دیارە لەبەرچاو نەبوونی مرۆڤی ئەفسـانەدار کاریگـەری زیاترە بۆ بە ئەفسـانەکردنی مرۆڤی نادیار، ئەوەش هەر راسـت دەردەچێت کە ڕەنگە کەسـانی نزیکی ئەو مرۆڤە ئەفسانەدارانە واقیعیتر ئەو مرۆڤە دەبینن بە بەراورد لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە دوورن لە کەسە ئەفسـانەدارەکەوە. ئەگەر ئەوانە هاوسەردەمیش بن، بەڵام چونکە دوورن لەو مرۆڤەوە، هەمان هەڵوێسـتی بە ئەفسانەکردن دەنوێنن.

لێرەوە هەندێ شـیکاری زیاتر بۆ ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکەین. بڕوانن ئەو گۆڕەپانەی کە قورئانی تێدا دەرکەوتووە و ئـەو کۆمەڵگەیەی کە قورئانی بـۆ هاتووە، چەند بە جوانـی و روونی ئەو کاراکتەرەی دەرخسـتووە. ئێمە لە دەمی هیچ کەسەوە ئەوە ناگێڕینەوە، بەڵکو قورئان خۆی ئاشـکرای کردووە. لێرەدا تەنها دوو نموونە دەهێنینەوە تا بۆچوونەکەمان پشتڕاست بکەینەوە. ئەوکاتەی عەرەبەکان لـە مەککە دژ بە محەمەد وەسـتابوونەوە، دوو هۆکاری سـەرەکییان بـە بیانوو وەرگرتبـوو، ئەوانیـش: یەکەم موعجیزەیەکی تایبەتی بەدی ناکەن لە محەمەدا و دووەم تێناگەن لەوەی چۆن دەبێـت قورئان کەلامی خودا بێت، چونکی هـەم قورئان و هەمیش محەمەد ئەفسـانەدار نەکـراون، بەڵکو بە ئاسـایی و سروشـتییانە هاتبوونە بەردەسـتیان. وەك لە پێشەوە روونمان کردەوە، ئەم نەوەیەی کە هاوسـەردەمی محەمەدن، لـە باوانیانەوە وا فێر بوون کە پەیامبەر وەك مرۆڤی ئاسـایی نەبینن. لە بەشەکانی داهاتوودا، ئەم بۆچوونە وردتر دەکەینەوە.

**هوشیاربوونەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە، کە تێکۆشانێکی دەروونی و ئەشقێکی ڕۆحی بەردەوام دەخوازێت و خۆناسین لەو پرۆسەیەدا دێتە ئەنجام. بە پێوەری هەندێ لە بیرمەندان، مرۆڤی لەم چەشنە، شۆڕشگێڕە**

**مرۆڤ ئەگەر پەیامبەرێ خودایەکیش بە هەقیقی ناردبێتی، ئەوەندەی پێوە دەنێت، ئەو مرۆڤە نوێنەرە لە بیر ئەچێتەوە و مرۆڤێکی خەیاڵی و دوور لە راستی دەردەخرێت، کە ڕەنگە خودا خۆیشی ئەوەی نەویستبێت**